# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان ڕەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولڕەحمان - زریان محەمەد


2015

بەرگی دووەم

دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# جۆن ستیوارت میل

وەرگێڕانی
کۆمەڵێك نووسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نووسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولڕەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (74)

# جۆن ستیوارت میلی سەوز پۆش

وەرگێرانی بە دەستکارییەوە:

ئیبراهیم حاجی زەڵمی

لە توێژینەوە بەناوبانگەکەیدا (سروشت Nature) میل کە تێگەیشتنی ئینسانی ئەو سەبارەت بە سروشت تیادا کۆبووەتەوە، کە دەربڕی کۆمەڵێک پابەندی جەوهەریە، بە شێوازێک کە پێی سانایە بانگەواز بۆ دەستوەردانی مرۆڤ بۆ سروشت بکات، ئەوەش لەپێناوی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ و دواجار کەمکردنەوەی ترس و زیانەکانی سروشتە لەسەر مرۆڤ. لەو نوسینەیدا پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەوەستێنێتەوە کە پێیوایە «سروشت بۆخۆی توانای ڕەنگرێژکەری بەهاکان دەکات و ڕێبەری ئەخلاقی مرۆڤە»، بە بەڵگەی سەرچاوەبوونی سروشت بۆ کۆمەڵێک لە زیانە گەورە و مێژووییەکان، کە مرۆڤ پێوەی تووش بووە، هەرگیز نابێت مرۆڤ ملکەچی شتێک بێت، کە وەک دوژمنێک زۆرجار ڕەفتاری لەگەڵدا دەکات.! بۆیە مرۆڤ دەبێت خۆی داڕێژەری ئینیکی خۆی بێت بە ئەخلاقیاتی ئینسانی خۆی ئەخلاقی بکات.

بۆیە زۆریک لە توێژەران ئەم راو بۆچوونەی میل بە هەڵوێستێکی پێچەوانە لەگەڵ خودی بیرکردنەوە و تێگەیشتنە ئەخلاقیانەکەی بۆ گەردون و مرۆڤ وەسفدەکەن. هەرچەند لە نوسینەکانی تریدا را و بۆچوونی ئەرێنی جوانی بەرامبەر سروشت و پەیوەندیگرتنی مرۆڤ بە سروشتەوە خستوەتەڕوو، کە سروشت وەک ئەفرێنەرێک و پەروەدەکارێکی مرۆڤ و سروش بەخشی هونەرو سۆزو ئینیک پێناسی دەکات. یەکێک لەو شتانەی کە میلی پێناسرابوو بریتی بوو لەوەی کەهەردەم حەزی لە گەڕان و پیاسە بوو، تەنانەت لەکاتی وانەوتنەوە و خوێندنەوەدا جوڵەو گەڕانی نێو

باخچە و شوێنە سروشتیە جوانەکانی تێکەڵ بە گفتوگۆو لێدوانەکانی دەکرد. تەنانەت سروشت و تەماشای و تێکەڵی ئەو بە هۆکارێکی باش و چارەسەر دەزانرێت، لەکاتی نەخۆشکەوتنی و تێکچوونی باری دەروونیدا بە تایبەتی کاتێک کە ڕووبەرووی ڕاڕایی کردبوویەوە.

کاتێک کە ستیوارت میل پەیوەستبوونێکی تەواو و رۆحی لەگەڵ شیعرو شیعری شاعیرانی رۆمانسی وەک ولیام وردزوس–William Wrdswoth) و سامویێل تایلۆر کلۆردج– Samuel Taylor Coleridge هەبوو، شوێنەوارێکی قووڵ و بەردەوامیان لەسەر جێهێشتبوو، بەشێوازێک خۆی هەستی بەو رۆڵە ئەرێنییەی دەکرد کە ژینگە و سروشت دەیگێڕن بۆ هێنانی خۆشی و ئاسودەیی دڵان، بە تایبەت شیعری رۆمانسی کە دانەکانی سروشت و جوانییەکانی بەشداری داڕشتنی دەکەن، لێرەوە هەستیاری میل دەردەکەوێت لە چێژوەرگرتنی بەردەوامی لە خوێندنەوەی ئەو شیعرانە، بیرکردنەوە و کاریگەربوونی بە سروشت و دانەکانی سروشت لە بیرو ئەندێشە و ئێرامانەکانی، دواجار رەنگدانەوەی لەسەر کارە فەلسەفییەکانی دەبێت.

میل توانیویەتی لە بیروڕاکانیدا مەزندەیەکی ئەقڵانی و ورد بکات، سەبارەت بە نێوەندگیری مرۆڤ و ژینگە، چونکە میل لایەنگیری ئەو ئابوریناس و زانایەنە ناکات کە بیروڕای تایبەتییان بە خۆهەڵنەقورتان و دەستێوەرنەدانی مرۆڤ سەبارەت بە ژینگە و سروشت هەیە و پێیانوایە پرەنسیپی (وازی لێبێنە با باش برواتt و باکاری خۆی بە خۆرسکی بکات) بۆ ژینگە و سروشت پێویستە جێبەجێبکرێت، چونکە داڕێژەرانی ئەو پرەنسیپە پێیانوایە کە ئەوە دەستوەردانی مرۆڤە لە کاروباری سروشت، کە وایکردوە ژینگە بەرەو نائارامی بڕوات و ژینگە و سروشت بەرەو پیسبوون دەبات، کە تیایدا مرۆڤ واتای چاوچنۆکی بۆخۆی دادەبڕێت و ئیتر کۆششێکی جوان و نەخشین لای سروشت بۆ هەمووان دەستەبەر نابێت. لە هەمانکاتیشدا میل

بەتوندی دژبوون و نەیاری خۆی بۆ ئەوانەش دەخاتە ڕوو، کە ناوەندگیری تەنها بۆ مرۆڤ دەکەن و سەرداری و خودایی دەدەنە دەست مرۆڤەوە، بەبێ گوێدانە بابەتەکانی سروشت و رامکردنی ژینگە و سروشت هەردەم لە هەگبەیانە، لەپێناو بەرژەوەندی و قازانجدا پێ بەسەر هەموو شتەکانی جیهاندا دەنێن و بیرێک بۆ پاشەرۆژی ژینگە و سروشت لە خەیاڵدانیاندا نییە.

بۆیە میل بۆخۆی رێبازێکی نوێی داڕشتووە سەبارەت بە ژینگە، کە هاوسەنگی هەردوو ئاراسنەکەی تێدا جەمکردووە، کە هەڵوێسنێکی ناوەندگیرە لەنێوان جۆن لۆک کە پێیوایە سروشت تەنها کۆمەڵێک میکانیزم و خاوەن خزمەتگوزاری و سەرچاوەی سروشتین بۆ مرۆڤ و هیچ پیرۆزی و بەهایەکی بنچینەیی تیا نییە، ئەوەی بەهایە تەنها لای مرۆڤە، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤ بۆ خزمەتی خۆی هەموو دەستوەردانێک لە سروشت ئەنجامبدات و سڵنەکاتەوە. لە هەمانکاتدا نەیارانی ئەم تێڕوانینە پێیانوایە بەهای بنچینەیی بۆ سروشتە و مرۆڤ بۆ ئەوەی ژیانی خۆی و گیانەوەران و دانەکانی تری ناو سروشت نەخاتە مەترسیەوە، پێویستە دەستوەردان لە سروشت نەکات بۆ ئەوەی سروشت ژیان بە مرۆڤ و بەردەوامی بە ژیان بدات، پێویستە پاشگەز بێنەوە لەو دەستوەردانەی کە دەیکات لە سروشندا.

لە توێژینەوەکەیدا (سروشت–Nature) میل بەڕوونی لایەنگیری بابەتیانەی بۆ سروشت دەخاتە ڕوو، کە ئەگەر ئێمە بە تەنها ئەو توێژینەوەمان لەبەردەست بێت، بێگومان حوکمی نەیاری و دژی میل بەرامبەر سروشت دەدەین، کە بێگومان ئەمەش ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە کە ئەو بیری لێنەکردوەتەوە، بۆیە کاتێک تەماشای نوسین و تێزە فکرییەکانی دەکەین، دەبینین ئەم توێژینەوەی وەک ئەو دوو توێژینەوەی تری کە سەبارەت بە ئایین خستویەتیەڕوو تەنها جۆرێک لە پاساو هێنانەوەیەکی عەقڵانی دەبێت تەماشای بکەین و هۆکارێک بۆ بەرپەرچدانەوەی بیری

ئاینی ئەو سەردەمە خستویەتیە ڕوو کە بێگومانین چاک توانیویەتی بیپێکێت، بەرامبەر تیۆرییەکانی (یاسای سروشتی) لە گەردون، بە شێوازێکی لۆژیکیانە بووەستێت، کە خاوەنی ئەم تیۆریایە (یاسای سروشتی) زیاتر هەوادارانی ئاینی پشتگیرییان لێدەکرد و دژی هەموو بزاوتە زانستی و مەعریفییەکان بە بیانوی دەستوەرنەدان لە ژینگە دەوەستانەوە، بانگەشەی ئەوەیاندەکرد، کە گەردون عاقڵێک لەپشت هەموو جموجووڵ و بزاوتەکانیەوەیەتی و بە یاسایەکی ڕێکوپێک دەڕوات بەڕێوە، ئاینەکانیش بەشێکن لەو یاسا سروشتییانە. هەموو دەستوەردانێک لە سروشت بۆخۆی تەنها تێکدان و پشێوی لێ بەرهەمدێت، بۆیە میل ئامادەبوو بیروڕاکانی لەم ڕووەوە لۆژیکیانە دابڕێژێت و ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەخلاقیاتی سروشت لە چوارچێوەی (هونەرەکانی ژیان) روونیبکاتەوە، کە تیایدا پەرەدان بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ و ئاژەلان و ئەو شتانەی کە بۆ بەختەوەری مرۆڤ و سروشتن پێکەوە بخاتە روو. ئەمەش بەپێچەوانەی تیۆریاکانی یاسای سروشتی، چونکە میل پێناسی نوێی بۆ سروشت بەم شێوازە داڕشتەوە، کە جیاوازی دەکات لەنێوان دوو واتای سروشت « سروشتێک بەمانای هەموو ئەو هێزە هەبووەی لە جیهانی دەرەکی و ناوەکی هەیە و هەموو ئەو شتانەی کە لەژێردەستی ئەو هێزەدا روودەدەن، بەڵام بە ماناکەی تری سروشت بریتییە لە هەموو ئەو رووداوانەی کە روودەدەن لە سەروی ئیرادە و توانای مرۆڤەوە، واتە بە جیاکاری ئەو روداوانەی کە مرۆڤ تیایاندا دەستی هەیە و بە مەبەستەوە ئەنجام دەدرێن».

لەیادمان نەچێت کە میل لە The Subjection of Womenدا رووبەڕووی ئەو تێگەیشتن و چەمکانەی کە پەیوەستن بەوەی ئایا کام لەوانە (سروشتی-طبیعی) یاخود (ناسروشتی نییە -غیر طبیعی)ن بۆ پیاو و ژن؟ میل پێیوابوو کە بەکاربردنی ئەم چەمکانە تەنها فێڵ و پاساوێکی نەرێتیانەی نالۆژیکیە بۆ ئەو باوانەی کە هەن و بەرژەوەندی تویژیکیان لەلا مەبەستە،

بۆیە لەو کتێبەیدا بەتوندی هێرشدەکاتە سەر ئەو پەتریاکانەی کە دەیانەوێت بە پاساوی (سروشتی و ناسروشتی) هەڵسوکەوت لەگەڵ ئافرەتدا دەکەن، بۆیە لە توێژینەوەی (سروشت–Nature)دا ئەو چوارچێوە بە شێوەیەکی لۆژیکیانە فراوانتردەکات و دەیەوێت رووبەڕووی هەموو ئەوانە بیتەوە کە لەژێر پاساوی سروشتی و یاساکانی سروشتدا و ملکەچی بۆ یاساکانی سروشت و پیرۆزی بۆ سروشت چاکەو خراپە و باشە و بەدی، یاخود هەر جۆرە شێوازێک کە پەیوەستبوونی رەفتارەکانی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە سروشت و لاسایی سروشتەوە.

بۆیە میل رووبــەڕووی ئەو بۆچوونە دەوەستێتەوە کە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، کە سروشت پێشەنگی ئەخلاقی مرۆڤ بێت، هەروەها دەستوەردانی مرۆڤ لە سروشت بە هەموو شێوازێک رەتبکرێتەوە، بە نموونە خاوەنانی ئەم تیۆریایە پێیانوایە کە ئەگەر زەوی و شوینێکی دێم و بیابان با بەدێمی و وشکەڵانی بمێنێتەوە باشە، چونکە ئەوە سروشت خۆی بەو شێوازەی کردوە؟! بەڵام میل باوەریوایە دەستوەردانە جوانەکانی مرۆڤ لۆژیکانە بەکاربردنی ئەم زەویە دەیمە و بەباخ و بێستان کردنی بۆ ژینگەش و مرۆڤ سودی زیاتر دەبێت، بۆیە ئەقڵی مرۆڤ دەتوانێت یاسایەکی جوانیش بێت، سروشتیش سودی لیوەربگرێت نەک زیان بگەیەنێت.!بۆیە هەرلەم توێژینەوەی (سروشت–Nature) دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئایا چ کاتێک ئەو وتەی ئەو نەیارانەی کە «سروشت پێشەنگ و رێبەری مرۆڤە لە هەموو کردەکاندا» دەوەستێت و رەخنەئامیزانە بەلۆژیک شیدەکاتەوە و دەڵێت «ئەگەر ئەم بۆچوونە راست بوایە، مانایەک بۆ کارو جووڵەکانی مرۆڤ نەدەمایەوە و کارکردنی مرۆڤ هەڵسوکەوتێکی هەڵەشانەی رووت و قوت دەبوو!، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەکارەکەی پاچی لە دانەکانی سروشت درووست نەکردایە و سنگی زەوی نەدڕیبایە و تۆوی لەملاو لەو جەم نەکردایە، ئیتر مانایەک بۆ پیشەی جوتیاری و هەنگاوێک

بۆ بژێوی چۆن دەستەبەر بکردایە؟ بۆیە ئەگەر لەبەرکردنی جل و بەرگ و دروستکردنی خانوو و ئەنجامدانی بزاوتە جۆربەجۆرەکان لەپێناو بژێوی، دژی یاسای سروشتی بن، ئیتر عەقڵانییەت و ئەخلاقیاتی سروشتی لەکوێدا لاسایی بکرێنەوە؟!

بۆیە میل ئاماژە بەوە دەکات، کاتێک مرۆڤ دەستەوەسان بووە لە ئاست رامکردنی سروشت چ موعانات و سەرئێشە و ئازارێکی بەدەست سروشتەوە بینیوە! مرۆڤایەتی چەند چەرمەسەری و قات و قڕی بینیوە بەدەست سروشتەوە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ هەستێت بە درووستکردنی بەنداوێک وەک رێگریەک لەبەردەم لافاو لە ترسی لەناو نەچوونی خانوو زەوی و زار، مەگەر ئەمە چ نائەخلاقیاتێکی تێدایە؟ بۆیە بە بۆچوونی میل دەبێت مرۆڤ بە لۆژیکییانە خەریکی رامکردنی سروشت بێت، تا لە زیانەکانی بەدووربێت و بە تەواوی سروشت بێنە پەناگەیەکی ئارام بۆ ژیانی، چونکە مرۆڤ بەبێ ئەو دەسوەردانە بەردەوامانەی لە سروشت ناتوانێت بژی، چونکە بەردەوام سروشت گۆڕانکاری نابەدڵی مرۆڤ و ژیانی دەهێنێتە ئاراوە، هەروەها میل بەتوندی ئەو بیرە ئاینییە بێ ئەقڵانەیە رەتدەکاتەوە، کە کاروبارەکانی سروشت و دیاردەکانی هەمیشە بە هێزێکی عەقلانی جووڵاون و دەجوڵێن بۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەو بیروڕا ئایینیانە کە لایەنگیری بیروبۆچون و تیۆرەکانی یاساکانی سروشت دەکەن و رەخنەیان لەوە لێدەگرێت، کە هێزی خودا دەدەنە پاڵ دیاردەکانی سروشت و لە هەمانکاتدا ئاماژە بۆ میهرەبانی و عەدالەتی ئیلاهی دەکەن و شوێن کەوتەیی و لاسایی یاساکانی سروشت وەک کردەیەکی ئیلاهی لەلایەن مرۆڤەوە بە کردەیەکی پێکەنیناوی ناوزەد دەکەن، ئەو بومەلەرزە و بەبیابانبوونەی زەوی، ئەو لافاوو زریان و تۆفان و گێژەڵوکانە، ئەو ئاگر و بورکان و دەیان دیاردەی سروشتی تر، سەیرە دەبێت چۆن لاسایی بکرینەوە؟ ئەگەر مرۆڤ دەسوەردان نەکات لە سروشتدا چۆن دەتوانێت پەناگەیەک لەم سروشتە جەنجاڵە و پڕگێژاوەدا بۆژیانی بدۆزێتەوە.

بۆیە کە سروشت دەبینین لاموبالاتی تەواو تیایدا بەرجەستەیە بەرامبەر دانەکانی ناوی، هەر لە مرۆڤەوە بیگرە تا هەردانێکی تری. مەگەر ئەمە لاساییکردنەوەی لەلایەن مرۆڤەوە چ جۆرە ڕێزێک و بەهایەکی لێ دەستەبەر دەکرێت، کە خزمەت بە ژیانی بکات، لە کاتێکدا خودی ئەخلاقیاتی ئینسانی شێلراوی گرنگیپێدانی مرۆییە بە هاونشینی لەم گەردوونە، مەگەر دەتوانرێت سروشت بەم پێودانگەیەوە بکرێتە ڕێبەرێکی ئەخلاقی مرۆڤ. لە ساتەوەختێکدا سروشت ڕێگای کوشت و بڕی وەها دەگرێتە بەر کە مرۆڤ زۆرجار تا ئەمڕۆ گیرخواردوی دەستی ئەوە، بۆیە بەکورتی بۆچوونی میل لەم بارەوە ئەوەیە کە «پێویستە لەسەر مرۆڤ کەهاوشانی و لایەنگیری هێزە چاکویستەکان بێت، نەک لاساییکەرەوەی سروشت. نەک هەر ئەوە، دەبێت هۆکاری ڕاستکردنەوەی ئەو لاساری و ئاراستە خراپانەبێت، کە سروشت رووبەڕووی مرۆڤی دەکاتەوە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ پێچەوانەی ئەم خواست و لۆژیکەی میل لە واقیعدا دەبینین، کە مرۆڤ هەردەم لەپێناو ئامانجی و پاوانخوازی خۆیدا زیان لەدوای زیان و بەهەدەر بردن و کاری وێرانکاری لە سروشت و پیسکردنی ژینگە رۆژ لەدوای رۆژ لەزیادکردندایە و بە شێوازێک ئەمڕۆ خۆی بە گەشەکردنە بەردەوامەکانی لەپێناو مسۆگەرکردنی ژیانی خۆش ڕێگە لە خۆشگوزەرانی خۆی دەگرێتەوە، ئەویش بە زیانگەیاندن بە سروشت و لەدەستدانی ئەو پێویستیانەی کە لە سروشتدا مسۆگەری دەکات بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی، بۆیە ئەم کارە خۆی لەخۆیدا پێچەوانەوە وەستانەوەی بیری میلە، چونکە میل خۆی لایەنگری سەوزی و گەشی و هیواخوازی بەردەوامی جوانی و ڕاستکردنەوەی، تەنانەت ئاراستەیەکی پێچەوانەی نێو سروشت بوو، کە زیان بە مرۆڤ و بە ژیان و گوزەرانی مرۆڤ دەگەیەنێت، چونکە لە زۆربەی گفتوگۆو وتارەکانیدا میل بەوە ناسراوە کە هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی سروشتە وەک چۆن مرۆڤ دۆستێکی ڕاستەقینە و داواکارێکی هەمیشەیی مافەکانی

مرۆڤ بووە، بە هەمانشێوە هەر لەبەر ئەو مرۆڤەش بێت میل هەردەم سەوزانە بیریکردوەتەوە و جوانی و ژیانی جوانی لە ژینگەی پوخت و خاوێندا بە مرۆڤ ڕەوا بینییوە، بۆیە دەستوەردانە سروشتی بۆ خاتری مرۆڤ لە پێناو جوانترو ڕازاندنەوەکردنی بۆ مرۆڤ بە خواست گرتووە.

**سەرچاوە:**


- وندی دونر، ریچارد فیمرتون: «ترجمە: نجیب الحصادی، جون ستیوارت مل»عقول عظیمە» المرکز القومی للترجمە، القاهرە، 2011م. فصل 8، اخلاقیات البیئە لدی مل، ص170-183.

# جۆن ستیوارت میل و داکۆکیکردن لە ئازادی

مەهدی عینایەت

لە فارسییەوە: سامالْ عەزیز

## باکگراوندی ژیانی

میل فەیلەسوفێکی بەناوبانگی ئینگلیز بوو، لە ساڵی (1806) لە لەندەن هاتووەتە دونیاوە، «جیمز میل»ی باوکی لە نوسەران و رەخنەگرانی ناسراوی سەردەمی خۆی بوو، و لە ئەنستیتۆی تۆیژینەوەی هیند و بەریتانیا کارێکی پر دەردەسەری هەبوو. پەروەردە و دەستەبەری بژێوی ژیانی حەوت کەس، کارەکەی هێندەی تر قورستر کرد، کە دەرفەت و کاتی بەتاڵی لێ زەوت دەکرد. وێرای ئەوەش هەردوو بەرپرسیارێتییەکەی تۆسقاڵێ دووچاری سستی و درێغی نەدەکرد لە چاودێری و پەروەردەکردنی نەوەکانی، بە تایبەت کوڕە گەورەکەی «ستیوارت میل»، جیمز میل هێندە بڕوای بە قوتابخانە نەبوو، چونکە باوکی نەیناردبووە قوتابخانە و خۆی پەروەردەی کردبوو. (1) هەوڵ و کۆششی ئەو لەم چوارچێوەیەدا بە لوتکەی گەیاندو ئەوی بە تەواوی لە هەموو رووبەکەوە کامڵکرد.

لە تەمەنی سێ ساڵیدا ستیوارت میل خەریکی فێربوونی زمانی یۆنانی بوو. لە حەوت ساڵیدا بەرهەمەکانی سۆکرات و ئەفلاتۆنی دەخوێندەوە و لە هەشت ساڵیدا روویکردە فێربوونی زمانی لاتینی. بەیانیان لەگەڵ باوکی لە باخەکەیاندا پیاسەی دەکرد و ئەو بابەتانەی شەوی پێشووتر فێری ببوو، بە میتۆدێکی سۆکراتیانە باسیدەکرد، بەڵام بە رواڵەت لەگەڵ باوکی هاودەم و هاودەنگ نەبوو. لە شانزە ساڵیدا دەستیکرد بە نوسینی وتارگەلێکی

رەخنەیی و لە هەمانکاتدا لە ژێر کاریگەری باوکی لە مەسەلەی سیاسی و ئابوری داکۆکی لەو تیۆرانەی دەکرد. کاریگەری ئەم تیۆرانە لە سالانی دواتر و کاتی هەرزەکاری و پێگەیشتنیدا کاریگەری هەبوو، لە بنەڕەتدا دەتوانرێت هەندێ لەم کاریگەرییانە لە بەرهەمەکانی ستیوارت میل بدۆزرێتەوە.

لە بیست ساڵیدا بەهۆی زۆری کارکردن و خوێندنەوە تووشی هیلاکبوونی مێشک هات، بەڵام بە تێپەربوونی کات بەهۆی خۆ سەرقاڵکردنی بە شیعر و مۆسیقا توانی لایەنی رۆحی و فیکری خۆی بەدەستبهێنێتەوەو بوارە فیکرییەکانی خۆی لە پێشتر زیاتر بە جدی وەربگرێت. لە راستیدا هەر لە هەمانکاتدا بوو، کە کەم کەم دڵیشی وەکو مێشکی پێویستی بە پەروەردە هەبوو و مرۆڤێکی وەک ئەو تەنها ناتوانرێت خەریکی پەروەردەکردنی وشک و برینگ و بێ رۆح بێت.

لە تەمەنی شەست ساڵیدا وەک نوێنەری خەڵک چووە پەرلەمان، بەڵام لەبەرئەوەی کە مرۆڤێکی بیرئازاد و ئازادیخواز بوو، سەربەخۆییە خۆی پاراست و لە ژێر کاریگەری هیچ دەستەیەکدا نەبوو، بەم شێوەیە زۆری نەخایاند وازی لە نوێنەرایەتی هێنا. هەموو هەوڵەکانی ئەو لەپێناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەدا بوو، بەتایبەت پێکەوەژیانی کرێکاران و ئەم فیکرە ئازادیخوزانەیە، ئەوی لە پێگە و پلەیەکی باڵا دانا لەنێو فەیلەسوفە ئینگلیزەکان و بۆچوونە سەرەکییەکەی ئەمەبوو کە «فشار و ئەو گوشارەی کە لە تێبینی و چاودێری رایگشتی دێنە سەر بیرئازادەکان، زۆرجار سەختترە لە ستەمکاری حکومەت».(2)

**ئەزمونگەرایی**

سەردەمی میل بڕوابوون بە ئەزموون بوو، هەروەها خەریک بوو ئەم ڕەوتە بە لوتکەی خۆی دەگەیشت، هێدی هێدی بیرمەندانی ئەوروپا بەو ئەنجامە گەیشتبوون کە بنەچە و بنەڕەتی زانستی مرۆیی «ئەزمونە»، واتە مرۆڤ تەنها بە سود وەرگرتن لەم فاکتەرە دەتوانن پەی بە زانست و بەرهەمهاتووە مەعریفییەکان ببەن. کۆڵەکەکانی ئەم بڕوایە فرانسیس بیکۆن لە چاخی شانزە جێگیری کردبوو و جۆن لۆک لە چاخی حەڤدە و «هیوم» لە چاخی هەژدە دوا شێوە و ناوەڕۆکیان پێدابوو، بەڵام جۆن ستیوارت میل بە توێژینەوە و بەدواداچونەکانی خۆی مسداقیەت و ڕەسەنایەتی ئەم کانیگۆریەی بە کۆتا گەیاند. یەکەمین بەرهەمی گرنگی میل کتێبێکە بە ناوی «دەزگای لۆژیک» کە لە ساڵی (1843) بڵاویکردەوە و بە بڕوای بیرمەندەکان ئەم کتێبە لەدوای کتێبی لۆژیکی ئەرستۆتلیس کە باوکی ئەم زانستەیە، کتێبێکی لەم چەشنە لە بارەی لۆژیک بڵاو نەبوەتەوە.(3)

میل دەیـوت نەک تەنها «هەست»ی ئامرازی دەرککردنی شتە لاوەکییەکانە، بەڵکو زانستیش بە کەڵکی تێگەیشتن لە گشتێتی کاری عەقڵ دێت. «ئەوەی بە دەرککردنی گشتی لە قەڵەم دەدرێت، شتێک نییە جگە لە کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنی زانیارییە لاوەکییەکان، کە یـادەوەری و خەیاڵ لە زیهندا دەمێنێتەوە و هێزە خەیاڵکردنەوەکانی پێکەوە کۆو تێکەڵاو دەکات، ئەم کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنە بە گوێرەی ڕێساکانی ئەو کردەیەی زیهن شێوە دەگرێت، کە ئێمە بە «تێهەڵکێشانی مانا» ناودێری دەکەین. تێهەڵکێشانی ماناش لەسەر دوو ڕێسا جێگیرە، یەکەم بەراورد و پرس و جۆیە و دووەمیان ڕێسای هاوشێوەسازییە.(4)

### هێز لە بەرامبەر زانست و مەعریفەدا

«میل» لە زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ ئۆگۆست کۆنت هاوڕایە و بۆچوونەکەشی ئەمەیە کە «زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بە بەکارهێنانی میتۆدی وردی زانستی دەتوانێت رۆژێ بگاتە ئەو پێشکەوتنانەی کە زانستە سروشتییەکان پێیگەیشتوون»(5)، بەڵام لە فەلسەفەی ئەخلاقی، هاوپێگەی میل فەیلەسوفێکی ئینگلیزی هەیە بەناوی جێرمی بێنتام، واتە وەک ئەو بنەما خراپەی هەموو شتێک لە بەرامبەر شادی و ئازار و غەم دەزانێت، کە لەو شتەوە دێنە دەستمان. تەنها جیاوازی میل و بێنتام لەمەدایە کە بێنتام لە خۆشییەکان لەرووی چۆنایەتییەوە وەک یەک وەسفدەکات، بەڵام میل پێیوایە کە خۆشییەکان لە رووی چۆنایەتییەوە لەگەڵ یەکدا یەکسان نین، هەندێ جار باڵاترن و هەندێک جاریتر خوارترن، ئەو خۆشییانەی کە بەرهەمی هەستن و بە شێوەی هاوبەشی ئاژەڵ دێنە هەژماردن، خوارتر لە خۆشییەکان بەرهەمی عەقڵ و بیرکردنەوەن. (6) دەپرسێت کام کەسی هۆشمەند ئامادەیە زانستەکەی خۆی بە نەزانێک ببەخشێت، یان کام بیرکەرەوە و خاوەن بیر ئامادەیە ئەم کارە بکات و زانست و ئازادی و دین بە یەکەوە ببەستێتەوە؟

میل لە دەربڕینی ئەم هەستەیدا بڕوایەکی تایبەتی هەبوو، هەروەها دورکەوتنەوە لە گەشبینی، کۆمەڵگە خۆی لە داتەپین و رووخان نزیک دەکاتەوە، ئەگەر نا بە درێژایی مێژوو، ئەو کەسانەی کە تووشی وەسوەسە و ئەفسون هاتوون، هەموو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان دەخەنە ژێر پێ، لەپێناو سودخوازی خۆیان.

### لە ستایشی ئازادیدا

بەو چەشنەی کە ئاماژەم پێکرد بەرجەستەترین و بەبایەخترین بڕوای میل هەمان ئەو بۆچوونەیە کە پاڵپشتی لە ئازادی دەکات، ئەو

پێیوایە خۆشگوزەرانی و گەشبینی کۆمەڵگەیەک پەیوەستە بە گەشەسەندنی کەسایەتی و پێشکەوتن و باڵایی فیکری تاکەکانی کۆمەڵگە، و کۆمەڵگەیەک تەنها لە شێوەیەکی لەم چەشنە دەگاتە ئازادی. هیچ شتێکی گرنگتر لەمە نییە، کەحکومەت بە گشتاندنی ئازادییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دۆخانە فەراهەم بکات، کە هەموو کەس بتوانێ ئامادەییە شاراوەییەکانی خۆی لە خۆشگوزەرانی خۆیی و هاونیشتیمانانی دەربخات. میل بڕوای بە سێ جۆر ئازادی هەیە: ئازادی هزر، ئازادی زەوق و سەلیقە و ئازادی خڕبوونەوە یا کۆبوونەوە.(7)

ئەو پێیوایە لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکات، کەواتە هیچ کەس ئەو مافەی نییە کە بیروڕای ئەوانی تر رەتبکاتەوە و دەرفەتی رادەربرین لەوانی تر بسەنێتەوە. هەموو بیرورایەک لە دوو حاڵەتدا جێگیر دەبێت، یان لەگەڵ حەقیقەت تەبا و هاودەنگە، یان پێچەوانەی حەقیقەتە. ئەگەر حەقیقەتی نەیار لەسەر حەق بێت، ئەوا بە شاردنەوە خەفەکردنی نەک تەنها کەسی نەیارمان کۆت و بەند کردووە، بەڵکو خیانەتیشمان لە تەواوی کۆمەڵگە و نەوەکانی داهاتوو کردووە، بەڵام ئەگەر بیرورای نەیار پێچەوانەی حەقیقەت بێت و ئەگەریش ئێمە عەقڵی گشتی بین، دوبارە هەبوونی بیروڕای نەیار پێویستە، چونکە «حەقیقەت» تەنها لە رێگەی بیرورا و بۆچوونە پێکدژەکانەوە دێتە کایەوە و تەنها لە ریگەی راگۆڕینەوە و رەخنەوەیە کە کۆمەڵگە حەق لە ناحەق جیادەکاتەوە. «میل» کۆمەڵگە بە بەرەی جەنگ دەشوبهێنێ و پێیوایە ئەگەر لە بەرەیەکی وەها دوژمن بوونی نەبێت، ئەوا سەربازەکان بە هۆی کاتە بەتاڵەکانیانەوە تووشی سستی دەبنەوە و هێزی خۆیان لە دەستدەدەن، دەرەنجامەکە دواجار ئەمە دەبێت، کە ئەگەر جەنگ رووبدات، ئەوا لە هەمانکاتدا تووشی شکست دەبن و دوژمن سەردەکەوێت.

لە هەمان باردا «میل» ستەم تەنها لە ستەمی سیاسی لای حکومەت کورت ناکاتەوە، بەڵکو تەسلیمبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەریتە ناڕاستەکانیش باسدەکات. پێیوایە نابێت ئێمە هەر فیکر و هزر و نەریتێک لە پێشینانی خۆمان ماوەتەوە بێ ئەملا و ئەولا پەسەندی بکەین، بەڵکو مرۆڤ دەبێت هەموو نەریت و رێورەسمەکان و هەموو بەها کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، لە زیهنی خۆماندا هەڵبسەنگێنین و ئەوەی عەقڵی ئەو پەسەندی ناکات، دوری بخاتەوە یان پەراوێزی بکات.

ماوەتەوە بڵێین ئەو جگە لە کتێبی (دەزگـای لۆژیک) سێ کتێبی گرنگی تری هەیە. یەکێکیان بە ناوی «پرەنسیپەکانی ئابوری سیاسی کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی پێشوازییەکی زۆر بەرفراوانی لێکرا، و ئەویتریان بە ناوی «لەبارەی ئازادی»، هەورەها خاوەنی کتێبی «چەند بیرکردنەوەیەک لەبارەی حکومەتی هەڵبژاردن» و کتێبی «سودگەراییە». دواجار ئەم فەیلەسوفە مەزنە لە ساڵی (1873)دا کۆچی دواییکرد.

**پەراوێزەکان:**

1- فروغی :سیر حکمث در اوروپا-جلد دوم. لا128.

2- همان کناب، ص 145.

3- دکتر محمود صناعی،ازادی فرد و قدرث دولث،ص 245.

4- سیر حکمث در اورپا، ص 130.

5- ازادی فرد و قدرث دولث، ص 247.

6- همان کناب، ص 248.

7- همان کناب ص 253.

**سەرچاوە:**

روزنامە شرق، 1385/5/3

# ئازادی بیروڕا
# لای جۆن ستیوارت میل

**لە عەرەبییەوە: هاشم ئەمین**

جۆن ستیوارت میل لەساڵی (1806ز) لەلەندەن لەدایکبووە، جیمس میلی باوکی (1773–1836) بیرمەندێکی بەناوبانگی بەریتانی بووە و خۆی سەرپەرشتی جۆنی کردووە تا لە خوێندندا سەرکەتوو بێت، تەنانەت ئەوەندە هەوڵی لەگەڵ داوە کە لە تەمەنی هەشت ساڵاندا فێری زمانی لاتینی بووە و لە تەمەنی دوانزەساڵیدا هەندێک لەکارەکانی ئەرستۆ و وانەکانی لۆژێکی خوێندوەتەوە، ژیانی جیمس وایکرد، کە جۆن بە تەواوی لەسەر شێوازی باوکی بڕوات، کە هەمیشە ژیانێکی بەرنامەرێژکراوی هەبێت، ئەوەش وایکرد کە جۆن لە ژیانیدا و لە تەمەنی منداڵی و گەنجێتیدا چانسێکی باش و ئازادییەکی زۆری هەبێت و هەست بە ئاسودەیی بکات، ئەمانەش وایانکردووە کە هەر لە تەمەنێکی کەمدا کۆمەڵی بابەت و نامە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبکاتەوە، مەسەلەی بیروباوەڕ بابەتێکی هەمەلایەن و جیاوازە لەوانە کێشە سیاسیەکان و کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و کاریگەری لەسەر بیروباوەڕ و پرەنسیپەکان دەکات.

نوسەرو بیرمەندە هاوچەرخەکان لە بەریتانیا و فەرەنسا رەخنە و قسەیان لەم بابەتە کردووە، جۆن لە کتێبەکەیدا (دەربارەی ئازادی) کەلەساڵی (1859)دا نوسیویەتی (ئێمە ناتوانین هیچ رەتبکەینەوە و بڕواشمان بەکەمینە هەیە، ئازادیش کاتێک کامڵ دەبێت کە بۆچوونەکان بخرێتەڕوو، ئیرادەیەکیش هەبێت بۆ جێبەجێکردنی، ئەمەش لە کۆمەڵگەدا کاتێک دەبێت

که ئازادییەک لە کۆمەڵگەدا بوونی نەبێت، ناشێت بە تەواوی ماناش ئازادبن، واتە ئازادییەکی تەواو لە دەرەوەی پرەنسیپەکانی ئازادی)، هەروەها دەڵێ «ئازادی تۆ تا ئەو شوێنە ڕێگەت پێدەدات کە ئازادی کەسانی تر تێنەپەڕێنی و نەبینە هۆکار لە لێدانی ئازادی بەرامبەر».

یاخود دەڵێت «تاکە بەمەست لە بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی درووست و جێبەجێکردنی لەسەر هەموو تاکێک لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، دەبێت ڕێگریکردن بێت لەسەر ئازارنەدانی خەڵکانی دی، لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی هێز لەدژی کۆمەڵگەی خۆت ئەوا تۆ هەسنایت بە وەرگرتنەوەی ئەندامێتی و ئیرادەی ئەوتاکانە لە کۆمەڵگەدا، نوسەر ئەم بابەتەی لە کتێبی (المسائل فی الاقتصاد السیاسی 1844)دا بڵاوکردوەتەوە.

ئەو ئارگیومێننە نوێیەی کە لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی پیشەسازیدا دیـارە، شوێنەوارەکەی پەیوەندی بە مەسەلەی ئـازادی و چەمکی مافی تاکەوە لە ژیانی مەدەنی و سیاسیدا هەیە، دەرکەوتنی ڕۆژنامە و بابەتەکانی ڕاگەیاندنی نوێ، هێزێکە کە کۆمەڵگەی کۆن ناناسێت، میل ئەم بابەتەش لە هەردوو کتێبی (لەبارەی ئازادییەوە) و بیرەکان دەربارەی دەسەڵاتی مەدەنی ساڵانی(1859–1861)دا نوسیویەتی.

**لەبارەی ئازادییەوە**

نابێت دەسەڵاتداران دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبێت، کەوا بکات ببێنە دژ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەل، بەڵکو باشتر وایە ئەوانەی کە کاروباری وڵات یان ئەوانەی نمایندەی وڵاتەکەیان دەکەن، ئەوانە بن کە خەڵک خۆیان دەیانەوێت و هەڵیدەبژێرن، چونکە ئەمە دەبێتە پێوەرێک بۆ ئەوەی ئەم تاکە دەسەڵات بە شێوەیەکی خراپ بەکارنەهێنێ، جگە لەوەش دەرفەت نەدرێت بە کەسەکان

تاسەر لەپۆستەکانیاندا بمێننەوە، بەڵکو دەبێت سیستم بەشێوەیەک دابڕێژرێت، کە هەڵبژاردنەکان خۆیان بە شێوەی پلە بە پلە(تەدریجی) ئەنجامبدرێت، ئیدی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران بێت یان سەرۆکی پارتێک بێت.

لەکاتێکدا کە خەبات و تێکۆشان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی حکومەت لە خولی هەڵبژاردنەوە بەدەستبهێنرێت لەلایەن رەعیەتەوە بە ڕەوتی خۆیدا دەگوزەرا، هەندێک لە خەڵکی بیریان لەوە کردەوە، کە ئەو بایەخەی ئەوان داویانە بە پرسی دەسەڵات زیاد لەپێویست بووە، بگرە هەمان ئەم پرسە ببێتە جێی رەخنە لەو دەسەڵاتەی کە لە زۆرینەی بارەکاندا بەرژەوەندی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلدا نایاتەوە.

کەواتە ئەوەی ئێستا پێویستە ئەوەیە کە دەبێت دەسەڵاتداران وەڵامی گەل بدەنەوە و بەرژەوەندییەکان و ئیرادەشیان تەنها ئیرادە و بەرژەوەندی و ئیرادەی گەلەکەیان بێت، هەروەها ئامادەبن کە گەل دەسەڵاتیان لێبسەنێتەوە و لایانببات، ئەو کات دەبنە شایستەی ئەوەی دەسەڵاتیان پێبدرێت کە خودی دەسەڵاتەکە وابکات دەسەڵاتداران چۆن و لەکۆێدا بەکاربهێنن، هەرئەو کاتەش پێویستە هێندە ئامادیی هەبێت، کەلەدژی هەر جۆرە بەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات رێوشوێن بگرێتەبەر.

### سنوری دەسەڵاتی کۆمەڵگە لەسەر تاک

بە دڵنیاییەوە ژیان ئەگەر هەبێت لەناو کۆمەڵگەدایە و هەموو تاکێک دەبێت پلانێکی ئاکاری هەبێت، بەڵام ئەم ئاکارەش یەکەم نابێت لەبنەمای زیان گەیاندبێت بە کەسانی تر بێت، بەڵکو دەبێت لەچوارچێوەی ماف و دەقە یاساییەکاندا جێی بکرێتەوە یان لەچوارچێوەی چەمکە ئاکارییەکاندا بێت. دووەم دەبێت هەموو تاکێک لەناخیدا بەپێی پرەنسیپە ویژدانیەکان مامەڵە لەگەڵ

کۆمەڵگەیان ئەندامانی کۆمەڵگە بکاتـ، ئەمانەش درووستـ نین کە هەموو جار کۆمەڵگە بیکاتـ.

رەنگە کاروکردەوەی تاک زیان بە کەسانی تر بگەیەنێتـ، یان بایەخی ئەوتۆ بە دەسنکەوتەکانیان نەدرێتـ، بێئەوەی لە دژی مافە بڕیار لێکدراوەکانیان بێتـ، لەو کاتەدا دەتوانرێتـ کەسی تاوانبار لەرێی رای گشتییەوە سزا بدرێتـ، نەک لەرێی یاساوە، کاتێک هەر بەشێک لە بەشەکانی رەفتارو هەڵسوکەوتی تاک دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی کەسانی تر، ئەو کاتە کۆمەڵگە دەبێ دەسەڵاتی بەسەر ئەو تاکەدا هەبێتـ و ئەم پرسیارە بخرێتە بەرباس و تاوتوێکردنەوە، ئایا بەرژەوەندی گشتی لەم پرسەدا سوودمەند دەبێتـ یان نا؟ ئەو کاروکردەوانەی زیان بە خەڵکی دەگەیەنێتـ، بێگومان دەبێتـ چارەسەرێکی تەواو جیاوازییان بۆ بکرێتـ، پێشلکردن مافەکانیان، یان زیان پێگەیاندنیان بە مافی ئەو پاساو نادرێتـ، یان بەدرۆکردن بە گومانەوە مامەڵە لەگەڵدا کردنیان، یاخود بێبەریکردنیان لە سوود و قازانجەکان، تەنانەتـ لەڕووی خۆپەرستییەوە لە ئازار پێگەیشتن نەپارێزرێن، هەموو ئەمانە شایستەی ئەوەم لەڕووی ئاکارییەوە پرونستۆ بکرێن، بگرە سزای ئاکارییان لەسەر بدرێتـ و لە حاڵەتە مەترسیدارەکاندا مافیان بۆ وەربگیرێتەوە، تەنها ئەم کردەوانە ببنە مایەی تورەیی و رق لێبورنەوە، دڵ رەقی کینەو دووبەرەکی چاوچنۆکی ئیرەیی بردن، ئەمانە یەکێکە لە خراپترین ئارەزوەکان کە زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن.

## چەواشەکاری و نەبوونی دڵسۆزی ئازادی بیروڕا

میل یەکێکە لەو کەسانەی کە پێشەنگە لە بڕوابوون بە ئازادی بیروڕا، تەنانەتـ بـڕوای بەو بۆچوونانەش هەیە کە بە نسبەتـ هەندێک کەسەوە نائاکارین، چونکە پێیوایە ئەگەر هەموو کەس خاوەنی یەک جۆر بیرکردنەوە

بوون، ئەوا هەموویان یەک کەسن، ئەگەر بیرکردنەوەیەکی جیاوازییان نەبوو، بەڵام ئەگەر هەمووشیان بێدەنگ بوون هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی پێشوودان تەنانەت ئەگەر هێزیشیان هەبوو، تاکە سنور بۆ ئەمەش میل سنوری ئازادی بیروڕا بە گوزارشتێک بە ناوی (پەیوەست بوون بەزیانەوە) بۆ کەسانی تر ناودەبات، بەردەوام سنووری ئەم کارە تەنها گفتوگۆکردنە لە ماهیەتی زیان و جیاوازییەکان کە مرۆڤەکان گوزارشتی لێدەکەن.

جۆن ستیوارت میل یەکێکە لە بانگەوازکەران تیۆری فەلسەفی کە جەخت لەسەر دەرئەنجامە باشەکان دەکاتەوە بۆ زۆرترین خەڵک و بریتیە لە ئاسۆیەک بۆ دیاریکردنی بەهای کار، یان بیرێکی دیاریکراو ئاکاری بێت یان نا، ئەم بڕانەش دژن لەگەڵ قوتابخانەی فەلسەفی، کە تێیدا کار بە ئاکاری دادەنرێت ئەگەر سودێکیشی هەبێت، ئەم قوتابخانەیەش پشتی بە ئاین بەست، بۆ ئەوەی کارەکانی ڕەزامەندییان لەسەر دەرببڕێت، واتە قبوڵ بێت، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جیاوازیانە، بۆ نموونە جۆن ستیوارت میل دەڵێت: بۆ نموونە، درۆ قبوڵکراوە ئەگەر سوودێکی گەورەی هەبێ بۆ خەڵکێکی زۆر لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکرادا، بەپێچەوانەی قوتابخانەی بەرامبەرەکەی، کەپێیوایە درۆ هەڵسوکەوتێکی خراپە تەنانەت ئەگەر دەرئەنجامەکانیشی باش بێت.

**سەرچاوە:**

جۆن ستیوارت میل... حریە العقیدە والفکر:الصباح: دراسات

.....www. marafea. org/paper. php? source

# جۆن ستیوارت میل،
# تیۆرسینی سودگەرایی گشتیی

نەسترن علوی زادگان
لە فارسییەوە: ڕەزا هەورامی

جۆن ستیوارت میل ناودارترین بیرمەند و فەیلەسوفی ئینگلیزی زمانی سەدەی نۆزدەیەمە، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فەلسەفەی ئەوروپا بەجێهێشت. میل روانینە فەلسەفییەکانی خۆی لەبواری ماف، ئابوری، دەرونناسی، لۆژیک، بیرکاری و شیکردنەوەی زماندا پەرەپێداو بە شێوازناسیی زانستیشەوە خەریک بوو. گرنگترین تیۆریی میل لەبارەی روانینی سوودی گشتییەوەیە، کە لە تەواوکاری ئەم تیۆرییەیدا باوکی رۆڵی بەرچاوی هەبوو. جێمز میل، باوکی ستیوارت میل لەو باوەڕەدابوو، کە کوڕەکەی بە جۆریک پەروەردە بکات، کە بیکاتە (( ژمێرەرێکی خێرا)). لەم کارەشیدا تا ئەندازەیەکی زۆر سەرکەوتو بوو، بەشێوەیەک کە کوڕەکەی لەتەمەنی سی ساڵیدا، لەگەڵ زمانی یۆنانی ئاشنابوو، لە هەشت ساڵیدا دەیتوانی تێکستە لاتینییەکان بخوێنێتەوە، بە درێژایی کاتیش خەریکی زانستی مێژوو بوو لە زانستە جیاوازەکانی وەک ماف، لۆژیک، ئابوری و دەرونناسیدا شارەزایی هەبوو. کۆششەکانی باوکی لە پەروەردە و راهێنانی میلدا رۆڵی گرنگی هەبوو. ئەو لە 14 ساڵیدا توانیی کتێبی (بنەما سەرتاییەکانی ئابوری سیاسی) لەسەر بنەمای فێربوون و تێگەیشتنەکانی باوکی بخوێنێت. باوکی میل، لایەنگری توندی سودگەرایی و دۆستی نزیکی(جێرمی بێنثام) بوو. بەم هۆیەوە کتێبی (( تیۆری یاسادانەریی )) یەکەی بێنثامی دایە میل و بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە، میل چوارچێوەی هزریی و تیۆری خۆی بردە پێشەوە. ئەو

لەم بارەیەوە دەنوسێت:( هەستم کرد برامە بەرزاییەک کە لەوێوە دەتوانم قەڵەمڕەوی فراوانی زەینم ببینمەوە و تێبگەم کە پانتایی زەینم تا ئەو شوێنەیە کە ئەنجامە فکریەکانی، لە ژماردن نایەت). ئەم کتێبە روانینی فەلسەفیی میلی دەوڵەمەند کردو وایلێکرد بتوانێت زۆرێک لە جیهانبینییە فەلسەفیەکانی خۆی لەسەر دابمەزرێنێت و ئومێدی ئەوەشی دایە، کە بە سوودوەرگرتن لەم تێڕوانینە، ژیانی خۆی باشتر بکات. بەم شێوەیە باوکی میل، توانیبووی بیکاتە ئەو ژمێرەرە خێرایە، بەڵام ئەم بلیمەتییە تا ئەندازەیەکی زۆر میلی دوچاری سەرئێشە و نائومێدی کردبوو لە بیستساڵیدا توندترین هێرشی دەمارگرژی رووی تێکردبوو و دۆخێکی ناتەواوی وەرگرتبوو. دەیویست بگاتە تەواوی ئامانجەکانی و سەرجەم چاکسازییەکانی لەبارەی کۆمەڵگە ویاساوە بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشتنی ئاواتەکانی نائومێد و هیوابڕاو ببوو. میل دەبوو بۆ رۆژە سەختەکان و روبەڕووبوونەوەی کێشەکانیش پەروەردە دەکرا، بەڵام ئامادەیی شکستهێنانی نەبوو. ئەم دۆخە درێژەی کێشا، تا ئەوەی کەوتە خوێندنەوەی داستانێک لەبارەی منداڵێک کە دوای مەرگی باوکی، ببووە هۆی هیوا و دڵگەرمی خێزانەکەی. بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە، میل لە بێهیوایی رزگاری بوو، توانی بگەڕێتەوە بۆ رۆژەکانی کۆششکردنی زانستیانەی رابردوو، بەو جیاوازییەی کە بەرهەمەکانی رەنگی هۆنراوە و هونەر وفەرهەنگییان گرتەخۆ. نوسین و بەرهەمە ئاکاریی وسیاسیەکانی میل، واتە (سودگەرایی و لەبارەی ئازادییەوە)، گرنگترین پەیامی ئەو هەژمار دەکرێن و ئەمانە گرنگترین دیدگای ئەون، کە هەمیشە جێگەی سەرنج و رەخنەی بیرمەندانن. ئامانجی میل لە کتێبی سودگەرایی، ئەوەیە کە لە دیدگای بێنتام و تیۆرییەکەی بەرگری بکات. ئەوو باوکی لە لایەنگرانی تیۆرەکەی بێنتام بوون. لە دیدی میلەوە، کاری باش ئەوەیە کە باشترین رەزامەندی بۆ زۆرترین خەڵک

بەدەست بهێنێت، واتە کارە باشەکان لەگەڵ پێوەری ڕەزامەندی وخواست وچێژی خەڵکدا بپێورێن. میل لەبارەی ڕێژەی نێوان حاڵەتی زەینی و دنیای دەرەوەدا، تیۆرییەکی تایبەتی هەیە ئەم دیدگایەش، یەکەمین نوسراوە لە مەڕ دیاردەگەرایی. تیۆرییەک کە بڕوای وایە، شتە فیزیکییەکان هەمیشە بەر هەست دەکەونەوە.

**بەرهەم و نوسراوەکانی:**

1- سیستمی لۆژیک: ئەم وتارە کە نوسراوێکە لە ئەزمونگەرایی زیادەڕۆیی میل، لە ساڵی (1843) ز بڵاوکرایەوە. ئەو لەم کتێبەدا بانگەشەی ئەوە دەکات، تەنانەت یاسا لۆژیکییەکانیش چییەتیەکی ئەزمونییان هەیە. ئەم نوسینە، لێکۆڵینەوە ومەسەلەی گرنگی لەبارەی( استقرا)وە، تێدایە.

2- لەبارەی ئازادییەوە: ئەم کتێبەش کە بە ناکۆکی کەمینە و دەسەڵاتی دەوڵەتی دیموکراسیەوە خەریک بووە، لەساڵی (1859)ز چاپکرا. میل لەم بەرهەمەی خۆیدا ئەوە پێشنیار دەکات کە دەوڵەت مافی نییە تاک ناچار بە کارێک بکات کە تەواو لە بەرژەوەندی تاکەکە خۆیدا بێت.

3- سودگەرایی: ئەم بەرهەمە، هەوڵی میل بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی سودگەرایی لای بێنتام دەردەخات. لەم کتێبەیدا توانیویەتی ئەو مەسەلەیە ڕوون بکاتەوە، کە پێویستە لە ڕەهەندەکانی چۆنیەتی چێژ و ئازاریش بڕوانرێت.

4- ڕەخنە: لە دیدگای سودگەراکانەوە کاری باش، کارێکە کە زۆرترین ڕەزامەندی بۆ خەڵک دەستەبەر بکات. ئامانج لەمەدا، ڕەزامەندییە کە باشی کارێک دیاریدەکات. دەتوانرێت ئەم ڕەزامەندییەش لە سایەی چێژدا هەست پێبکرێت. بەم پێیە، لە ڕوانینی سودگەراکانەوە ئەو چێژە کە بەها و پێگەی

باشە و خراپە دیاری دەکات. چێژێک کە هیچ پێوەرێکی دیاریکراوی لە بارەوە نییە و لە هیچ یەک لە تیۆرە ئاکارییەکاندا وەک ئامانج هەژمار ناکرێت. بەرەنجامی ئاکاریی تیۆری سوودگەراکان ئەوەیە، کە دەبێت چێژ وەک ئامانج چاوی لێبکرێت و بەها و گرنگی پێبدرێت. خواست و پەسەندکراوی خەڵک وەک پێوەرێک بۆ کرداری باش دێنە ئەژمار، لە کاتێکدا ناتوانرێت رەزامەندی، خواست و مەیلی تاکەکان وەک کرداری باش چاوی لێبکرێت. بەها ئاکاریی و کردە باشەکان، لە خۆیاندا روونن و ناتوانرێت پێوەرێک لە دەرەوەی ئەم باڵاییەوە بۆ جیاکردنەوەیان بەکاربگیرێت. میل زیاتر بیرکردنەوە و دیدگاکەی باوکی بەکاردەهێنا و ئەم تیۆرییانەی لە وتار و نوسینەکانیدا بەیان کردووە. لە تەواوی نوسین و کتێبەکانیدا، میل دیدگا وبیرکردنەوەکانی کە لە باوکییەوە وەریگرتووە، نیشاندەدات. وەک بڵێیت هەرگیز نەیتوانیوە لە چوارچێوەی ئەم فێربوونە بچێتە دەرەوە و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و واقیع بینی، راستییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرخستووە.

* استقرا: شێوازێکی شیکاری و بەدواداچوونی بەلگەکارییە، کە لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە بەش، وەک بەرەنجامی تێگەیشتن لە گشت بەکاردەهێنرێت، کە لە رێگەیەوە دەگەینە بریارێکی گشتی لەسەر(کۆ) تایبەتمەندییە رەگەزییەکانی هەموو تاکەکان (وەرگێر)

**پەراوێزەکان**

1- رسالە دربارە ێزادی، جان استوارت میل، ترجمە جواد،شیخ الاسلامی، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، 1363.

2- فیلسوفان بزرگ، از سقراط تا فوکو، ترجمە ابوالفضل توکلی، تهران: کتاب پارسە، 1388.

3- بنتام، میل و مکتب فایدە گرایی، نیکولاس کاپ الدی، ترجمە

محمد بقایی، تهران: اقبال، 1384.
4- روزنامه رسالث، شماره 7638 به تاریخ 91/6/26، صفحه 18 اندیشه

**سەرچاوە:**

http://www.magiran.com/npview.asp?ID=2582979

# ليبراڵ دیموکراسی و چاوخشاندنێک بە دیدگاکانی جۆن ستیوارت میلدا

سیاوەش روزبە
لە فارسییەوە: رێباز مستەفا

جۆن ستیوارت میل یەکێکە لە گەورە بیرمەندە سیاسی کۆمەڵایەتییەکانی ئینگلستان و کاریگەری و جێپەنجەی بەسەر ئەندێشەی لیبراڵەوە هەیە. بێ دوودڵی میل ئەفسانەیەک بوو لەبواری ئازادیی تاک و بەرجەستەکەری لیبراڵیزمی ئینگلستان. ئەو لەژیانی سیاسی کۆمەڵایەتیی ئینگلستاندا، چ لە چاکسازیی یاسای هەڵبژاردنەکان و چ لە بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان رۆڵێکی گرنگی هەبووە.

لیبراڵدیموکراسی زادەی گۆڕانکارییەکانی دوای شۆڕشی(1848) ە. ئەندێشەی سەرەکی لایەنگران و رۆشنبیرانی لیبراڵ، سنوردارکردنی کارکردی لیبراڵیزم بوو. لەو بوارەدا ئەلێکس دی تۆکڤیلا لە ئەمریکاو جۆن ستیوارت میل لەئینگلستان پێشەنگ و جڵەودارانی ئەو گۆڕانکاریە بوون. میل بە ئاشکرا لە دیدگاو تێڕوانینەکانیدا لە بەرامبەر لیبراڵیزمدا کۆکی لە لیبراڵ دیموکراسی دەکرد. بە هاتنەنێوی ئەندێشەگەلی وەک ناسیۆنالیستی، دیموکراسی، لیبراڵیزم ناچار بوو خۆی لەگەڵ ئەو ئەندێشانە بگونجێنێت. یەکێک لە پرسە گرنگەکانی کە لیبراڵەکان لەو بارەیەوە رووبەرووی بوونەوە دابینکردنی ئاشایشی قەڵەمڕەوی تایبەت بوو لە بەرامبەر دیموکراسی کۆماریخوازی، سۆسیالیزم و بەتایبەت هزرو مەیلە قووڵ و ریشەدارەکانی . ترس لە چارەنوسی خاوەندارێتیی تایبەتی و پایەماڵکردنی، تاکە فاکتەری ئەو دژبەریە نەبوو، بەڵکو لە راستیدا ترسیان لە ستەمکاریی شاراوەی

دیموکراسی زۆرینەش هەبوو.

لیبراڵیزمی نوێ دەرەنجامی زنجیرەیەک گۆڕانکاریی پەیوەستەیە بە تێڕوانین و بنەما لیبراڵییەکانی سەدەی نۆزدەیەم. ململانێ لە لیبراڵیزمی کلاسیک لەنوان لۆژیکی مافە جیهانی و گشتیەکان و هەنگاو و کارکردی قەدەغەکردنی مافی سیای وەک وەک بنەمایەک، بە قازانجی دیموکراسی شکایەوە. ئەو گۆڕانکاریە بە قازانجی ئازادیخوازیی مەدەنی و دیدگاکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی لیبراڵ چووە پێش.

بێگومان میل نوسەرێکی بەتواناو بیرمەندێکی گەورەبوو لەبواری ئابوری و سیاسەت، جگە لـەوەش بایەخدانی بە ئەخلاق ئـەوی لە هاوسەردەمەکانی خۆی جیا کردەوە. یەکەمین کتێبی میل دەزگای لۆژیک بوو کە لەساڵی (1843) بڵاو کرایەوە، ئەم کتێبە لە بواری مێژووی زانستیی لۆژیکدا زۆر کتێبێکی پڕ بەهایە. لە کتێبەکانی دیکەی میلدا، دەتوانین ئاماژە بە بنەماکانی ئابوریی سیاسی، دەربارەی ئازادی و تێڕوانینگەلێک لەبواری حکومەتی هەڵبژێردراو بکەین.

جۆن ستیوارت میل زیاتر بەهۆی لۆژیک و ئابوریەوە بەناوبانگە، بەڵام دیدگا سیاسییەکانی ئەو بەتایبەت لە کتێبی دەربارەی ئازادی بووە مایەی زەمینەسازی گۆڕانکاریەکی مەزن. ئەندێشەی ئەو سەرچاوەی لە ئازادی و بەختەوەریی تاکەوە گرتوە. بەو باوەڕەی کە مرۆڤکارن تەنها ئەوکاتە دەتوانن بگەن بە کۆمەڵگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو کە تاک بتوانێت پێگەیشتوو کامڵبووبێت. کامڵبوونی تاک لە دیدگای ئەو واتە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەو خەسڵەتانەی کە بەهۆیانەوە تاک لە تاکەکانی دیکە جیا دەکاتەوە و باڵاتر دەبێت. ئەمەش هەمان ئەو ئەرکە گرنگەی کۆمەڵگەیە، ئامادەسازی کۆمەڵ بۆ پێشکەوتنی تاک، بەڵام میل

ئازادی بە مەرجی سەرەکی بۆ ئەو پێشکەوتنە دەزانێت.

**ئازادی لە ئەندێشەی ستیوارت میل لە سێ رووەوە هەڵسەنگێندراون:**

**یەکەم:** ئازادی ئەندێشەو دەربڕین، کە تیایدا لەبەر ئەوەی مرۆڤ قابیلی هەڵەیە، بۆیە هیچ کەس مافی لەنێو بردنی دەنگی پێچەوانەی نییە.

**دووەم:** ئازادیی زەوق و سەلیقە، کە سەرچاوەی دژایەتیکردنی مەیلی چوون بەرەو دەمارگیری و تاکڕەوی و مەیلی چوون بەرەوە نەرموونیانی و یەکدی قبووڵکردنەوە گرتووە. گەشەی تاکایەتی بە واتای پێشکەوتن و شکۆفایی تواناو زەوق و سەلیقەکانی تاکە و هەر ئەو پرسەش دەبێتە مایەی فرەرەنگی و فرەدەنگی لەکۆمەڵ و فەرهەنگی کۆمەڵگەدا، دوای ئەمانەش نۆرەی ئازادیی کۆمەڵەکان دێت، کە دەرهاویشتە و سەرچاوە گرتووی دوو ئازادیی پێشترە.

«هیچ کۆمەڵگەیەک هەر جۆرە حکومەتێکی هەبێت ئازاد نییە، مەگەر تەواوی ئەو ئازادییانە رەچاو بکات و هیچ کۆمەڵگەیەک تەواو ئازاد نییە، ئەگەر ئەو ئازادیانەی تێدا رەهاو بێقەیدو بەند نەبن. تەنها ئازادیەک کە ئەو پێناسەیە بیگرێتەوە ئازادیی پێشکەوتنی مرۆڤە بە خواستی خۆی تا ئەو جێگایەی کە ئەوانی دی لەو پێشکەوتنە بێبەش نەکات، یان کۆسپ لەبەردەم هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە پێشکەوتن درووست نەکات.

هەر مرۆڤێک خۆی چاودێرو دیدەوانی تەندروستیی جەستە و سەلامەتیی هۆش و دەرونـی خۆیەتی. مرۆڤایەتی بە شتگەلێکی زیاتر دەگات، هەر کاتێک مرۆڤەکان ئازاد بکەن لەوەی خۆیان هەر چۆنێک بەڕاستی دەزانن ئاوا بژین نەک وەک ئەوەی ئەوانی دی دەیانەوێت.».

لیبراڵەکانی سەردەمی میل لەو بڕوایەدا بوون، کە دەستەبەرکردنی ئازادیی تاک پێویستی بە پێشگیریکردن لە پەرەسەندن و فراوانبوونی

دەسەڵات و هەژموونی گشتی هەیە. بەلای ئەوانەوە گەورەترین هەڕەشە لەسەر ئازادی لەلایەن حکومەتەوەیە. ستیوارت میل پێیوابوو کە ئازادیی تاک و گەشەپێدان بە سنوری ئەو ئازادیە پێویستی بە هەبوونی حکومەتێک هەیە، هەرچی زیاتر وەڵامگۆو سیستماتیک بێت، بەڵام ئەو لەو میانەدا هەمیشە نیگەرانی ستەمکاریی زۆرینەبوو و پێناسەی ئەو لە ئازادی بریتی بوو لە دەستەبەرکردنی ئازادی و ڕێگرتن لە ستەمکاری پێشبینیکراو. جۆن ستیوارت میل لە کتێبی دەربارەی ئازادی بە درێژی تێڕوانین و دیدگاکانی خۆی سەبارەت بە ستەمکاریی زۆرینە خستوەتەڕوو. کاتێک کە ستەمکار کۆمەڵگە بێت یان بە واتایەکی دی زۆرینەی کۆمەڵ بێت، ئیدی تەنها هەر حوکمڕانی سیاسی ستەمکار نییە، بەڵکو بەناوی زۆرینەوە هەوڵدەدرێت ڕەوایی بەو ستەمکاریە بدرێت. دەستەڵات لەو زۆرینەییەدا دەتوانێت بڕیاری چەوت و نابەجێ بدات و خۆی ببێتە وێرانکەری کۆمەڵگە و ئەمەش خراپترین جۆری ستەمکاریە.

میل لەو باوەڕەدابوو کە هەمووان دەبێت لە حکومەتدا بەشدارییان هەبێت. ئەو لە کتێبی حکومەتی هەڵبژێردراودا بە جەختکردنەوە لەو پرسە پێیوابوو کە لیبراڵ دیموکراسی باشترین جۆری حکومەتە. کتێبی حکومەتی هەڵبژێردراو کاتێک بڵاوکراوەتەوە مافی دەنگدان بۆ پێکهێنانی پەرلەمان لە هەمووو ئینگلستان کەمتر لە یەک ملیۆن کەس بوو. بە فراوانکردنی مافی دەنگدان پایەو بنچینەی دەوڵەتی لیبراڵ کە دوای شۆڕشی (1688) ی ئینگلستان بنیاتنرابوو، فراون بوو. حەوت ساڵ دواتر مافی دەنگدان بە کرێکاران و کەسانی هەژار درا. دەستەڵاتی زیاتر بەئەنجومەنی گەل دراو ئەنجومەنی ئەعیان لەرووی سیاسیەوە توانایی خۆی لەدەستدا، سیستەمی خوێندن بۆ هەمووان بوو بە خۆڕایی و یەکێتیە پیشەییەکان لە زۆر

سنوربەندی و بەرتەسککردنەوەی بواری کارکردنیان بەخشران و چاکسازیە ئاینییەکان بە چوونی کەسانی لایک و بێئاین بۆ ئەنجومەن پەرەی پێدرا.

«من دەنگی زۆرینە وەک شتێکی خۆی لەخۆیدا نەخوازراو دەبینم، کە دەتوانرێت وەک هۆکارێکی پێویست بۆ پێشگیری لە شتێکی خراپتر بەرگە بگیرێت رەچاو ناکەم. من لە مافی دەنگدانی یەکسان وەک شتێک لەنێوان ئەو شتانەی کە خۆی لەخۆیدا باشن ناڕوانم، مەگەر ئەوەی بتوانێت دەرەقەتی کێماسییەکان بێت، من ئەو بابەتە وەک بابەتێکی ئاڕادەیەک باش دەبینم! واتە شتێک کە لە نابەرامبەری و نایەکسانی سەرچاوەگرتوو لە جیاکاری جێگیر لەسەر بنەمای سەرکەوتنە ناپەیوەندیدارەکان و رێکەوتوانە، کەمتر مایەی بەرهەڵستکردن و رەخنەیە، بەڵام لەبنەڕەتدا چەوت وهەڵەیە، چونکە ستانداردێکی هەڵە دەپەژرێنێت و کاریگەریەکی خراپ دادەنێتە سەر هزری دەنگدەران.»

میل لە خستنەڕووی تێڕوانینەکانیدا هەوڵیدا دوور بکەوێتەوە لە شارە خەیاڵییەکان، ئامانجی ئەو بەشداریکردنی خەڵک بوو لەحکومەت بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک. دیدو هەڵوێستی میل لەبارەی پرسی دەستێوەردانی دەوڵەت لە قەڵەمڕەوی کۆمەڵگە کەمێک ئاڵۆزترو جیاواز بوو لە هی هاوسەردەمەکانی خۆی. وا پێدەچێت کە دابەشکردنی سامان لە روانگەی میل جیابوویەوە لە پەیوەندیە ئابورییەکان. ئەو بە رەتکردنەوەی بنەمای لیسەفێر، دەستێوەردانی دەوڵەت بە شتێکی رەواو پێویست دەزانێت. میل بە خۆدورگرتن لە نەریتی سودگەرایی بێنتام و پێناسەی خۆی لە سوودمەندی بەو واتایەی کە سودمەندی جێگیر لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە هەمیشەیی و پایەدارەکانی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پێشکەوتو و لەگەشەکردن، لەو باوەڕەدابوو کە دادگەری بە واتای رەزامەندیی

زۆربەی تاکەکان نییەو لەو بارەیەوە باشترین حکومەت هەمان حکومەتی نوێنەرایەتیە، بەڵام میل لەو پرسەدا گرنگیەکی تایبەت بە پەیوەندیی نێوان نوێنەرو مافەکانی دەدات. ئەو یەکێک لەو بیرمەندانەیە، کە نوێنەر بە خاوەنی دەسەڵاتی هەڵبژاردن (ئیختیار)و سەلیقەی جێگیر لەسەر بنەمای عەقڵگەرایی و ویژدان دەزانێت.

میل پێیوابوو تەنانەت ئەگەر وایدابنێین حکومەت تەواو هاوڕاو هاودەنگ بێت لەگەڵ رای خەڵکدا، هێشتا کاتێک ئازادییەکانی خەڵک پێشێل دەکات، هەرگیز پیادەکردنی دەسەڵاتی توندوتیژو زەبروزەنگی خۆی لەبەرچاو ناگرێت و نابینێت. لەو رووەوە تەنانەت باشترین حکومەتەکان لەتەک خراپترین جۆری حکومەتەکان جیاوزاییان نییە و هیچ یەکیان شایستەی ئەوە نین ئەو دەسەڵاتە پەیڕەو بکەن، چونکە ئەو دەسەڵاتە بە تەواوی ناڕەوایە.

نەهێنانەدی خواستی خەڵک و ناڕەزایەتی لە بەرامبەر شێوازی دەستێوەردانی دەوڵەت، ئەو کاتەی کە لەسەر بنەمای ئازادیی تاک نەبێت، ئەنجامی یەکێک لە فاکتەرەکانی خوارەوەیە:

یەکەم: ئەوەی کە ئەو کارانەی دەبێت ئەنجام بدرێن، ئەو کاتە باشتر ئەنجام دەدرێن، کە لەلایەن تاکەکانەوە بێت نەک دەوڵەت. کایە ئابوری و پیشەسازییەکان کە بەرژەوەندیی تاکیان تیایە هیچ کەس جگە لە خودی تاک ناتوانێت بە باشی بەڕیوەیان ببات.

دوای ئەوە نۆرە دێتە سەر بواری پەروەردە و فێرکردن و توانای دەستنیشانکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، تەنانەت ئەگەر ئەنجامدانی باشتری کار لەلایەن دەوڵەتەوە، لەماوەی درێژخایەن واباشە کە کار لەلایەن تاکەکان ئەنجام بدرێت، تاکو بەوشێوەیە لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بەشداری

هەبێت و توانا تاکەکەسیەکانی خۆی رابهێنێت و پەروەردە بکات.

سێیەم پێشگیری لەپەرەسەندنی دەستێوەردانی دەوڵەت و هاتنەدیی خراپەکاریی رەهایە. پەرەسەندنی ئاست و رێژەی نفوزی دەوڵەت لە کۆمەڵگەدا، دەبێتە مایەی لەناوبردنی ئازادییەکانی تاک و پێشگیریکردن لەگەشەی مرۆیی.

میل کەڵکەکانی ئەو بنەمایانە بەسەرچووە لەدوو بنەمای گرنگ دەزانێت، کە رەچاوکردن و پاراستنیان دەبنە دەستەبەرێک بۆ ئازادی و ئەمنییەتی تاک. یەکەمیان ئەوەی کە تاک لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە هەر پەیوەندیدارن بە خۆی و پەیوەندی بە ئەوانی دیکەوە نییە، تەواو ئازاد و ناپەرپرسیارە بەرامبەر کۆمەڵ. دووەمیان ئەوەی کە لە هەندێک بابەتدا کە تاک کارەکەی پەیوەندیدارە بە کۆمەڵ و کارو بەرخوردانی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە، ئەگەر زیان بەبەرژەوەندییەکانی ئەوانی دیکە بکەوێت، لە بەرامبەر کۆمەڵدا بەرپرسیارە و رووبەڕووی سزایەک دەبێتەوە، کە لەلایەن کۆمەڵەوە دیاریدەکرێت.

**سەرچاوەکان:**

1- درباره ازادی، جۆن ستیوارت میل، محمود صناعی

2- حکومت انتخابی، جۆن ستیوارت میل،علی رامین

3-فلسفه جۆن ستیوارت میل، سوزان لی اندرسن، خشایار دیهیمی

4-ژێدەر:(iran-liberaldemocrat. info)

# له بارەی (جۆن ستیوارت میل)ەوە

م.د. لیندسای

له عەرەبییەوە: محەمەد چیا

(جۆن ستیوارت میل) لەساڵی (1806)دا لەدایکبووە، (جیمس میل)ی باوکی و (جێرمی بنتام)ی هاوڕێی پەروەردەکردنیان لە ئەستۆگرت، بۆ ئەوەی کلتوری مەزهەبی سوودگەرایی بەردەوامیی پێبداث، دوای مردنی ئەو دوانەش جۆن سەرکردایەتی مەزهەبەکەی گرتە ئەستۆ، یان بەلانی کەمەوە بووە نوێنەری فەیلەسوفە ڕادیکاڵەکان1. لەساڵی (1832) وەک فەرمانبەر لەکۆمپانیای (ماڵی هیندی) دامەزراو لەساڵی (1856)دا لەکۆتاییدا بووە سەرۆکی ئەو بەشەی کەتێیدا کاریدەکرد. کاتێکیش کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵاتی لەساڵی (1857) هەڵوەشێنرایەوە قبوڵی نەکرد کەلەسایەی دەسەڵاتە نوێیەکەیدا کار بکاث و لەساڵی (1858)دا خانەنشین بوو، پاشان لەساڵی (1865)دا بە ئەندام پەرلەمان هەڵبژێرا وەک نوێنەرێک لە بازنەی ویستمینیر، ئەگەرچی جارێکی دیکە هەڵنەبژێرایەوە لەساڵی (1868)دا، پاش ئەمە ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ توێژینەوە فەلسەفی و ئەدەبییەکان هەتا لەساڵی (1873)دا کۆچی دواییکرد.

کارەکەی (میل) لە کۆمپانیای (ماڵی هیندی)دا کاتێکی زۆری بۆ دەگێڕایەوە، ئەمەش بواری نوسینی بۆ ڕەخساند بەرهەمێکی ئەدەبی زۆری هەبێث. ئەگەرچی زۆربەی گەورەی کاتەکەیشی تەرخانکردبوو بۆ پێداچونەوەی کتێب و نوسینی وتار لە گۆڤارە خولییەکاندا، بە تایبەتیش (گۆڤاری ویستمینیستەرWestminster Review)، هەروەها بڵاوکردنەوەی کارەکانی باوکی و (بینتام) .

لەنێو کارە نەمرو هەرە گرنگەکانیشیدا، سەرەڕای ئەو سێ کارەی کە لەم کتێبەدا هەیە، کتێبەکەی لەبارەی لۆژیک کە لە ساڵی (1842) دا بڵاویکردەوە، هەروەها (ئابوریی سیاسیی) ( political economy) کە لە ساڵی(1848) بڵاویکرایەوە، هەروەها (لێکۆڵینەوەیەک لە فەلسەفەی ولیەم هامیلتون (Examination of sir Hamiltons philosophy) لە ساڵی (1869دا) بڵاوکرایەوە، هەروەها ئەترۆحەیەک بە ناونیشانی (ملکەچپێکردنی ژنان1 (The subjection women)، لەساڵی (1861)دا نوسراوە و لە ساڵی (1869) دا، بڵاوکراوەتەوە، هەروەها سێ وتار کەلەدوای مردنی بڵابوونەتەوە کە بریتین لە (سروشت)و (سودی ئایین) و مەزهەبی بەخوداکردن.

لەنێوان ئەو سێ کارەشیدا کە ئەم کتێبەمان لەخۆی دەگرێت، (تیۆری سودگەرایی) و (ئازادیی) و (لێکۆڵینەوەیەک لە حکومەتی پەرلەمانی). ئێمە وای دەبینینەوە کە کاری دووەم زۆر بەوردی گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی ئەو دەکەن. لەساڵی (1854)دا نەخشەسازی بۆ داناوە، پاشانیش بە گرنگیەکی زۆرەوە پێیداچووەتەوە، وەکو پێشکەشکردنی کتێبەکەش دەریخستووە، دەردەکەوێت زۆر سوودی لە هاوکاری هاوسەرەکەی و ڕەخنەکانی کردووە، پاشان کتێبەکەی لەدوای مردنی بڵاوکرایەوە، واتە لەساڵی (1859)دا. ڕاستیشە ئەگەر بڵێین کە ئەمەیان لە هەموو کتێبەکانی بەناوبانگترە و تێیدا ڕاوبۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی و بنەما کەسیی و تایبەتییەکانی لەخۆ دەگرێت، بەڵام (تیۆری سودگەرایی) کە بەرهەمی کۆمەڵێک وتاری (میل)ن کە پێشتر نوسیویەتی، یەکەمجار لە گۆڤاری فریز (Frazer Magazine)دا لەساڵی (1861) بڵاوبووەوە، پاشانیش جاری دووەم لە ساڵی (1863)دا بڵاوکرایەوە، هەروەها هەمان ساڵ (1861)لەگەڵ (لێکۆڵینەوەیەک لە حکومەتی پەرلەمانی)دا جارێکی دیکە بڵاوکرایەوە.

(میل) لەناو کلتوری مەزهەبی سودگەرایدا پەروەردە بوو، بە مانای وردی ئەم وشەیە، هیچ هەوڵێکی دارێژراو و ڕێکخراویش نییە، بتوانێت عەقڵی لاوێک پەرداخ بکات و بیخاتە سەر میزاجێک کە نەگۆڕێت وەک چۆن ئەو پلانە سەرسوڕهێنەرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە (بینثام4) و (میل 5)ی باوک سەپاندیان بەسەر (میل)ی لاوو پڕ لە هیوادا، بەڵام سەرەڕای ئەمە، نابینین تەنها لەژمارەیەکی کەمی بیرمەنداندا نەبێت، کە بتوانن وەک (جۆن ستیوارت میل) کرانەوەیەکی عەقڵی و هاوسۆزییان لەگەڵ ڕاو بۆچوونە جۆراوجۆرو تەواو جیاوازەکاندا هەبێت، (میل) هیواکانی باوکی بەدیهێنا بە بەردەوامیدان بە کلتوری مەزهەبیی سودگەرایی، بەڵام ئەو بۆ خۆی سودگەرایەکی جیاواز بوو وەک لە دواییدا دەیبینین.

(ئینتیقائیەت)6(Electiccism)ی (میل)، سەرچاوەی هێزو لە هەمانکاتیشدا لاوازیی بوو لە نوسینەکانیدا: سەرچاوەی هێزە، چونکە هۆکاری جەماوەرە (سودگەراییە) مەزنەکەی بوو، هەروەها وەڵامدانەوە بەرفراوانەکەی و هاوسۆزی لەگەڵ باشترین ئەو بیرۆکانەی کە لە قوتابخانە دژو نەیارەکاندا هەبوون، سەرچاوەی لاوازیشە؛ بەهۆی ڕێکنەکەوتن و نەبوونی ڕوونییەوە، کە زۆرجار هاوڕێیەتی عەقڵی هاوسۆز (عەقڵێک کە هاوسۆزی دەنوێنێت و سازشکارە) دەکات. (میل) ڕێزێکی زۆری بۆ باوکی و (بینثام) دادەنا، بەڵام مەودای ئەو جیاوازییە گەورەیەی نەدەزانی کە لەنێوان ناوەڕۆکی فیکری خۆی و هی ئەواندا هەبوو. کاتێکیش بۆی دەردەکەوت کە ڕاوبۆ چوونەکانی هاوڕێک نابێتەوە لەگەڵ فیکری ئەواندا، ئەوا ئەوپەڕی هەوڵ و کۆششی خۆی دەخستەگەڕ، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیانە کەم بکاتەوە، بەڵام کاتێک جیاوازیەکان دور دەبوون لەڕێز یان لەلایەنگیری بۆیان، ئەوا سەرسامی خۆی لە بەرامبەردا دەردەبڕین، بەڵام لەهەمانکاتیشدا

بەئازادییەوە ڕەخنەی لێدەگرتن. بۆ نمونە (کۆنت 7) کاریگەرییەکی مەزنی کردبووە سەر (میل)، بەڵام بەبەردەوامی هۆشیار بوو بەرامبەر بە خاڵەکانی جیاوازی کە هەبوون لەنێوان خۆی و(کۆنت)دا، ئەگەر ئەو بیشیتوانیانە بە شێوەیەکی بێگەرد لە بیروبۆچوونەکانی باوکی و (بینثام) بکۆڵێتەوە، ئەوا دەیتوانی بەشێوەی دیکەو جیاواز گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی خۆی بکردایە، بەڵام ئەمە سروشتی ئەو نەبوو.

لەبەرئەوە دەبینین لە هەموو کتێبەکانیدا بەشێوەیەکی تەواو یەکلاکەرەوە دەستگرتنی خۆی بە بنەماکانی سودگەراییەوە ڕادەگەیەنێت، بەڵام پاشان دەبینین بەهۆی بە ویژدانییەوە لە بڕیاردان و کراوەیی زەینییەوە دان بە هەندێک هەڵاوێردەییدا دەنێت و هەندێک خۆپارێزیش دەکات، کە سودگەرایی باوو کامڵ و تەسکبین بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی دانیان پێدا بنێت. ڕاستە وێنە کۆتاییەکە، زۆر نزیک بوو لەواقیعەوە، بەڵام ئەمە نمایشی تیۆرێکی دەکرد بە زۆرێک لە مەزهەبەوە، بەڵام کەمتر گونجاو بوو، بەو شێوەیە خوێنەری رەخنەگر بە بەردەوامی سەرسام دەبێت: بۆچی (میل) ئەم بیرۆکەیە، یان ئەوەیان وەردەگرێت؟!.. ئەو سور دەبێت لەسەر وەرگرتن و کارکردن بە بنەماگەلێکی گشتیی سەرەڕای نەگونجانی ئەم بنەمایانە لەگەڵ ڕوداوە دانپێدانراوەکاندا، ڕاستیەیەکەش ئەوەیە (میل) بەزەینە کراوەکەیەوە تەواو ڕەهاو ڕاشکاو بوو، سەبارەت بەو مەزهەبەی کە بۆی مابویەوە. ئەگەرچی توانای بۆ بونیادنانی مەزهەبێکی نوێ لاواز بوو. ئەگەر (میل) لوتبەرزیی (بینثام)ی هەبوایە ئەوا بە تەواوەتی لە مەزهەبەکەی (بینثام) جیادەبوویەوە و هەوڵیدەدا بونیادی مەزهەبێک بنێت کە زیاتر ڕاستگۆ بێت، لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە دەیناسین.

ئەو زیادەڕۆیی کرد لەدڵسۆزیدا وەکچۆن زیادەرۆیی کرد لە نەبوونی دیسپلین لە کارەکانیدا، ئەو وەک زۆرێک لەبیرمەندان کە هاوشێوەو هاوڕەوشی ئەم بوون وای بەباش زانی، وا لەو بنەمایانە بکاتْ، کە دڵسۆز بوو بۆیان هێندەی بکرێتْ نەرم بن، بێئەوەی بێزاری بکەن بەوەی کە زیاتر لەوەی لە توانادا بێتْ بارگرانیان بکاتْ. گومانی تێدا نییە ئەم شێوازە خەسڵەتْ و تایبەتمەندییەکی کاتی هەیە. وەک حاڵی هەمیشەیی نموونەی ئەم شێوازە؛ ڕاستە ئەو سیفەتی زەین و عەقڵکراوەیی و بێگەردییە کەوا نوسینەکانی (میل)ی پێناسراوە کەمەندکێشی چەندین کەس لە لایەنگرانی کرد بۆ مەزهەبەکەی، بەڵام لە ماوەی دووردا کاریگەرییەکی زیان بەخشیی هەبوو لەسەر (میل) وەک فەیلەسوفێک. دوو شێواز هەیە بۆ راڤەکردنی کتێبەکانی. رێگەی یەکەم بریتیە لە رێگە سروشتییەکە ئەویش ئەوەیە کە دانپێدانانەکەی وەربگرین بەوەی فەیلەسوفێکی سودگەراییە بەهەمان ئەو مانایەی کە لای (بینتام) و (میل) ی باوک هەبوون. ئەگەر بەم شێوازەش دەستمانپێکرد ئەوا دەبینین کە بیر کراوەیی (میل) دەبێتە هۆکاری ڕووخانی ئەو، چونکە هەموو دانپێدانانێک یان خۆپارێزییەک دەبێتە بیانویەک بۆ ئاگادارکردنەوەی بەشێوەیەکی توند بۆ ئەو بیروباوەڕەی کە دانیپێداناوە، بۆ کردنی بە شایەتێکی زۆرلێکراو بەسەر گەندەڵی و ناتەواویەکەیەوە. نموونەی ئەم میتۆدەیش سودی دەبێتْ وەک ڕاهێنانێکی لۆژیکی و لە لێکۆڵینەوەی پەرەسەندنی مێژوویی «مەزهەبی چێژدا» ،بەڵام لە بەهای ڕاستەقینەی نوسینەکانی (میل) کەم دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر رازیبون بەوەش کە ناتوانین بەهۆی ڕەوشە مێژوییەکەیەوە، چاوەڕوانی خستنەڕووی دەقێک و مەزهەبێکی تەواوەتی لێ بکەین، ئەوا دەتوانین بەو شێوەیە بۆ نوسینەکانی بڕوانین، وەک ئەوەی ئاماژە دەکەن بە رێگەیەک

بەرەو فەلسەفەیەکی نوێ، کە زیاتر لەمە بونیادنەر بێت. دەکرێت فەلسەفە بەدەست تەسکبینییەوە بناڵێنێت، هێندەی ئەوەی کە بەدەست ناهاوڕێکییەوە دەناڵێنێت، هەڵەیەکی گەورەشە ئەگەر لەبەهای ئەو فەیلەسوفانە کەم بکەینەوە، ئەوانەی کەبەرێژەیەک لەهاوسۆزی ئاشکراوە جەختدەکەنەوە، کە گرفتە فەلسەفیەکان بەگەورەترین ڕادە لە گشتگیریی و هەمەگیریی دەناسرێن، لە هەمانکاتیشدا دەبێت لە بەقەرزارباریی (میل) کەم نەکەینەوە بۆ پێشینەکانی خۆی لەفەیلەسوفە سودگەراکان، یان وەرگرتنی بنەماکانی ئەوان لەلایەن (میل)ەوە بەهەڵەیەک بزانین کەپەشیمانی بخوازێت. ئەو قەرزاری باوکی و بینتامە بەهۆی خۆشەویستیەوە بۆ ڕوونی و وردبینی، هەروەها ناڕەحەتبوونی لەو گشتاندنە ئاڵۆزانەدا کەناوی (سۆفیگەری) لێناون. ئەم بیرۆکانەیش خزمەتێکی گەورەیان بەو کردووە لە کارەکانیدا. لە واقیعیشدا ئەو پێدراوانەی کە پێویستە لەسەرمان لێیانبکۆڵینەوە لە هەموو چالاکییە مرۆڤایەتیەکاندا، ئیدی ئەگەر لەبواری ئەخلاق یان سیاسەت یان ئابوریدا بێت هەمەجۆرن، هەمەجۆرییەکی گەورە و ئاڵۆز بەڕادەیەک ئێمە خۆمان دەبینینەوە پابەندین بەوەی، یان وریایمان چڕبکەینەوە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە سادەو روون دەبن و رووداوەکانیش واز لێ بێنین، بۆ خۆیان بێن و بچن و نۆرە بکەن، ئەوەش هەڵەی (بینتام) بوو لە سیاسەت و هەڵەی ئابوریناسەکان بوو لە زانستی ئابوریی سیاسییدا، یان بە تەواوی دەستبەرداری بنەماکان بین کاتێک بۆمان دەردەکەوێت، کە تیۆرەکان ناتوانن رووداوەکان لەخۆ بگرن بەهۆی گەورەییانەوە، لەم حاڵەتەدا دەستەوسان دەبین بە ناچاریی لەپشت ئەو وشانەوە بمێنینەوە کە ئاماژە بە مانایەکی ئاڵۆزو ناڕوون و نیوە ئاشکرا دەکەن، یان مەزهەبێکی ئەزمونگەری وەربگرین کە رووداوەکان وا پێناسە دەکات بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی شاراوەیان

تێدا ببینێتەوە، بەڵام (میل) وریایی خۆی و خوێنەرەکانی لە پێویستیەکی دوولایەنەدا چڕ دەکاتەوە، ئەوانیش بیرکردنەوەی ڕوون و تێبینی بێگەرد و نەزیهانەیە.

بەڵام ئایا ئەو ڕوونییە فیکرییەی بەدیهێناوە، کە ئەو گرنگییەی پێدابوو، ئەمە پرسیارێکە ڕاوبۆچونەکان لەبارەیەوە جیاوازن، بەهۆی ئەوەی بەهیچ شێوەیەک ناکرێت ڕوونی فیکر هاوڕێکیی جیابکرێتەوە، لەپشت ڕوونی شێوازی (میل)شەوە بەبەردەوامیی ئاڵۆزیی و شاراوەییەک لەفیکردا هەیە. لەم سیفەتەیشدا هاوشێوەی (لوک)8ی مەزنی پێشینەیەتی. (لۆک) هەمان کرانەوەی فیکری هەبوو، هەمان ئارەزووی بێگەردی هەبوو بۆ داننان بە روداوەکاندا. هەرەیەکەشیان جەماوەرێکیان بۆ خۆیان بەدەستهێنا، بەهۆی شێوازە نەرم و ئاسانەکەیانەوە، هەردووکیشیان بەدەست هەمان تۆمەتی نەبوونی هاوڕێکییەوە ناڵاندویانە. هەردووکیشیان پێکەوە ئارەزووی ڕوونی و وردبینیان دەکرد، دەترسان لەهەموو شتێکیش کە لەلێکدانەوەدا سیفەتی ناڕوونیی و پەیپێبەریانەی تێدابێت، ئەمەش وایکرد هەردووکیان رقیان لە بەدواداچوونی ئەو دەرئەنجامانە بێت کە هەڵگۆزراوی ئەو شتانە بوون کە بڕوایان پێی هەبوو. (لۆک) لە سادەترینی ئەو نوسەرانە دەردەکەوێت کاتێک بە شێوەیەکی خێرا دەیخوێنینەوە، بەڵام کاتێک هەوڵدەدەین پوختەی دەرئەنجام و ناوەڕۆکی بیرۆکەکانی وەربگرین، یان کاتێک سور دەبین لەسەر ئەوەی کە پێویستە بە بەردەوامی هەمان وشەکان بە یەک مانا بەکاربهێنین، ئەوا لەم حاڵەتەدا مەزهەبەکەی بە شێوەیەک دەبینینەوە کە پڕە لە ئاڵۆزیی و ناڕوونیی. ئەم حاڵەتەیش لای (میل) بە هەمانشێوەیە، لە واقیعیشدا کاتێک ئەو وشانەی کە (میل) ڕقی لێیان دەبێتەوە، پەیپێبردن و بوونەوەری زیندوو، دەکرێت لەڕاستیدا ئەو وشانە ئاڵۆزو ئاماژە نادیاربن،

ئەمەش لەلایەکەوە بە هەمیشەیی بەو شێوەیە نییە، لەلایەکی دیکەشەوە بەبێ ئەم وێناکردنانە ناکرێت تێڕوانینێکی ڕاست و درووست سەبارەت بە کۆمەڵگە وەربگیرێت. ئێمە دەبینین (میل) بە بەردەوامی دەیەوێت بەرەو تێڕوانینێکی ئۆرگانی بچێت لەبارەی کۆمەڵگەوە، کە ڕێک و گونجاو بێت، بەڵام دەبینین لێی دەکشێتەوە لە ترسی ئەوەی نەک بکەوێتە ناو ئاڵۆزیی و ناڕوونییەوە. تاکە چارەسەرێکیش بۆ خۆلادان لەم گرفتە ئەوەیە، بە شێوەیەک بیربکاتەوە لەبارەی کۆمەڵگەوە کە روون بێت، چونکە ئەم تێڕوانینێکی فەلسەفی ڕاستەقینەیە، ئەمەش کارێکە کە هەرگیز نەیتوانی بەدی بهێنێت سەرەڕای ئەوەی کە ڕێگەکەی بەو ئاراستەیەدا خۆشکرد.

تایبەتمەندیی نوسین لای (میل) هیچ شتێک ڕوونی ناکاتەوە، هێندەی ئەوەی نامەکەی « تیۆری سوود» ڕوونی دەکاتەوە، کە لە پاش نامەکەی لەبارەی (ئازادیی)ەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام مادام بوارەکەشی فراوانترە ئەوا مافی ئەوەمان هەیە دەست بکەین بە توێژینەوەیەکی گشتیی لە بارەی تیۆری سودەوە وەک مەزهەبێکی فەلسەفی. ئەو بنەمایەی (میل) کە پەیوەستە بە مانای سودەوە مەسەلەیەکە، لەلایەنی زانستییەوە گوزارشت لەهەڵوێستی (بنتام) دەکات. لەوەدا ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە سود وەک بنچینەی ئەخلاق وەردەگرێت، یان گەورەترین ڕێژە لە خۆشگوزەرانی وایدەبینێت کردارەکان درووستدەبن هێندەی ئەوەی بەختەوەریی و خۆشی زیاد دەکەن، هەڵەش دەبن هێندەی ئەوەی کە بە هۆیانەوە پێچەوانەی خۆشی و بەختەوەریی بەرهەمدێنن. مەبەستیش لە خۆشی بریتیە لە چێژوو نەبوونی ئازار، بە ئازارکێشی و نائامادەیی چێژ. (میل) دەستی بە بەشی یەکەمی ئەم مەسەلەیەوە گرت، ئەمە ئەو بنەما سەرەکییە بوو کە ئەم ئەتروحەیە بەرگری لێدەکرد، بەڵام بۆ بەشی دووەمی ئەم مەسەلەیە ئەو خۆپارێزی و

هەڵاوێردەی زۆر زیاد دەکات، بەڕادەیەک کە پارێزگاری کردن لێی شتێکی لێ ناکەوێتەوە، ئاڵۆزی و ناڕوونی نەبێت. ئەمە لە کاتێکدا بەشی دووەم بەنسبەت (بینتام)ەوە زیاتر مایەی گرنگییە، چونکە مەزهەبەکەی زیاتر لەسەر گریمانەیەکی سایکۆلۆژی، سادە و لە هەمانکاتدا ناجەختلێکراو دەوەستێت، کە دەڵێت چێژو رزگاربوون لەئازار بریتیە لە تاکە مەبەست بۆ ئارەزوو یان بۆ ئیرادە. ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت، ئەو وتەیەی هیچ مانایەک ناگەیەنێت کە دەڵێت: پێویستە لەسەرمان ئارەزووی چێژ بکەین، پێویستی سایکۆلۆژیی دەڵێت هەر یەکێک لە ئێمە بەو شێوەیە کار دەکات کە پێیوایە ئەو کارە گەورەترین بڕ لە چێژی بۆ دەهێنێت. ئەوەش بریتیە لە حەقیقەتی جەوهەریی سروشتی مرۆیی: ئەمە خۆپەرستییە. ئەمە بریتیە لەواقیعی جەوهەری سروشتی مرۆیی، کەهاوپەیوەستە بەڕەگەزیی مرۆییەوە، کەپێویستە لەسەر یاسادانەر بەهەندی وەریبگرێت، پاشان گریمانەیەکی زۆر گرنگ بۆ ئەوە زیاد دەکەم ئەویش ئەوەیە کەدەکرێت چێژ ژمێرەبکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت قسەکردن لەبارەی کۆی چێژەکانەوە یان ژمێرەکردنیان قسەکردنێکی ماناداره، ئەمەش بەشێوەیەکی لاوەکی ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو چێژەکان لەرووی چۆنێتیەوە یەکسانن، ئەمەش لەبەرئەوەی چێژە جۆراوجۆرەکان لەرووی چۆنێتیەوە ناکرێت کۆبکرێنەوە، پاشانیش چێژ بریتیە لەئامانج لەئارەزوو کەناکرێت بەشێوەیەکی تەواوەتی رووت بکرێنەوە، لەو بابەتانەی کەبەرهەمی هێناون، (لەوەدا چێژ وەرگرتن لە یاریەکان و چێژوەرگرتن لەشیعر یەکسان دەبێت) هەروەک چۆن دەکرێت بەشێوەیەکی تەواوەتی ڕوت بکرێنەوە لەو کەسانەی کە هەستیپێدەکەن (هەموو کەسێک وەک کەسێکی دیکە وایـە، بۆ هیچ کەسێکیش نییە لەکەسەکانی دیکە زیاتر بێت). زیادەڕۆیش ناکەین ئەگەر ووتمان، کە شتێکی

روونە هەموو ئەم گریمانانە هەڵەن، چونکە ئارەزوو بابەتەکانی چێژ دەکاتە ئامانج نەک خودی چێژ. ئێمە هەست بەچێژ دەکەین تەنها کاتێک، کە ئەوەی دەمانەوێت بەدەستیدەهێنین، کەواتە پێویستە لەسەرمان سەرەتا شتێکمان بوێت. ئەمەش بەرۆڵی خۆی واتە ئێمە ناتوانین چێژ لەو بابەتە جیابکەینەوە کەبەرهەمی دەهێنێت. بەتەنها زانستی دەروونناسی قووڵیشە کە دەتوانێت گریمانەی ئەگەری پێوانەکردنی ڕێژەی چێژەکان بکات و بەراوردییان بکات بەیەک. ئەوەش مانایەکی نییە کە بڵێین دوو ڕێژە لەچێژ هەن کە تەواو یەکسانن، پاشانیش چێژەکان ڕەنگە تەواو یەک لەیەک جیاوازبن، پاشانیش ناکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە دەکرێت لەرووی چەندایەتیەوە بەراوردی چێژی کەسە جیاوازەکان بکەین، مەبەستم ئەوەیە ناکرێت کۆمەڵگە وەک کۆمایەک لە تاکەکەکان دابنێین، کە دەڵێت یاسادانەری داناو سەرکەتوو وا بڕوانێت کە چۆن دەکرێت هەر تاکێک لێیان هێندەی یەک چێژیان هەبێت، یان وەک یەک چێژ وەربگرن، لە ڕاستیشدا هیچ شتێک لەم سێ گریمانەیە ناکرێت بەشێوەیەکی (جەوهەری) بە تیۆری جۆن ستیوارت (میل) دابنرێن. ئەو ڕاشکاوانە گریمانەی دووەم ڕەتدەکاتەوە، لە مەسەلە بەناوبانگەکەیدا کە تێیدا چۆنێتی چێژەکان جیادەکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا لەگەڵ ئەو پێناسە بنەڕەتیەدا هاوڕایە، کە ئاماژەمان پێکرد، هەروەها رەتی گریمانەی سێیەمیش دەکاتەوە لەو وتەیەیدا کە تێیدا دەڵێت: ”وا باشترە کە مرۆڤ سوکراتێکی ناڕازی بێت لەوەی کە گەلۆرێکی ڕازی بێت» ئەو دەستبەرداری گریمانەی یەکەم دەبێت لەو مەسەلەیەدا کەوا کەشفی ئەو پارادۆکس (مفارقە)انە دەکات، کە لە مەزهەبی چێژدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: توانایی هۆشیارانە بۆ دەستبەرداربوونی بەختەوەریی تاک ساز دەکات، بۆ ئەوەی پێیوابێت دەتوانێت بەختەوەریی بەدیبهێنێت“.

پاشی سیانزە لاپەڕەیش شتێک نابینینەوە، کەلەبنەما بنەڕەتیەکانی مەزهەبی (بنتام) مابێتەوە، چونکە حسابکردنی چێژەکان و بەرژەوەندییە خودییەکان، جەوهەری مەزهەبی سودن لای (بینتام). فەلسەفەکەی ئەو دەشێت بۆ ئەو یاسادانەرەی کەوا دەڕوانێت بۆ مرۆڤەکان وەک چەند یەکەیەک کە توانایان هەیە بڕێکی یەکسان لەچێژ بەدی بهێنن، وەکو یاسادانەرێکیش ئەرکیەتی کە بیخاتە پێشچاوی خۆیەوە. ئەگەر بیشمانەوێت یاسا بێگەرد بێت، ئەوا لەمەدا ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ هیچ سێبەرێکدا بکات، ئەگەرچی کەمیش بێت لە جیاوازی چۆنێتی.، چونکە ئەو دەبێت تاکە گرنگیپێدانی بریتی بێت لە دڵنیابوونەوە لەوەی ئایا لای هەموو تاکەکان هەمان رێژەی یەکسان لەچێژ هەیە، لەم حاڵەتەشدا یاسا گرنگی نادات بە جۆری چێژەکانی تاک مادام چێژوەرگرتن لەو چێژانە دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا. لەڕاستیدا ئەم تەنگکردنەوە بەئەنقەستەو سادەکردنەوەیەکی بەهێزی گرفتەکە سەرچاوەی هێزە لە مەزهەبێکدا کە ئامانجی سەرەکی تێکشکاندنی (بەرژەوەندییە خراپەکان) و چاکسازیی گەندەڵییەکان. کاتێکیش کاتی ئەوە هات بۆ رووبەڕووبونەوەی گرفتی بونیادنان، کەموکوڕییەکانی وایان لێهات بە شێوەیەکی روونتر دەرکەوتن. کاتێکیش (جۆن ستیوارت میل) دەرکەوت، وەک لە دواییدا دەیبینین، کە پرۆسەی تێکدان بەشێوەیەکی کرداریی ڕوویدا بوو، ئاستەنگەکانی پرۆسەی بونیادنانیش خۆیان بەدیار دەخست.

لەسەر ئەوەش ئەگەر وازمان لە مەزهەبی (بینتام) هێنا، چی دەمێنێتەوە؟ دەبێت چی شوێنی بگرێتەوە؟ ئەمەش بە باشترین شێوە دەبینینەوە ئەگەر بەوردی لە خۆپارێزی (میل) بکۆڵینەوە دەربارەی چێژ، هەروەها چارسەرکردنی بۆ پەیوەندی لەنێوان چێژی تاک لەگەڵ چێژی کەسانی دیکەدا. (میل) جەخت دەکاتەوە کە چێژەکان دەگۆڕێن گۆڕانێکی

چۆنایەتی بەڕادەیەک کە دەکرێت چاوپۆشی بکەین، لەهەر پرسیارێک کە پەیوەندی بەچەندەوە هەبێت. «بوونی خاوەن بەهرەی باڵا پێویستی بەزۆر شت هەیە بۆ ئەوەی خۆشحاڵ ببێت، ئەگەری ئەوەش زیاترە کە تووشی هەستێکی پڕ ئێش و بەسوێ ببێتەوە، گومانیشی تێدا نییە کە ئەو زیاتر رووبەڕووی ئەم ئەشکەنجەیە دەبێتەوە لە بوونەوەرێک کە لەڕووی جۆرەوە لەم نزمترە، بەڵام بە چاوپۆشینیش لەوەی ڕەنگە کە ئەو ئازارەی رووبەڕوو بێتەوە ئەوا هەرگیز ناکرێت لابدات بۆ ئەو ئاستەی کە هەست بکات لە پلەیەکی نزمتردایە لە بوون“. کەواتە چێژ خۆی بۆ خۆی، چاکە نییە، لەواقیعیشدا مرۆڤەکان ئارەزووی ئەم چێژە ناکەن. ئەو پاڵنەریش کە وایان لێدەکات، بۆ ئەوەی هەر چێژێک هەڵبژێرن لەبری چێژێکی دیکە، ناکرێت بەرێژەی چێژەکە گوزارشتی لێ بکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی ڕەنگە یەکێک لەچێژەکان مرۆڤێک بە رادەیەکی کەمتر خۆشحاڵ بکەن، بەشێوەیەک لەوەی لەگەڵ چێژێکی تردا بوایەو بە شێوازێکی دیکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت جیاکاریی بکرێت لەنێوان بەختەوەریی و لەنێوان چێژدا، لێرەدا (میل) هاوپەیمانی لەگەڵ ئەرستۆ دەبەستێت لەدژی ئەریستیبوس9، لەگەڵ مەزهەبی بەختەوەریدا دژ بەمەزهەبی چێژ، بەڵام لەبەرئەوەی هەرگیز بەئاگا نەبوو لەوەی کە ئەو ئەم جیاکارییەی وەرگرتووە ئەوا ئەو بۆ جاری دووەم جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەکانی مەزهەبی چێژ بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو رووبەڕووی گرفتی بەختەوەریی ببێتەوە. ئەگەر بەختەوەریش ئامانجی مرۆڤ بێت، ئەوا بونیادی ئەم بەختەوەرییە چییە؟ کاتێک دەڵێین: چێژ وەرگرتن ناکرێت ببێتە پێوەری بەختەوەریی، ئەوە روون دەبێت کە پێویستە لەسەرمان بەدوای پێوەرێکی دیکەدا بگەڕێین، سەرەڕای ئەوەش بۆمان ڕووندەبێتەوە، ناکرێت بەو ئاسانییە لە رێگەی مەزهەبی

ئەزمونگەرییەوە گرفنەکە چارەسەر بکرێت، چونکە مرۆڤە جۆربەجۆرەکان لەرێگەی جۆراوجۆرەوە بەختەوەریی و بەدەستدێنن. پێویستیشە لەسەرمان لەنێوان ئەو مرۆڤە جۆراوجۆرانەدا بگەینە بڕیارێک، ئەوەش برێتیە لە گرفتی سەرەکی بەنسبەت ئەخلاقی ئەرستۆوە، چارەسەرکردنیشی برێتیە لەکاری عەقڵ. ئێستا دەردەکەوێت کە دەرکپێکردنەکانی (میل) بۆ ئاڵۆزییەکانی سروشتی مرۆڤەکان، و توانا هەمەجۆرو جیاوازەکانیان بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریی بەرەو هەمان ئاراستەی برد. دەڵێت: « بەختەوەریی تەنها بیرۆکەیەکی رووت و ئەبستراکت نییە، بەڵکو هەموویەکی عەینییە» هەروەها دەڵێت: « رەگەزەکانی بەختەوەریی زۆر هەمەجۆرن». پاشانیش ئەو پێیوایە گرفتێک هەیە و، دەبێت بڕیارێک وەربگیرێت لەنێوان ئەم چێژانەدا کەلەڕووی چۆنییەتیەوە جیاوازن. کە ئەو لەکۆتاییدا بەجێیدەهێڵێت بۆ «بڕیاری دادوەرە بەتواناو دادپەروەرەکان». ئەمەش پەنابردنی ئەرستۆمان بەبیر دەهێنێتەوە بۆ مرۆڤی دانا، بەڵام توانایی بڕیاردان، لای (میل)، بە زۆرترین ئەو ڕێگایانە دیاریدەکرێت کە میکانیکین بە هەڵبژاردن لەنێوان دوو چێژدا، کاتێک کە یەکێک لە چێژەکان رەزامەندی زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لەسەر دەبێت کە تاقیانکردوەتەوە، بە چاوپۆشین لەهەر هەستێکی ئیلزامیی ئەخلاقی بۆ هەڵبژاردنی، ئەوا ئەمە چێژێکە زۆرترین ئارەزووی لەسەرە، هەروەها بەڵگەی (میل) ئەو چێژانە دەگرێتەوە کە زۆرترین نەجابەت و بەرزترین پلەیان هەیە. ئەگەر راڤەی ئەم دەستەواژەیەشمان کرد بە شێوەیەک پیت بەپیتی ئەوا مەسەلەکە دەبێتە مەسەلەی ژمارەیەک کەس، مایەی گومانیشە ئەم پرۆسەیە ببێتە هۆی ئەو ئەنجامەی کە (میل) گریمانەی دەکات. سەرەڕای ئەوەش کاتێک (میل) دەدوێت لەبارەی ئەو (کەسانەی کە هەر دوو چێژەکە وەک یەکێک دەناسن و دەیخەملێنن، چۆن دەتوانین بڕیار

لەسەر ئەم خەمڵاندن و هەڵسەنگاندنە بەو شێوەیە بدەین؟ ئایا چاوبرسێتی (Gourmad)نییە کەڕەخنە لە فەیلەسوفێک بگریت و پێیبڵێیت» لە کاتێکدا کە تۆ خواردنەکەت دەخۆیت، بێگومان تۆ تامی ناکەیت و قەدری تەواوەتی خواردنەکە ناگریت». پاشانیش چاوبرسێتی دەسەڵاتێکی هەیە لەمەیدانی خۆیدا وەک دەسەڵاتی فەیلەسوف لە مەیدانەکەی خۆیدا.

لەڕاستیدا (میل) ئامادەیی نەبوو بەهەر چێژکردنێکی میکانیکی لەو شێوەیە ڕازیی بێت. شتێکی مەحاڵیشە مرۆڤ بتوانێت ئەم لاپەڕانە بخوێنێتەوە، بێئەوەی دەرک بکات کە حوکمی وازهێنان لای ئەو، ئەو مرۆڤە نییە کە خاوەنی گەورەترین رێژەیە لە شارەزایی، وەک ئەوەی لە مرۆڤی دیموکراسیدا هەیە لای ئەفلاتون، کە هەموو شتێک تاقی دەکاتەوە، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە کە زیاتر عەقڵانی و خاوەن شارەزاییە، ئەو ئاماژە بە هەڵوێستێک دەکات کە هاوشێوەی هەڵوێستی ئەرستۆیە، ئەگەرچی سەلماندنە کردارییەکە بێ ئەو دەوەستێت. چارەسەرکردنیشی بۆ گرفتی پەیوەندیی لەنێوان بەختەوەریی تاک و بەختەوەریی خەڵکانی دیکەدا هەمان خەسڵەتی هەیە، ئەو واز لەو بیرۆکەیەی (بینتام) دەهێنێت، کە دەڵێت بەختەوەریی کۆمەڵگە ڕاستەخۆ لە بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانی ئەو تاکانەوە پەیدا دەبێت، کە کۆمەڵگەیان لێ پێکدێت. ئەو لێرەدا بە شێوەیەکی جیاواز تێڕوانینێکی گەشبینانەی جێگیر لەبارەی یاسای کۆمەڵایەتی، لەگەڵ تێڕوانینێکی تەواو رەشبینانە لەبارەی کەسێتی فەردیی پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەو دان بەوەدا دەنێت، کەلەرەوشی بەرەو خراپیچوونی جیهاندا دەکرێت بەختەوەریی کەسانی دیکە بەدیبێت، لە رێگەی قوربانیدانی رەهاوە بە بەختەوەریی تاک؛ ئەو لەبری ئەوەی ڕەزامەندانە لەخۆپەرستی هەر یەکێک لە ئێمە بڕوانێت، دەبینین جەختندەکاتەوە کە توانای مرۆڤ بۆ کارێک بەبێ

بەختەوەریی، لە فەزیلەتێکی کۆمەڵایەتی پێویستە، لە کاتێکدا ئەمە واتە بوونی چەند هۆکارێک کە تەواو جیاوازن لە ئارەزووی هەمەکیی بۆ ئەو چێژەی کە (بینتام) گریمانەی کردووە. (میل) بەڕوونی دان بەمەدا دەنێت بە هەڵاوێردەی ئەو بەڵگە پێکەنیناوییە لە سەرەتای بەشی چوارەمدا کە تێیدا بنەمای سود لەسەر پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان دادەمەزرێنێت. دەڵێت:» بنچینەی جێگیر بۆ سود برینیە لە هەستی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤایەتی: ئارەزوو بۆ یەکگرتنمان لەگەڵ برا مرۆڤەکانماندا « هەروەها دەڵێت:» رەوشی کۆمەڵایەتی لە یەککاتدا، ئەوەیە کە سروشتییە و پێویستە، ئاساییە بۆ مرۆڤ هەتا ئەگەر بە هەڵاوێردەی هەندێک رەوشی لەسەر ڕانەهاتوو، یان بە پرۆسەیەکی ئەبستراککردنی ئیرادی، مرۆڤ ناتوانێت وێنای خۆی بکات تەنها وەک ئەندامێک نەبێت لە کۆمەڵگەدا». یەکێتی ئەو تیۆرەش کە دەڵێت: مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە مانای ئەوە دەگەیەنێت ناکرێت مرۆڤ وەک کۆبوونەوەیک لە تاکەکان دابنێین، کەتەنها پاڵنەرە خودییەکان لەپشتیەوەن، بەڵکو ئەو تێڕوانینێکی ئۆرگانی بۆ کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت، هەروەها لێرەدا وادیارە فیکری راستەقینەی (میل) ئاماژە بە بنەماگەلێک دەکەن قووڵترن لەوەی کە خودی خۆی دەرکی پێ کردبن، ئەو وەرگرتنێکی باڵایانە بۆ مەزهەبێک کە بۆی ماوەتەوە، ئەو بنەمایانەی لێ پەنهان دەکات ببینێت، بە تایبەتیش کاتێک بنەمای سزاکان (sanction) بەکاردەهێنێت کە جێی مەزهەبی چێژ دەگرێتەوە، جیاکاریی ئەبستراکت لەنێوان پاڵنەر(motive) و نیازدا (intention) هەروەها وای لێدەکات هەردژیەکیەک لابەرێت بەهۆی تیۆری کۆکردنەوەی مانا دژەکانەوە، هەر کەموکوڕییەک کە لە تیۆری سوددا هەبێت بە شێوەیەکی ئاڵۆز چاکی دەکاتەوە، بەڵام ئەمانە تەنها چەند مەسەلەیەکی زیـادەن. مەزهەبە

ڕاستەقینەکەی ئەو هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پەیوەستکردنی میکانیکیەوە لەنێوان سزاکان و کۆکردنەوەی مانا دژەکاندا.

لە تواناماندایە بەباشترین شێوە لە تیۆری (میل) تێبگەین، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تیۆرانەدا کە دژی دەوەستنەوە، ئەو بە درێژایی باسەکەی لەبارەی مەزهەبی سودەوە ئاماژە بە «قوتابخانەی پەیبردنی (الحدسیە) دەکات بەو پێیەی ئەلتەرناتیڤێکی زۆر هەڵە پێشکەش دەکات لەبارەی تیۆری سودگەراییەوە». یەکێک لە تایبەتمەندییە مەزنەکانی (میل) ئەوەیە، کە لەسەر ئەو ڕەگەزانە لەئەخلاقدا کە مەزهەبی پەیبردنی (الحدسی) ( intuitionism) قەدریان ناگرێت، ئەو لە هێرشەکەیدا هیچ نەرمییەک لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا نانوێنێت کە پێی باشە مەسەلەکان بەبێ ڕەخنەلێگرتن وازیان لێ بهێنرێت، و تەنها وەک نهێنیگەلێکی پەرلەئامێز ئاماژەیان پێ بکرێت، مەزهەبی سودیی لای ئەو هەر لەسەرەتاوە جەختدەکاتەوە، کە هەموو کردارە ئەخلاقیەکان دەبنە هۆی بەدیهێنانی یەک ئامانج کەدەکرێت دانیپێدابنرێت، و لەژیاندا بەدیبهێنرێت. لەواقیعدا بڕێکی گەورە لەبەڵگەکانی برییتە لەکۆششکردنێک لەپێناو عەقڵدا، ئەو هەوڵدەدات ئەوە بسەلمێنێت کە ژیانی مرۆڤایەتی لەنێکڕایدا ئامانجێکی عەقڵییە، ئەوەش هەوڵێکە بیروباوەڕێکی گەشبین ئیلهامی پێدەبەخشێت و هانی دەدات بەوەی دانپێدانانی ڕوون و ئاشکرا بەم ئامانجەدا هەنگاوێکی دورهاوێژ پێکدەهێنێت لەپێناو بەدیهێنانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا (میل) ناکەوێتە ناو هەڵەی ئەو گومانەی کە ئێمە لە تواناماندایە پرسیار بکەین دەربارەی هۆکاری هەموو شتێک. ئەو وەک هەر فەیلەسوفێکی پەیپێبەری (حدسی) بەتوندی بەرەو ئەوە دەڕوات، کە ئەم بنەما کۆتاییانە ناکرێت بسەلێمنرێن، بەڵام لە هەمانکاتدا جەختدەکاتەوە کە ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە

ناکرێت لێیان تێبگەین، و ناکرێت بیریان لێ بکەینەوە، ئەو دەتوانێت ژیانی ئەخلاقی وێنا بکات وەک گەشەکردنێکی هێواش لە سەرچاوەیەکەوە ناکرێت رازی بین بەوەی کە سیفەتێکی ئەخلاقی جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەتوانایدایە ئەوە ببینێت کە ڕاستی یاسا ئەخلاقیەکان بەهیچ شێوەیەک پشت بەمێژووەکەی نابەستێت، ئەو دەترسێت لەوەی کە پێشوەختیەو بێنیازە لەئەزمون، هەروەک دەترسێت لەو پەیپێبردنەی کە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم بیرکردنەوەدا، ئەمە لە کاتێکدا تیۆرەکەی، ئەگەر وەک پێویست لە بەڵگاندنە ناوەکییەکانی تێگەیشتن، جەخت لە شارەزاییەکی ئەخلاقی دەکاتەوە، کە پێکدێت لە بنەماگەلێکی سەرەتایی کە لە دواجاردا لەسەر بنچینەیەکی پەیپێبەریی وەریدەگرێت. هیچ سیستمێکی ئەخلاقی عەقڵیش، ناتوانێت رەگەزی ئەزموونی لە ئەخلاقدا فەراموش بکات، ئەمەش لە بەشی کۆتاییدا بەروونی لە شیکارکردنیدا بۆ ویژدان و راڤەکردنە جوانەکەی بۆ دادپەروەری دەردەکەوێت.

دوابەشی ئەم کتێبە کۆتایی دێت بەدانانی بنەمایەکی زۆر گرنگ بۆ تیۆری سیاسیی (میل). مەبەستم لێی گەیشتنە بەو قەناعەتەی کە سود پێوەری یەکەمە بۆ هەموو بەهاکان، بەوەش ئەو لەگەڵ ئەو وتەیەدا هاوڕا دەبێت کە دەڵێت (هەندێک سودی کۆمەڵایەتی هەن کە گرنگییەکی گەورەیان هەیە، پاشانیش پابەندو رەهاییە لە هەر سودێکی دیکە (سەرەڕای ئەوەی ڕەنگە زیاتر نەبێت لەسودەگەلێکی دیکە لەهەندێک نمونەی هەندەکیدا)، لەدەرئەنجامی ئەوەشدا دەبێت بیپارێزێت، ئەمەش هەروەها کارێکی سروشتییە، هەندێک سۆزیش تەنها لەڕووی چەندەوە جیاواز نین، بەڵکو هەروەها لەڕووی چۆنێتیشەوە. مەزنترینی ئەم سودە کۆمەڵایەتیانەش، بەبۆچونی (میل)، بریتیە لە ئـازادی، لەکاتێکیشدا مەزهەبی چێژ وا

دەردەکەوێت، وەک ئەوەی بەرەو ئەوە بڕوات، کە هەموو شتێک پێویستە خزمەتی بەختەوەریی کۆمەڵایەتی بکات، ئەوا ئێمە ناتوانین بنەماگەلێکی ڕەها دابنێین، سەبارەت بەماهیەتی بەختەوەریی، بەڵام پێویستە لەسەرمان شوێن ڕێنومایییەکانی ئەزمون بکەوین، ئەتروحەکەی ئەویش لەبارەی ئازادییەوە جەختنکردنەوەیەکی تەواوە بۆ بنەمایەک، کە یەکێکە لە بنەما ڕاستەقینەکانی بەختەوەریی کۆمەڵایەتی، هەتا هەر ئەزموونێک کە پێشێلی بکات، ئەوا پێشوەخت ئەو ئەزموونە بڕیاری شکستی بەسەردا دراوە.

هەروەها لێرەدا (میل) ناکۆک دەبێت لەگەڵ سودگەراکانی پێشوودا، کەدەرکیان بە بانگەشەی ئازادی کرد، بەڵام وەک ئامرازێکیان دانا بۆ بەختەوەریی کۆمەڵایەتی، بەبێ ئەوەی وەک پێویست باشترین ئامرازێک بێت. ئەو هەندێک جار پێویستە لەسەری ملکەچی بنەمای ئاسایش بێت. ئەو گۆڕانەی کە بەسەر (جۆن ستیوارت میل )دا هات، ڕوون دەربکەوێت لەژێر ڕۆشنایی پەرەسەندنە سیاسییەکان لەو کاتەدا. ئەو کات سودگەرا پێشینەکان دژ بە ئیمتیازاتەکان دەجەنگان و بەرگرییان لە بەرژەوەندییە ڕەواکانی هەژاران دەکرد. ئەوان بەوپەڕی ئاسانییەوە قەناعەتیان بەخۆیان کردبوو، کەوا نەهامەتی کۆمەڵایەتی و گەندەڵی سیاسیی، دەرئەنجامی کردارەکانی ئەو کەمینییەن، کە هێرشیان دەکردنە سەر، بەڵام (میل) لە چاخێکدا دەینوسیت کردارەکانی تێکدان تێیدا کۆتاییان هاتبوو، لە کاتێکیشدا کە تێیدا ئەوە روون ببووە کە داماڵینی کەمینە لەو ئیمتیازاتانەی کە زەوتتان کردبوون لەخۆیدا بەختەوەریی کۆمەڵایەتی بەدیناهێنێت، ناوەندی هێز لەئۆلیگاریشییەوە بەرەو دیموکراسی چوو، چیدی خەڵک ئەوانەی کە سودگەراکان بە خۆڕاگرییەوە بەرگریان لێکردبوون ئارەزووی وەرگرتنی ئامۆژگارییەکانیان نەمابوو، لەو کاتەدا کاری چاکسازیی دەزگای حکومەت

ئاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئەم سەرکەوتنە گرفتێکی نایەوە، سەبارەت بەوەی کەدەبێت دەزگا نوێیەکە پێی هەستێت. سودگەراکان پێیانوابوو گەل زیاتر لە جاران دەستێوەردانی حکومەتی پێباشە، نەک کەمتر، بەڵام سودگەرا توندڕەوەکان دەستیان گرت بە بنەماکانیانەوە و نەفرەتیان لە ڕووداوەکان کرد. ئەگەر هەموو شتێکیش لە رەوشێکی باشدا نەبێت ئەوا هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەرژەوەندییە شێوێنراوەکان بە تەواوەتی لەناو نەبراون سەرەڕای ئەوەی سنوردارکراون. ئەگەر پرۆسەی ململانێکانیش سودبەخش نەبووبن، وەک ئەوەی کە (بینتام) گریمانەی دەکرد، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەستێوەردانی دەبێتە هۆی ئەوەی مەسەلەکان خراپتر بن، بەڵام هاوسۆزییە فراوانەکەی (میل) وای لێکرد گرفتەکە بە شێوەیەکی جیاواز ببینێت. ئەو لەگەڵ کارلایل (Carlyle)10 هاوڕا بوو لەسەر گرنگیی ئەو پرسیارە پێداگرە لەبارەی (ڕەوشی ئینگلتەرا)وە. هەروەها هاسۆزی دەنواند لەگەڵ بەڵگەنامەیی (Chartism)11، هەروەها ئامادە نەبوو سەندیکاکانی بازرگانان لابەرێت، بەڵکو ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر سۆشیالیزم وردە وردە و بەشێوەیەکی مەرجدار. هەروەک چۆن بیروباوەڕێکی گەشبینانەی هەبوو بە بڕی ئەو چاکەی کە دەکرێت بەدەستبهێنرێت لەرێگەی دەستێوەردانی داناییانەی سۆشیالیزمەوە. لێرەوە ئەتروحەکەی لەبارەی ئازادییەوە لەناوبردنێکی فەردیی نەبوو بۆ حکومەت، هەروەک چۆن نەبووە یەکێک لە ڕاگەیەنراوە بڵاوەکان لەبارەی کارەسات و بێنەوایی و نەهامەتیەوە، کە بێگومان دەکەوێتە ڕێڕەوی گۆڕانکارییە سیاسییەکان، کە زۆرجار کاروانی ڕوداوەکـان ساختەی کردووە فڕێیداوەتە ناو جیهانی لەبیرچوونەوەوە. هەندێک لەو مەترسیانەی کە ئەتروحەکە گوزارشتی لێکردبوون ڕەوینەوە، هەروەها دەتوانین بڵێین بە کۆدەنگی توانرا واز لە هەندێک لە پێناسەکان

بهێنرێت کە (میل) داڕیشتبوون دەربارەی دەستێوەردانی درووست و نادرووستی حکومەت، بەڵام ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گشتیی گرنگییەکی هەیە کەئەو گرنگییە مێژووییە تێدەپەڕێنێت. ئەوەش بەرگرییەکی ڕەوانە کەپاساوی خۆیی هەیە، لەبنەمایەک کە (میل) پێیوابوو دانپێدانانی بەنرخترین شتێکە لەکۆمەڵگەدا، ئەو لەخۆیدا بەهایەکی جێگیرو سودێکی هەمیشەیی هەیە. (میل) وا خەیاڵی دەکرد -هەر چۆنێک بێت، زۆر زیاتر بەدەست دێنێت، لە تەنها پێداگرییەک لەسەر ئەو بەهایەی کە ڕێزو قەدری ئازادی نازانێت، ئەو پێیوابوو بنەمایەکی دۆزیوەتەوە کە توانای ئەوەمان دەداتێ حوکم بکەین، ئیدی ئەو یاسایە هەرچۆنێک بێت کە لەو ڕۆحە کەمدەکاتەوە، یان پێیدا دەکێشێت. ئەوەش مەسەلەیەکە تەواو جیاوازەو وا دەکات بەڵگەکەی (میل) کراوە بێت لەبەردەم پرسیارو مشتومڕدا. چونکە وەڵامە ڕاستەکە پشت دەبەستێت بە تێڕوانینێکی درووست بۆ پەیوەندیی لەنێوان کۆمەڵگە و ئازادیدا. (میل) دەستیگرت بەو بیرۆکەیەوە کە دەڵێت: هەر دەستێوەردانێک حکومەت خۆی لەخۆیدا پێشێلکرنی ئازادییە، ئەمەش بیرۆکەیەکە گریمانی هەڵوێستێکی ناڕاستەوخۆ دەکات، کە دژ بە هەر دەستێوەردانێک دەوەستێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینە یۆتۆپییەکەی بۆ ئازادی، وەک پێناسەمانکرد، نەک تەنها درووستە هاوکات ڕوونیشە، کە کۆمەڵگەش لەخۆ دەگرێت. ئەو پێیوایە بەبێ دەوڵەت، هەروەها بەبێ ڕێژەیەک لەدەستێوەردانی حکومی ئەوا ئازادی شتێکی مەحاڵ دەبێت. ئەمە لەکاتێکدا کەبنەمای جیاکاری لای ئەو لەسەر جیاکردنەوە دەوەستێت لەنێوان ئەوەی بەلای دەوڵەتەوە گرنگ دەبێت و ئەوەی بەلای تاکەوە گرنگ دەبێت، ئەمەش مەسەلەیەکە لە واقیعدا لەگەڵ تێڕوانینە یۆتۆپیەکەیدا دژ دەوەستێتەوە.

لە واقیعدا ئێمە دەتوانین گرفتە ڕاستەقینەکەی بەڕوونییەکی زیاترەوە بخەینەڕوو بەئاماژەکردن بۆ ڕاوبۆچوونە هاوچەرخەکان: هیچ کەسێک نەبوو کە بە پەرۆشەوە بەرگریی لە ئازادیی فیکر بکات، جگە لە ژمارەیەک لە سۆشیالیستە نوێگەرەکان نەبێت، هۆی ئەمەش ناگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە ئەوان کەمینەیەک بوون بەدەست دەمارگیرییەوە ناڵاندویانە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لێیان وەک روون ئاشکرایە، گرنگییەکی زۆریان دەدا بە ئاکگەرایی، هەروەها بەفرەجۆری و ئازادی ئەو ئەزمونەی کەقەدرو ڕێزێکی زۆریان بۆ دادەنا. ئەوان بوارێکی ئازادبوون و بەوپەڕی هێزەوە نکوڵی ئەوەیان دەکرد، کە ئەوە دژیەکیەکی گشتیی دەخاتەڕوو، هەروەها جەختیان لەوە دەکردەوە لە مەزهەبە سوشیالیستیەکەی ئەواندا، کەسێتی بوارێکی ئازادی هەیە، ئەوان لەلایەکەوە ئارەزووی دەستێوەردانێکی کۆمەڵیی چڕیان دەکرد لەلایەن کۆمەڵگەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە یەکەم کەس بوون کەوا جەختیان دەکردەوە، لەوەی چەند مەسەلەیەکی دیاریکراو هەن، ناکرێت دیسپلین بکرێن، بەڵکو بۆ لە خۆوەیی بەجێ دەهێڵرێت. ئەوەش کە سەیرە ئەوەیە تیۆرەکەیان زۆر جیاواز نییە لەتیۆرەکەی (میل)، ئەویش لە هەندێک حاڵەتدا داوای دەستێوەردانی زۆری دەکرد، بەڵام ئەو هەڵەیەی کەتێیکەوت ئەوەیە کە زۆر بەتوندی بڕوای بەئەگەری چاککردنی کۆمەڵگە هەبوو، لە ڕێگەی ڕۆشنبیریی و دەزگاکانی حکومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سوربوو لەسەر دەستێوەردانی دەوڵەت لە بوارەکانی تردا. لە واقیعدا ئێمە بۆ ئەوەی بە ویژدانەوە تیۆرەکەی هەڵبسەنگێنین، دەخوازرێت لێمان کە دان بە دوو شتدا بنێین: یەکەم: دەستێوەردانی حکومەت لەخۆیدا لەگەڵ ئازادیدا دژ ناوەستێتەوە، هەروەها بە تەنها بیرمەندی رووکاریی، یان سیاسیی لایەنگیر بەرەو ئەوە دەڕوات، کە بڵێت ئەگەر ئێمە دەستێوەردانی دەوڵەتمان

قبوڵکرد له مەسەلەیەکدا، ئەوا دەبێت له هەموو شتێکی دیکەشدا قبوڵی بکەین، هەروەها دەنگدان دەربارەی سیستمی گەیاندنەکان هەنگاوێکە بەرەو دەنگدان لەپێناو کڵێساکاندا، یان ناکرێت ڕەزامەندیی دەربېڕدرێت لەسەر دەستبەسەراگرتنی هەرەوەزی بۆ سەرمایە بەبێ ئارەزووکردنی ئەوەی کە دەست بەسەر ئەدەب یان شیعردا بگیرێت، یان ئەوەی دەوڵەت چاودێریی بەرهەمەکەی بکات.

**دووەم:** ئەوانەی بەتوندی بەرگریی لەدەستێوەردانی دەوڵەت دەکەن، بەتوندیی لەدژی هەندێک لەشێوەکانی دەستێوەردان دەوەستنەوە، هەتا بەنسبەت بیرمەندێکی سۆشیالیستیەوە وای لێدێت، کە پێویست بکات ئەو جیاوازییە بدۆزێتەوە کەلەنێوان دەستێوەردانێکدا هەیە، کەدەبێت قبوڵ بکرێت، هەروەها دەستێوەردانێک کەپێویستە ڕێگیری لێبکرێت.

لێکۆڵینەوەکەمان بۆ بەشی دووەم و سێیەم له ئەترۆحەکەی (میل) ئەوە بەروونی ئەوە دەخاتەڕوو، کە ستایشکردنی لەسەر ڕۆحی ئازادیی سەربەخۆیە له بنەماکەی له جیاکردنەوەی لەنێوان یاسادانانی ئازادو یاسادانانی زۆردارانـەدا. ئەم بەشانەش جوانترین بەشەکانی کتێبەکەن کە دەشێت وەک سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش هەموو ئەو کەسانە بەکاری بهێنن کە گرنگیی بەکەسێتی دەدەن، بەچاوپۆشین لەوەی کە ئایا ئەو لەپشتیوانانی سۆشیالیزمە یان ناگەرایی. لێرەدا (میل) خۆی گوزارشت له باشترین شت دەکات، مەبەستم هاوسۆزی و ڕێزگرتنییەتی لەکەسێتی کەسانی دیکە. سروشتی خێرخوازی ئەو پرشنگ لەمیانەی نوسینەکانیدا دەداتـەوە، ئەو ئازادییەی کە ئەو ستایشی دەکات، لەم بەشانەدا تەنها گوزارشتێکی سلبیی نییە، بەڵکو نمونەیەکی باڵای ئیجابیە. سەرزەنشتەکانیشی دژی دەوڵەت و ڕێکخستنەکەی نین، بەڵکو دژی هەستی ملکەچانەو دەمارگیرانەی

هاووڵاتیانه. لەواقیعشدا ئێڕوانینه یۆتۆپییەکەی حکومەتێک دەخوازێت کەئەندامەکانی کەسانێک بن شانازی بەتاکانەیی و هەمەجۆری خۆیانەوە بکەن، و ڕێز لە کەسایەتی خۆیان و کەسایەتی دراوسێکانیان بگرن و، بەپێی تواناش دوربکەونەوە لەلاسایکردنەوەی مەیمونانەکان کە ناڕەزایی لێ دەردەبڕێت. بیرۆکەیەکی جیاو تایبەت لەلای یۆنانییەکان بڵاوبوو کەدەڵێت باشترین دەوڵەت ئەوەیە کەتاڕادەیەکی زۆر لەکۆمەڵگەی یاوەر و دۆستان دەچێت. وا دیارە (میل) دەیویست نمونەی باڵای دۆستایەتی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت: لەوێوە کەدۆستان کۆمەڵێکی جیاوازن، بەڵام ڕێز لەجیاوازیەکانی یەکتری دەگرێت، بەڵام ئەمە نمونەیەکی باڵای رۆحییە، ناکرێت پێبگەیت تەنها لەرێگەی گەشەکردنێکی ڕۆحی مرۆڤەکانەوە نەبێت، کەئەمەش یاسا ناتوانێت بەدیبهێنێت. (میل) تەسلیم بەمە دەبێت:» ئەو گرفنەی کەڕووبەڕوومان دەبێتەوە لەجەختکردنەوە لەم بنەمایە بریتی نییە لەدیاریکردنی ئەو ئامرازانەی کە کار بۆ بەدیهێنانی دەکەن، بەڵکو بێ موبالاتی و گوێپێنەدانی خەڵکە، بەشێوەیەکی گشتیی، ئەگەر ئێمە دەرکمان بەوە کرد کەپەرەسەندنی تاکانەی ئـازاد، بریتیە لە یەکێک لەرەگەزە جەوهەرییەکان بۆ بەختەوەریی، رەگەزێک نییە کە یاوەر بێت لەگەڵ هەر شتێکدا کەپێیبوترێت شارستانییەت، یان رۆشنبیریی یان فێرکردن، بەڵکو بەشێکی پێویست و مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەسەلانە، ئەوا مەترسی کەمکردنەوەی لە بەهای ئازادی نەدەبوو، ئاستەنگییەکی گەورەمان نەدەبینییەوە لە دیاریکردنی هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان ئازادی تاک و دەسەڵاتی کۆمەڵگەدا».

گرنگترین شت بریتیە لە رۆح: ئەگەر تاکەکان هەستبکەن و رێگەیەکی ڕاست و درووستیان بگرتایەتەبەر، ئەوا یاسا گرنگی دەدا بە کاروبارەکانیان،

هەروەها ئەگەر کۆمەڵگەیەکمان هەبێت پێکهاتبێت لە تاکگەلێک کە گرنگییەکی توندییان بە ئازادی بدایە، ئەوا ئەو تاکانە دەیانتوانی دەست بە مەزنترین لایەنەکانی سۆشیالیزمەوە بگرن، بەبێ ئەوەی لێیەوە توشی هیچ زیانێک ببنەوە، چونکە ئەوە ئەو نییە کە پارێزگاری لە ئازادی دەکات، یان تێک و پێکی دەدات، بەڵکو ئەوە ڕۆحی گەلە کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

هەموو ئەوانە زۆر جوانن، بەڵام (میل) بۆ بەدبەختی پێیوابوو، کە هەژارییەکی خەمناک هەیە بۆ ڕۆحی ئازادیی ڕاستەقینە لەم کۆمەڵگەیەی ئێستادا، هەندێک لە یاسادانان هەیە، ڕەنگە یارمەتی گەشەکردنی بدات، هەندێکی دیکەش ڕەنگە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەکردنیدا دروست بکەن، بەو شێوەیە دەچینە سەر پرسیارێک دەربارەی ئەو پێوەرەی کە دەکرێت پاساو بدرێتەوە سەبارەت بە دەستێوەردانی دەوڵەت. لێرەدا ئاستەنگییەک دەردەکەوێت کە خۆی دەسەپێنێت ئەویش: ئایا لە توانامانادایە شتێک بکەین جگە لە ئامۆژگاریی و وریایدان؟ وەک (میل) وەسفی دەکات بۆ داڕشتنی - یاساگەلێکی لێبوردە بەبێ ئەوەی بگۆڕێت بۆ لێبوردنێکی راستەقینە؟ دەکرێت ئەمە بێنەدی، بە یەکێک لەم دوو ڕێگەیە:

**یەکەم:** ئەگەر یاساکان دەستەبژێرێکی رۆشنگەر دایانڕشتبێت، ئەوا زۆرینە دەمارگیرەکە شوێنی دەکەون، بەمەش ئەوان لەسەر بنچینەی متمانە بنەماکانی قبووڵ دەکەن.

**دووەمیش:** ئەگەر توانرا لە تاکەکاندا قەناعەت بە دەمارگیرەکان بکرێت، بەوەی یاسا دەمارگیرەکان لە ئاییندەدا ئامانجەکانیان تێکوپێک دەدات و نایانهێنێتە دی. دواتریش چارەسەری خاڵی یەکەم دەکەین. وادیارە زۆرێک لەو شتانەی کە (میل) دەیانڵێت بە شێوەیەکی بەردوام بە دەوری ئەو یاسایانەدا دەسوڕێنەوە کەوا کەمینە بۆ بەرژەوەندیی ئەوانی دیکە

دایاندەڕێژێت، پرسیارەکەش تێکەڵ دەبێت: تا چ مەودایەک ڕەوا دەبێت کۆمەڵێک لە تاکەکان خۆیان جڵەو بکەن؟ لەگەڵ ئەو پرسیارەدا کە تا چ ڕادەیـەک، ڕەوا دەبێت تاکە نایاب و باڵاکان لەناو کۆمەڵدا ڕەفتاری ئەو کەسانە دیسپیلین بکەن، کە لـەڕووی پلەو پایەوە نزمترن لەپێناو بەرژەوەندییاندا، بێگومان ئەم دووانە لەبواری پراکتیکیدا تێکەڵ دەبن، بەڵام جیاوازیکردن لە نێوانیاندا گرنگە.

بـەڵام خاڵی دووەم: ئەو شایستەی گرنگیپێدانێکی گەورەترە؛ لەبەرئەوەی پێوەرێکی ڕاستگۆو ڕەوا پێشکەش دەکات، هەندێک مەسەلە هەن کە زۆرلێکردنی یاسایی ناتوانێت بەدیان بهێنێت. بۆ نموونە ئێمە ناتوانین، بە بەکارهێنانی هەرجۆرە هێزێک مرۆڤێک ئیلزام بکەین بەو شێوەیە بیر بکاتەوە کە ئێمە دەمانەوێت، سەرەڕای ئەوەی کەڕەنگە تۆ مولزەمی بکەیت کە بڵێت بەو شێوەیە بیر دەکاتەوە، کە تۆ دەتەوێت، هەروەها ناتوانیت بە بەکارهێنانی هێز وا لە مرۆڤێک بکەیت کە زۆر گرنگی بە بەرژەوەندییە کەسییەکانی بدات، نەک لەبەرئەوەی ئەم یاسایە لەڕووی هێزەوە هەژارە و بێهێزە یان لەبەرئەوەی یاساکە لاوازە، ڕەنگە ئازارێکی گەورەی پێبگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجە خوازراوەکە بەدی ناهێنێت. هەنگاوی یەکەم بەرەو لێبوردنی ڕاستەقینە بەڕای من بریتیە لە دانانی بەوەدا کە فشار سود ناگەیەنێت، بەڵکو ڕەنگە ئامرازێکی مەترسیدار بێت لە مەسەلەکانی رۆحدا، ئەو لە توانایدایە تێکبدات، بەڵام توانای بونیادنانی نییە. ئەمە بریتیە لە بنچینەی ڕاستەقینە بۆ بنەمای (میل). بەو شێوەیە ڕەوا نییە یاسا دەست لەڕەفتاری کەسیی پوخت وەربدات. ڕەنگە ئەم بنەمایەش کاریگەر بێت لەبواری یاسای تاوانییدا، چونکە ئامانجی سزادان لە بنەڕەتدا چاکردنی مرۆڤەکان نییە، چونکە هێز ئەوە بەدیناهێنێت،

بەڵکو پشتگیریی سیستمی مافەکانە، بێگومان بەکارهێنانی زەبروزۆر لەو بوارانەدا لەژیانی کۆمەڵایەتی کەبەهایەکی ئۆرگانی و لەخۆوەیی هەیە و خۆی خۆی ئیدانە دەکات.

بەڵام کۆمەڵگە دەتوانێت بەرێگەو شێوازێک دەستێوەر بدات کە جیاواز بێت لەبەکارهێنانی ڕێگەی زەبروزەنگی ڕاستەوخۆ. وا دەردەکەوێت (میل) لە دوو بڕگەی بەناوبانگدا لەسەر دەستێوەردانی لەم جۆرە ڕازی دەبێت، لەچەند حاڵەتێکدا کە ڕێگە بە سەرکۆنەکردنی زۆرلێکردن دەدات. بەشی هەر گەورەش لە دەستێوەردانی یاسایی پشت بە سزادانی خەڵک نابەستێت، لەبەرئەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان فەرامۆشکردووە، بەڵکو جەختکردنەوەی لەسەر ئەوەی کەئەرکی سەرشانیانە هەستن بەهەندێک کاروکردەوە بۆ نموونە پارێزگاریکردن لە ئاستێکی دیاریکراوی پاکوخاوێنی ڕەنگە پێشی هەستن و ڕەنگیشە پێی هەڵنەستن، ئەگەر بۆ خۆیان بەجێبهێڵرێت یان بە بەکارهێنانی ڕێکخستنی حکومیی بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە ناکرێت بە شێوەیەکی ئیرادی جێبەجێ بکرێـت، کەواتە پەیوەندییەکە چییە لەنێوان یاسایەکی لەم شێوەیە و لەنێوان ئازادیدا؟!.

(میل) بە شێوەیەکی ورد جیاکاریی لەنێوان ئەم دوو ڕێبازدا دەکات بۆ دەستێوەردان. یەکەم: بەسەر تاکدا ڕەفتارێکی دیاریکراو بسەپێنین کە ڕەنگە ئازادییەکەی پێشێل بکات. ئەو بنەمایەش کە لێرەدا جێبەجێ دەکرێت بریتیە لەوەی کە « تاک بەرپرسیار نییە لە کردەوەکانی لەبەردەم کۆمەڵگەدا مادام ئەم کردەوانە کارناکاتە سەر بەرژەوەندیی هیچ کەسێک، جگە لە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی نەبێت»، بەڵام میتۆدی دووەم: « ئەو پاساوانەی کە دەوترێن دژ بە دەستێوەردان پەیوەست نییە بە بنەمای ئازادییەوە: گرفتەکە لە جڵەوکردنی کردەوەی تاکەکاندا نییە، بەڵکو لە یارمەتیدانیاندایە.

جیاکارییەکە ڕوون نییە، بەسیفەتی ئەوەی چونکە یاسادانان ڕەنگە لەگەڵ هەندێک کەسدا دەستێوەردان بکات، بۆ ئەوەی کە یارمەتی خەڵکانی دیکە بدات، بە شێوازێک کە یارمەتی خۆیان بدات لە یارمەتیدانی خۆیاندا، بۆ نموونە دانانی یاسا بۆ کارکردن کە کرێکار ناچار دەکات لە ڕۆژێکدا هەشت کاتژمێر کار بکات لەبری ئەوەی مەسەلەکە بۆ ساز بەجێبهێڵرێت. لەلایەکی دیکەوە دەستێوەردانێک هەیە لەجۆری دووەم کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کردەوەکانی کەسانی دیکە جڵەو دەکات وەک یاساغکردنی ململانێ، بۆ نمونە، لەرێگەی قۆرخکردنی حکومییەوە. هەرچۆنێک بێت لای (میل) پاساوگەلێک هەبوو دژ بەجۆری دووەم لەدەستێوەردان کەپەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بەبنەمای ئازادییەوە. وا باشترە کردەوەکان بە ئازادی و هەڵبژاردن ئەنجامبدرێن، لەبری ئـەوەی حکومەت پێی هەستێت، چونکە هەر شتێک کە لە هێزی حکومەت زیاد دەکات کارێکی خراپە، ڕاو بۆچوونەکانیشی دەربـارەی ئەم دوو جۆرە لەدەستێوەردان، هەمان هەڵوێستی گشتیە بەرامبەر بە دەوڵەت، ئەوەش هەڵوێستێکە کە بە تەواوی لەو بنەما گشتییەدا کە داپڕشتوە گوزارشتی لێ ناکات، ئەم هەڵوێستەش ئەو بیرمەندانە وەریدەگرن، کە بە شێوەیەکی ورد تەسلیمی نابن .

وا دیارە نامەکەی (میل) سێ مەسەلەی جیا لەخۆ دەگرێت، سەبارەت بەو پەیوەندییەی کە لەنێوان دەوڵەت و ئازادیدا هەیە، سەرەڕای بنەما ڕەواکە کە بریتیە لە: نابێت زۆرلێکردن بەکاربهێنرێت بۆ بەدیهێنانی ئەوەی کە لە جەوهەریدا، ئامانجێکە رۆحییە.

**ئەم مەسەلانەش بریتین لە:**

**یەکەم:** زیادبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت ئازادی دەشێوێنێت.

**دووەم:** لە توانامانداية لە ژیانی مرۆڤایەتیدا جیاکاری بکەین لەنێوان ئەو بەشەی کە تێیدا، گرنگیدان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر تاک وەستاوە، هەروەها ئەو بەشەی کە گرنگیدان تێیدا لە بنەڕەتدا لەسەر کۆمەڵگە دەوەستێت، ئازادیش دەشێوێنرێت، ئەگەر حکومەت دەستی لە بەشی یەکەم وەردا.

**سێیەم:** لەبەرئەوەی بە نرخترین ڕەگەز لەژیانی مرۆڤدا بریتیە لەهەڵبژاردنی لەخۆوەیی، ئەوا هەر شتێک کە بە بەکارهێنانی هێزو زۆرەملێ بەدەست دەهێنرێت، ئەوا لە سنوری ئەو هەڵبژاردنە کەم دەکاتەوە لەوێشەوە بواری ئازادیی بەرتەسک دەکاتەوە.

**کات ێکیش بە کورتی لەم سێ مەسەلەیە دەکۆڵینەوە**

یەکەم: ئەگەر بە وردی ڕامایین دەبینین پێشەکی ئەوە گریمانە دەکات، کە کردەوەی دەوڵەت و ئازادیی دژ بەیەکن، ئازادیش کاتێک کامڵ دەبێت، ئەگەر دەستێوەردانی حکومی بوونی نەبێت. پێشتریش بینیمان کە (میل) ئەم هەڵوێستە کار ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەردە لەسەر بێزاری و خەشمێکی گشتیی لادەدات دژ بە لێپێچینەوەکانی دەوڵەت، کەوا دیارە لەسەر بناغەکەی بونیاد دەنرێت. کە ئەوەش ئەم دوو هەڵەیە دەگرێتەوە: (1) پێویستە تاک لەپێشی هەبێت بەسەر دەوڵەتدا، ئەگەر دەوڵەت ڕێگیریت نەکات لە کردنی ئەوەی کە دەتەوێت بیکەیت، ئەوا دەسەڵاتی کردنیت هەیە. ئەمە لەکاتێکدا ئازادیی، لەڕاستیدا وەک (میل) پێناسەی دەکات، فەزیلەتێکی ئیجابییە، کەسێتی و ئامادەگییەک لای تاکەکان لەخۆ دەگرێت، کە تەنها ئەو کۆمەڵگەیانە بەرهەمی دەهێنن کە زۆر پێشکەتوون(2). ئەڵتەرناتیڤەکان ئەوەن کە یان دەستێوەردانی دەوڵەت

هەڵبژێریێت، یان دەستێوەرنەدانی. ئەو دان دەنێت بەوەی کە ڕەوشەکە بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، بەڵام ئەم هەڵەیە بڵاوە و ئەو دەرئەنجامانەش کە لە ڕاستکردنەوەی دەکەونەوە گرنگن، چونکە پاساوهێنانەوە بۆ دەستێوەردانی دەوڵـەت، برێتیە لە دەربازکردنی تاک لە دەستێوەردانی کەسانی دیکە ئەوانەی کە لەم بەهێزترن لە کاروبارە تایبەتییەکانیدا. ئازادی ڕاستەقینە مومکینە، نەک لە جیهانێکدا کە تێیدا پەیوەندییمان نییە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بەڵکو لەکاتێکدا کە پەیوەندییەکانمان پێیانەوە گوزارشتێک دەبێت لە عەقڵ. بەو شێوەیە بەڕادەی ئەوەی کە دەوڵەت دەستێوەردانی ڕێکخراو و مەعقول دەخاتە شوێن دەستێوەردانی هەڕەمەکی تاکەکان، هێندەش لە مەوادی ئازادی فراوان دەکات. کرێکار زیاتر ئازاد دەبێت لە سایەی یاسای کارگەکاندا کە ڕێگەی گرێبەستی دەرەکیی لێدەگرێت کاتێک کە ملکەچ دەبێت بۆ ئیرادەی خاوەن کاری تاکیی، ڕەنگە ئازادییەکی زیاتر بەدەستدەهێنێت لەرێگەی سازشی کۆمەڵی یەکێتی پیشەوەرانەوە لەو ئازادییەی کە ڕەنگە بەدەستی بهێنێت، ئەگەر بە تەنها خۆی هەستا بە سازشکردن. گریمانەیەکی گشتیی هەیە کە پشتگیریی لە دەستێوەردانی دەوڵەت دەکات لەپێناو زیادکردنی ئازادیدا وە دژی نابێت، بەڵام ڕادەی دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ زیادکردنی ئازادیی پشت بە ڕێژی ئەو داناییەی دەبەستێت کە لەو دەستێوەردانەدا بەکاردەهێنرێت، ناشکرێت ئەو داناییە بخەملێنرێت، بەپێ کۆمەڵە ڕێسایەک ڕێسایانەی کە پێشتر دانراون، سەرەڕای ئەوەش لە توانامانداییە ئەوە ببینین، کەوا کاتێک دەرک دەکەین ئازادی مومکین نابێت، تەنها لەرێگەی کۆمەڵگەوە نەبێت، ئەوا شتێک نییە کە پاساو بۆ ترس بهێنێنەوە لە جەور و زۆرداریـی زۆرینە، بەو شێوەیەی کە لە جەورو زۆرداری تاکی بەهێز دەترسین. لەبەرئەوەی ئەگەر وامان

دانا یەکسان دەبێت بەمەسەلەکانی تر، ئەوا ئەو لێپێچینەوە کە زۆرینە لەسەری رازی دەبێت، کاتێک تاکەکان ئەوانەی کەئەم زۆرینەیە پێکدێنن واز لە تاکگەرایی و ئەنانییەت دەهێنن لەدژی یەکتر، ئەوا باشتر دەبێت لەو لێپێچینەوەیەی کە تەنها تاکێک وەریدەگرێت کە نوێنەرایەتی ئیرداەی کۆمەڵی و مەعقولی کۆمەڵگە دەکات، کە ئەو بەتەنها خۆی وا لە بەدیهێنانی ئازادیی دەکات، کارێکی مومکین بێت. (میل) بە بەردەوامی لە تێڕوانینی تاکەکانە وەبیر دەکاتەوە هەتا ئەو هەرگیز تێبینی ئەو هێزە فشاردەری نموونەی ئەم شێوازە بیرکردنەوەیەی نەکرد.

بەڵام پێویستە مەرجێکی گرنگ بۆ ئەم جۆرە ئیعتیبارانە زیاد بکەین، ئەویش ئەوەیە: دەستێوەردانی حکومەت دەبێتە هۆی زیادکردنی ئازادیی، کاتێک ئەو دەستێوەردانە گوزارشت بێت لە دەستێوەردانێکی کۆمەڵی لەبری هەر جۆرە دەستێوەردانێکی تاکی، بەڵام بوونی حکومەت مەحاڵە بێئەوەی ئەو هێزە بخرێتە دەستی تاکەکان، لێرەوە مەترسیەکە سەر هەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە ئەم دەستێوەردانە کە نمایشی ئیرادەی کۆمەڵی دەکات ڕەنگە لە واقیعدا بەرگێکی بیرۆکراسی تاکیی بێت، یان ڕەنگە لێپرسراوێکی ستەمکار پێی هەستێت، کەواتە پەیوەندییەکی زیندو هەیە لەنێوان ئازادیی و حکومەتی دیموکراسیدا، مادام دیموکراسی کۆششگەلێکە ئەوە زامن دەکات، کە حکومەت هەستێت بە ئەرکی خۆی لەچوارچێوەی ڕەخنەو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا، ئازادیش مومکین نابێت تەنها کاتێک نەبێت کە حکومەتێکە خاوەن هێزێکی پێویست هەبێت، هەروەها لێهاتوویەک وای لێبکات دەستێوەردانی ڕێکخراو و مەعقول بخاتە شوێن دەستێوەردانی هەڵەشەیی و هەڕەمەکی. چەندێکیش گرنتی ئەوە هەبوو کەدەستێوەردانی دەوڵەت نمایشی ئیرادەی کۆمەڵی دەکات، نەک ئیرادەی هەڕەمەکی بەرپرسەکان،

ئەوا ئەمە گوزارشت لەبوونی دامەزراوە دیموکراسیەکان دەکات، لەسەرو هەموو شتێکیشەوە، لە بۆ رۆحی ئەو گەلەی کە وەک (ولت وایتمان Walt Whitman)12 دەڵێت:» دژ بە پیسی و گەندەڵیی بەرپرسەکان دەهەژێت کە سنوری نییە». (میل) ئاگاییەکی تەواوی هەبوو بە مەرجی دووەم: بەڵام شکستهێنانی لەوەدا، کە بە ڕوونییەکی پێویست دەرک بەوە دەکات، کە بوونی دەوڵەت کارێکی پێویستە بۆ ئازادی، وایلێکرد وەک پێویست سەبارەت بە مەرجی یەکەم بەئاگا نەبێت.

ئەگەر ئەم ئیعتیبارانەمان هێنایە بەرچاومان، ئەوا پێویست بەوە ناکات کە زۆر بوەستین بۆ جیاکردنەوە لەنێوان ئەو بەشەی ژیان» کە تاک بە شێوەیەکی سەرەکی گرنگی پێدەدات و ئەو بەشەی کە کۆمەڵگە گرنگی پێدەدات، چونکە ئەم جیاکارییە یان مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێک شت هەن، کە بەهایەک بەدەستناهێنن تەنها کاتێک نەبێت، کە تاکەکان بە شێوەیەکی لەخۆوەیی پێی هەڵدەستن، کە ئەمەش زۆرەملیی یاسایی ناتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵکو تەنها خراپی دەکات، ئەمەش ئەو بنەما مەشروعەیە بۆ قبوڵکردنی ئازادی بیروڕا کە پێشتر باسمانکرد، یان ئەوەتا توانای جیاکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی تاک لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت، ئەمەش ئەوەیە کە پێویستە ڕەتی بکەینەوە. ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بەرژەوەندییەکانی تاک ناکرێت دژ بوەستێنەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵدا، بەڵکو مانای ئەوە دەگەیەنێت کەهیچ بەرژەوەندییەکی تاکیی نییە، کە کۆمەڵ گرنگی پێنەدات، کۆمەڵگەش گرنگییەکی گەورە دەدات هەتا بەوەی کەوا تاک بیری لێدەکاتەوە، بەڵام بۆی نییە دەستێوەردانی تێدا بکات، چونکە دەستێوەردانی زۆرەملێیانە سود نابەخشێت، بەڵکو زیان دەگەیەنێت. (میل) دان بەوەدا دەنێت وەک پێشتر

بینیمان، کە بەهۆی بنەمای ئازادییەوە زۆر دەستێوەردانی کۆمەڵێ نابێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت. لەواقیعیشدا بەڵگە بەهێزەکەی ئاڕاستەیە دژی دەستێوەردانی زۆرەملێیانە لەبیرکردنەوەدا.

سەرەڕای ئەمەش ئەو پێشنیاری بنەمایەکی دیکە دەکات، هاوشێوەی بنەمای ئازادییە، کە ئەو جێبەجێ دەبێت لەوێدا کە بنەمای ئازادیی جێبەجێ نابێت:«سەرەڕای ئەوەی کەتاکەکان ناتوانن، لە زۆر حاڵەتدا، هەستن بە کردنی چەند شتێکی هەندەکیی دیاریکراو بەباشترین شێوە، بەشێوەیەکی گشتیی، وەکئەوەی بەرپرسەکان لە حکومەتدا دەیکەن، ئەوا وا حەزپێکراوە کە ئەمان خۆیان لەبری حکومەت پێیهەستن، وەک ئامرازێک بۆ پەروەردەکردنی زەینیی خۆیان». نوسەرێکی هاوچەرخیش لەوانەی بەرگری لەئازادی دەکەن (لۆرد هیوسیسلLord Hugh Cecil) لەکتێبەکەیدا (ئازادی و دەسەڵات) ئەم بنەما گشتییەی لەبری بنەماکەی (میل) داناوە، کە شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەیە لەسەر بکرێت، دەکرێت ئەم بنەمایەش بەمشێوەیە دابڕێژرێت: «تاکە بەهای ئەخلاقی و ڕاستەقینە لە هەڵبژاردن و لەخۆکردەیدا حەشاردراوە، ڕەفتاری حکومەتیش ئەم هەڵبژاردنە تێکوپێک دەدات، پاشانیش بەهای ئەخلاقی تێکوپێک دەدات». ئەم بەڵگەیەشە تارادەیەکی نزیک پشت بە تیۆری ئازادی هەڵبژاردن دەبەستێت. ئەو وایدادەنێت ئەگەر دەوڵەت هەستا بە کردەوەیەک لەپێناو مندا بە شێوەیەکی زۆرەملیی، لەکاتێکدا خۆم لە توانامدا بوو بەو کردەوەیە هەستم، ئەوا بەمە دەوڵەت منی لە هەلی هەڵبژاردن بێبەشکردووە. لە واقیعیشدا ئەگەر کردەوەی دەوڵەت مەعقول بێت، ئەوا هەلی من بۆ کارکردن، تێشیدا بۆ هەڵبژاردن، زۆر زیاتر دەبێت، ئەگەر ئەوە بەجێهێڵرا بۆ خۆم کە هەستم بە چاککردنی ئەو ڕێگەیەی کە هەیە لەبەردەم ماڵەکەمدا یان فەرامۆشکردنی، ئەوا بەمە

به پرۆسیەکی بژارکاریی ئەخلاقی نایابدا دەڕۆم، بۆ ئەوەی بڕیار بدەم کە چاکی بکەمەوە، بەچاوپۆشی لەوەی کە دراوسێکانم کردویانە کاتێک هەڵنەساون بەبەرپرسیارێتیە ئەخلاقییەکانیان و وایانکردوە کە هاتووچۆ لە رێگەکەدا مەحاڵ بێت. ئەگەر دەوڵەت بەزۆرەملێیی برێک پارەی سەپاند بەسەر هەمواندا و خۆی رێگەکەی چاککرد و وایلێکرد کەچاک و رێکوپێک بێت، ئەوا پێویست ناکات دڵتەنگ بم، لەبەرئەوەی بژارکردنی ئەخلاقیی لێرەدا پاشەکشەیکردوە، من خۆم لە توانامدا بوو رێگەکە چاک بکەم ئەگەر حکومەتی باوکایەتی مافی هەڵبژاردنی لێزەوت نەکردمایە. رێگە چاکەکان وا لە پەیوەندیکردن و گوێزانەوە دەکەن ئاسان بن، هەروەها چەندین هەل دەرەخسێنن، کە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لەپێشدا بە هیچ شێوەیەک بیریان لێ نەکردونەتەوە. ئەو بیرۆکەیش کە دەڵێت ململانێی ئەخلاقیی تاکە شتێکە کە بەهای هەبێت، واتە کە پێویست نییە لەسەرمان نەریتی ئەخلاقیی پێک بهێنین، مادام کاتێک ئەوە دەکەین لە بازنەی ململانێی ئەخلاقیی کەم دەکەینەوە وای دادەنێم من کەسێکم ناتوانم بەبەردەم مەیخانەیەکدا بڕۆم، بەبێ موعاناتەکان لە ململانێیەکی ئەخلاقیی بەهۆی ئەوەی کەوا کەمندکێشم دەکات بۆ سەرخۆش بوون لەناویدا، ئایا سودبەخشە بۆ من کە سەدجار بەبەردەمیدا بڕۆم لەبری یەکجار؟ بەدڵنیاییەوە لەو سەد جارەدا بەدەست ململانێیەکی ئەخلاقی زیاترەوە دەناڵێنم، بەو مەرجەی ئەگەر خۆم نەدەم بەدەستەوە، بەڵام وام لێدێت ناتوانم بیر لە هیچ شتێکی دیکە بکەمەوە. ئەگەر هەرگیز بیریشی لێنەکەمەوە ئەوا پێویستە لەسەرم هەلێک بقۆزمەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە من هاوڵاتیەکی باشم، لەبری ئەوەی کۆشش بکەم هەتا نەبمە هاوڵاتیەکی تەواو باش. ئەو قسەیش کە دەڵێت ئەو رێگەیەی دەبێتە هۆی ئەم ئەنجامە دەبێتە هۆی تێکدانی

میانگیریی راستەقینەیە کە یەکسان دەبێت بەوەی بڵێیت سەرخۆش بوون یان سەرخۆش نەبوون تاکە لە تاکە هەڵبژاردنێکی ئەخلاقییە کە دەکرێت بە هەند وەربگیرێت. ئەمەش تیۆرێکی ئەبستراکتە، چونکە نەک تەنها تاک، بەڵکو هەروەها کردەوەی تاکیش دادەبڕێت، لەم حاڵەتەشدا لەئەنجامی کردەوەی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێنەوە، ناشکرێت هەر نمایشکردنێکی بۆ ئازادی نمایشکردنێکی ڕازیکەر بێت، ئەگەر بەو شێوەیە سەیری تاکی نەکرد کە لەڕاستیدا هەیە، وەک ئەندامێک لە کۆمەڵگەدا کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ کەسانی دیکەدا. ڕەنگیشە کۆمەڵگە ئازادی تەواوەتی نەداتێ، بەڵام بەبێ کۆمەڵگەش ناتوانێت هەر رەنگێک لە ئازادی بەدەست بهێنێت.

بەڵام نامەکەی (میل) «لێکۆڵینەوە لە حکومەتی نوێنەرایەتی» پرسیارگەلێکی گرنگ ناوروژێنێت وەک ئەوەی ئەتروحەکانی تری دەیوروژێنن چونکە لە دەوری پراکتیکردنی ئەو بنەمایانەیە دەسوڕێنەوە کە پێشتر خستونییەتە ڕوو، لەبەرئەوە وایلێهاتوو تا ڕادەیەک کۆن بێت. ئەگەرچی بە رادەیەکی ورژێنەر، هەڵوێستی سیاسیی (میل) پەرچدەکاتەوە و بڕوایەکی پتەو بە حکومەتی دیموکراسی تێدا بێت لەگەڵ تێڕوانینێکی تەواو ڕەشبینانەدا، سەبارەت بەوەی کە ئەم حکومەتە دەکرێت بەدیبهێنێت. بەو شێوەیەش کە (میل) لە ئەتروحەکەیدا کردوویەتی لەبارەی ئازادییەوە. ئەوا بەپەرۆشەوە دەڕوانێتە دەوڵەت وەک کۆمەڵێک لەتاکەکان ئەوانەی کە بۆ یەکەمجار لەدەوڵەتدا کۆبوونەتەوە. بەبێ ئەوەی بەشێوەیەکی پێویست دەرک بەوە بکات، کە هەر دەزگایەکی سیاسیی کە بکرێت دابمەزرێت، ئەوا لەسەر کۆمەڵە تاکێک دەوەستێت کە لە چەند گرووپێکدا کۆبوونەتەوە یان ئامادەن، بۆ ئەوەی کەوا لەچەند گروپێکدا کۆببنەوە لەخودی خۆیان، ئەو زیادەڕۆیی دەکات لەو دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوانە بۆ ئەو لێپێچینەوانەی کەهاوشێوەی

سیستمێکن وەک سیستمی تۆماس هیر(Hare 13) هەروەها لە گرنگی پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی دیکەی ناو دەوڵەت کەمدەکاتەوە، بەڵام لە سەردەمێکدا کە تێیدا جەختکردنەوە لەسەر گرنگی ڕەگەزە ناهۆشیارەکان دەکرێتەوە، کە ناکرێت لەناو سیاسەتدا بەڕێوە ببرێن، ئەوا بانگەشەی (میل) بۆ بیرکردنەوە و بۆ بنەماکان بەهایەکی گەورە هەڵدەگرێت.

**سەرچاوە:**

پێشەکی کتێبی (بنەماکانی لیبرالیزمی سیاسی)

# فەیلەسوفی سەدەی نۆزدەهەم
# «جۆن ستیوارت میل»

دیارترین ووتەی جۆن ستیوارت میل لەبارەی خوداوە ئەمەیە:

«گەورەترین ڕێزگرتن لە خوداوەند ئەوەیە کە بڵێین هیچ شتێک نازانین»

«جۆن ستیوارت میل»، لەدایکبووی (1806/5/20)، بیرمەندی گەورەی بەریتانیای سەدەی نۆزدەهەمە. ئەو سەرباری ئەوەی کە نوسەرێکی کارامەبوو لەبواری (لۆژیک، تیۆرناسی، ئەخلاق، ئابوری)، بە کەسایەتی چالاکی بواری سیاسەت دەژمێردرێت .

ئەو ماوەیەکی زۆر کارمەندی کۆمپانیای هندی رۆژهەڵات بوو، ماوەیەکیش سەرۆکی ئەو کۆمپانیایە بوو. لە دەیەی (1860)دا، ئەو ئەندامی ئەنجومەنی پیران بوو لە پەرلەمانی بەریتانیا و بەرگری لە سیاسەتی لیبراڵەکان دەکرد لە مەسەلەکانی یاسادانان و پەروەردەیی. نوسینە سیاسییەکانی میل لەمەڕ مەسەلەکانی تایبەت بە مافەکان، ئازادییە سیاسییەکان، حکومەتی پەرلەمانی و پێگەی ژن لەکۆمەڵگە بوو. میل لە فەلسەفەکانی جەختی لەسەر رەسەنایەتی ئەزموون و قازانج دەکردەوە.

## ژیانی سەردەمی منداڵیی

جۆن ستیوارت میل، لەساڵی (1806)دا لە خێزانێکی مامناوەند و ئارادەیەک هەژار لە لەندەن لەدایکبووە. باوکی «جیمز میل» کوڕی پینەچییەکی پێڵاو بوو لە گوندێکی سکۆتلەندە. میل لە سێ ساڵیدا فێربوونی زمانی لاتینی دەستپێکرد. باوکی هەرگیز نەینارد بۆ قوتابخانە، تاوەکو بەو شێوازە تایبەتەی خۆی دەیەوێت پەروەردەی بکات. «ئەفسانەکانی

ئازۆپ»»، یەکەم کتێب بوو کە میل توانی بەزمانی یۆنانی بیخوێنێت. کاتێک جۆن تەمەنی گەیشتە (8) ساڵ، «جێرمی بینتام»، لە کارێکی خێرخوازیدا خانووی ژمارە یەکی شەقامی «کوئین سکویرپلیس»ی بەخشییە خێزانی میل . ئەو پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە (10) ساڵان، شەش تەوەر لە تەوەرەکانی ئەفلاتونی خوێندەوە، تاکو خۆی ئامادە بکات بۆ فێربوونی لۆژیک، لەتەمەنی (12) ساڵیدا، سەرەڕای خوێندنەوەی بەرهەمە کلاسیکییەکانی یۆنان، توانی «رینۆریکا»ی ئەرستۆش بخوێنێتەوە. جەبر، ئەندازە و بیرکاری دیفرانسێلیش فێربوو. فێربوونی زانستی لۆژیکی لە تەمەنی (12) ساڵیدا دەستپێکرد. ئەویش بە زمانی لاتینی دەربارەی لۆژیکی سکۆلاستیک. میل لەکتێبی بیۆگرافیا کەدوای ماوەیەک نوسی، لەسەر گرنگی ئەو بەشەی پەروەردەکردنی خۆی زۆر هەڵوەستەی کردەوە . تەمەنی (13) ساڵی میل سەردەمی فێربوونی ئابوری بوو . باوکی لەو ساڵەدا خولێکی تەواوی ئابوری سیاسی بە میل فێرکرد و رایسپارد کە کتێبەکانی « ئادەم سمس» هەروەها بەرهەمە تازە چاپکراوەکەی «دیڤید ریکاردۆ» بە ناوی «بنەماکانی ئابوری سیاسی وریێکخستنی باج» بخوێنێتەوە و کورتکراوەیەکی لەسەر بنوسێت، میل لەساڵی (1820)دا، ئەو بابەتەی لە چوارچێوەی کتێبێک بەناوی «بنەما سەرەتاییەکانی ئابوری سیاسی» بڵاوکردەوە. لەو ساڵەدا بوو کەبە داوەتی ئەو خێزانە سەردانی فەرەنسای کرد، تا ساڵێک لەوێ بمێنێتەوە. ئەو لەفەرەنسا زمانی فەرەنسی فێربوو، ماوەی شەش مانگیش لە مۆنپیلیە کیمیا و بیرکاری خوێند.

**ژیانی فیکری میل**

جۆن پاش گەڕانەوەی لە فەرەنسا و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی دەربارەی شۆڕشی فەرەنسا، لە زستانی ساڵی (1821)دا، «یاسای رۆمی» خوێندەوە. هاوڕێکەی جۆن لەم خوێندنەوەیەدا « جۆن ئاستین» بوو کە رەنگە بتوانین ئەو بەباشترین میراتگری ئەندێشە «سودبەخشەکان»ی جێرمی بینتام لەقەڵەم بدەین. لە زستانی ساڵی (1822)دا، جۆن و هاوڕێ لاوەکانی ئەنجومەنێکیان پێکهێنا، کە هەر دوو هەفتە جارێک کۆبوونەوەیەکیان سازدەکرد و قسەوباسیان لە مەڕ مەسەلە جۆراوجۆرەکان دەکرد. ئەوان هەموو توانای خۆیان لە لێکۆڵینەوەکانیان لە ئەخلاق وسیاسەت لە «بنەماکانی سود» کۆکردبوەوە. لەساڵی (1823)دا باوکی کارێکی لە کۆمپانیای هندی- بەریتانی بۆ دۆزییەوە. لە هەمان ساڵدا کاری رۆژنامەوانی دەستپێکرد. لەساڵی (1824) دا، جۆن وتارێکی لە رۆژنامەی «وێست مینیستەر ریڤیو»دا بڵاوکردەوە، بڵاوکراوەیەک کە جێرمی بنتام ساڵێک پێش ئەوە دایمەزراندبوو.

نوسینە سەرەتاییەکانی ئەو لە « مۆرنینگ کرۆنیکڵ» بڵاوکرایەوە . جـۆن لە ساڵی (1825)دا، دەستیکرد بە وتارخوێندنەوە گشتییە راستەوخۆکانی . مشتومڕەکانی ئەو لەگەڵ کەسانی تر، بووبەهۆی هاتنەکایەی ئەنجومەنێکی گفتوگۆ وراوێژکردن، کە هەموو کاتەکانی جۆنی پڕکردەوە . ئەو دواین وتاری لە وێست مینیستەر، لەبەهاری ساڵی (1828) دا بڵاوکردەوە، لە وتارێکی لەبارەی شۆڕشی فەرەنساوە لەساڵی (1830) دا، دووبارە گەڕایەوە بۆ فەرەنسا، ئەو لەوێ چاوی کەوت بە شۆڕشگێڕەکانی شۆڕشی فەرەنسا ودیداری لەگەڵ کردن و ئاشنای نوسینەکانی « ئۆگۆست کۆنت و سان سیمۆن»ی کۆمەڵناسی فەرەنساش بوو. لەو رۆژانەدا جۆن

دەستیدایە نوسینەوەی پێنج نامەی کەپاشان بەناوی «نامەکانی لەبواری هەندێ مەسەلەی چارەسەر نەکراوی ئابوری سیاسی» بڵاوکردەوە. یەکتر ناسینی لەگەڵ «هاریت تایلۆر» لەساڵی (1830)دا، کاریگەری هەبوو لەسەر گۆڕانکاری لەهەندێ لەدیدگا سیاسییەکانی. تایلۆر هەمان ئەو ژنە بوو کە پاش ئەوەی هاوسەرەکەی کۆچی دواییکرد، لەگەڵ جۆن هاوسەرگیری کرد و تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵی مایەوە. ئەو زنجیرەیەک وتاری بەناوی « گیانی سەردەم» لەساڵی (1831)دا نوسی، هەوڵیدا تێڕوانینە نوێکانی تایبەت بکات بە حکومەتەوە. باری تەندروستی باوکی لەساڵی (1835)، تێکچوو، لە مانگی 6ی ساڵی 1836دا، جۆن مەزنترین مامۆستای هەموو قۆناغەکانی ژیانی خۆی لەدەستدا، ئەویش کۆچی دوایی باوکی بوو. ساڵێک پاش مردنی باوکی، ئەو نوسینەوەی کتێبی «سیستەمی لۆژیک»ی کە پێنج ساڵ دەستی لێ هەڵگرتبوو دوبارە دەستپێکردەوەو لە ساڵی (1840)دا تەواوی کرد. دیارە ئەو کتێبەی وەک هەمیشە لەساڵی (1841)دا پاکنوسی کرد و دیدگا لۆژیکییەکانی لە چوارچێوەی فەلسەفەی زانستی سەقامگیری «ڤیۆڵ» کە تازە بڵاوببویەوە خستەڕوو. میل تا ئێستا باسی گرنگترین بابەتەکانی ژیانی خۆی نەکردووە.

**ژیانی سیاسی جۆن ستیوارت میل**

لە پەرلەمانی بەریتانیا، ئەندامانی پەرلەمان بە وردبینیی و ڕێزەوە گوێیان لە قسەکانی ئەو دەگرت، تەنانەت نەیارەکانیشی لە کاتێکدا کە جۆن قسەی دەکرد سەرتاپا گوێیان دەگرت. «گڵادستۆن» سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا، جارێکیان بە هاوڕێیەکی خۆی گوتبوو: «کاتێک کە جۆن لە پەرلەمان قسەی دەکرد، هەمیشە وا هەستم دەکرد کە گوێ لە قسەی پەیامبەرێک دەگرم».

ئارەزووی جۆن لە داڕشتنی تیۆری سیاسیدا لەساڵی (1847)، گەیشتە ترۆپک. نیگەرانیەکانی میل لەمەڕ بارودۆخی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری خەڵکی ئەو سەردەمەدا دەتوانین لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بەدی بکەین، لەساڵی (1848)دا، کتێبی «بنەماکانی ئابوری سیاسی» بڵاوکردەوە. لەساڵی (1851)دا لەگەڵ «هاریت تایلۆر» ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا. ئەو بە شێوەیەکی بەڵگەنامەیی بەڵێنی بە هاوسەرەکەیدا، کە هەروەک پێشوو بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک ئازاد بێت، دەسەڵات و بەکارهێنانی سامانەکەی بەدەست خۆیەوە بێت و نیوەی دەرامەتی فرۆشتنی کتێبەکانی خۆیشی بەخشی بە هاوسەرەکەی. ئەم کارەی میل بەمانای خستنە ژێرپێی یاسا نوسراو ونە نوسراوەکانی بەریتانیا لەبارەی نایەکسانی پیاوان وژنانەوە بوو. میل لەساڵی (1854) دا، دەستیکرد بەنوسینی نامەیەکی کورت لەبارەی ئازادییەوە، کەپاشان ولەساڵی (1859)دا، وەک کتێبێک بڵاوکرایەوە. لەساڵی (1861)، یش «سودخوازی» بڵاوکرایەوە کە یەکێک لەگرنگترین بەرهەمەکانی میل بوو کەپارەی کتێبەکەی دا بەباوک ومامی بینتام لەبری ئەو قەرزەی لێی کردبوون . کاری دواتری میل بڵاوکردنەوەی بەشەکانی « تێڕوانینەکان لەبارەی چاکسازی پەرلەمانی»یەوە بوو. لە ساڵانی دواییدا کتێبی «تاوتوێکردنی فەلسەفەی سێر ویلیام هەمیلتۆن» «بەڵگەویست خوازی»ی نوسی و کۆمەڵە وتارێکی وەک خوێندنەوەیەک بۆ «ئۆگۆست کۆنت»ی لە کتێبی «ئۆگۆست کۆنت و پۆزەتیڤیزم» بڵاوکردەوە. ناوبانگی جۆن ستیوارت میل زیاتر لەوەدا دەردەکەوت، کە بەدوور بێت لە لاساییکردنەوە. لە ساڵی (1865)دا، هاوڵاتیان داوایان لە میل کرد کە وەک پاڵێوراوێک خۆی کاندید بکات بۆ ئەنجومەنی پیران. بوونی میل لە ئەنجومەندا کاریگەری زۆری لەسەر داڕشتنی «پرۆژەی چاکسازی»دا

هەبوو. لە ساڵی (1868)، پەرلەمان هەڵوەشێنرایەوە و میلیش گەڕایەوە بۆسەر ژیانی ئاسایی خۆی و زۆربەی کاتەکانی لە فەرەنسا و لەلای گۆڕی هاوسەرو عاشقەکەی دەبردە سەر. لە (8/ 5/ 1873)دا. جۆن ستیوارت میل، بەهۆی جەڵتەیەکی لەناکاوی دڵەوە لە فەرەنسا کۆچی دواییکرد. تەرمەکەیان لە گۆڕستانی «سان خوان ماریا دی سانتا» و لە تەنیشت گۆڕی هاوسەرەکەی «هارییت»وە بەخاک سپارد. جۆن ستیوارت میل لەدوا دوایی تەمەنیدا خەریکی کاری نوسینی کتێبی «یوتۆبیۆگرافیا»کەی بوو، کە بە وتەی زۆر لە نوسەران لە گرنگترین بەرهەمەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا بوو. ئەم کتێبە چەند مانگێک لەپاش مردنی میل بڵاوکرایەوە.

لە دوایین ساتەکانی تەمەنی و پێش ئەوەی پێڵوی چاوەکانی بۆ هەتاهەتایە بەڕووی جیهاندا لێک بنێت، ئەمە دوایین رستەیە کە لە زاری میلەوە هاتووەتە دەرێ: «دەزانیت کە من کاری خۆم تەواو کردووە».

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت

# ئەركە راستەقینەكانی دەزگاكانی هەڵبژاردن

جۆن ستیوارت میل

لە فارسییەوە: شەریف فەلاح

لە ناوتوێی حکوومەتی هەڵبژێردراودا، پێش هەموو شتێک پێویستە سەرنج بدەینە جیاوازیی نێوان ئایدیا(1) یان جەوهەرەکەی(2) و ئەو جۆرە تایبەتەی ئەم ئایدیایە لە میانەی وەرچەرخان و رووداوە مێژووییەکاندا، یان خود بەپێی ئەو بۆچوونە باوانەی کەلە هەر قۆناغێکدا بە خۆوە بینیویە. مانای حکومەت هەڵبژێردراو ئەوەیە کە گشت خەڵک یان زۆرینە بە ناوبژیوانیی ئەو نوێنەرانەی کەلە خولە دیاریکراوەکاندا هەڵیاندەبژێرن، دوایین دەسەڵاتی باڵا و چاوەدێری کردن کە هەر دەستوورێک بە شێوازێک رێکی دەخات، بەکار بێنن.لەم حکوومەتەدا[ خەڵک دەبێ ئەم دەسەڵاتە شیاوە ئاکامەیان* بە شێوەیەکی تەواو و کامڵ هەبێت. دەبێ هەرکات بیانەوێ، بەسەر هەموو کار و کردەوەکانی دەوڵەتدا چاودێری بکەن و وشیارییان هەبێت. پێویست بەوە ناکات کە یاسای بنچینەیی ئەم مافە چاودێریەیان پێ بدات، وەک چۆن لە یاسای بریتانیادابەم چەشنە نیە. بەڵام بەهەر شێوەیەک کە ئەم باسە لە دووتوێی دەستووردا بهێنرێتە گۆڕێ، لە کردەوەدا ئاکامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان خاڵی سەرەتا. دەسەڵاتی حکوومەتی ئاکام بە هەمان رادەش لە حکوومەتێکی پێکهاتە و هاوسەنگدا بە جەوهەر دەسەڵاتێکی تاقانەیە هەتا لە حکوومەتێکی پاشایەتیی رەها یان دیمۆکراسیدا. ئەو بۆچوونەی کەلە زەینی خەڵکی پێشوودا هەبوو و بیرمەندانی سەردەمی ئێمە گیانێکی تازەیان پێ بەخشی، ئەمەیە کە

بوونی دەستۆرێکی بنچینەیی هاوسەنگ(3) نەلواوە و ناگونجێ. هەمیشە دادپەروەرییەک لە ئارا دایە، بەڵام هیچکات سەنگەکان بە تەواوەتی هاوسەنگ نین. ناکرێ هەمیشە بە رواڵەتی رێکخراوە سیاسییەکاندا هەڵبڵێی کە کام لە سەنگەکان بەسەر سەنگەکانی دیکەدا قورسایی دەکات. لە یاسای بنچینەیی بەریتانیا، هەرکام لە سێ بەشی سەروەریی سیاسی، خاوەنی دەسەڵاتێکە کە ئەگەر بە شێوەیەکی شیاو بخرێتە کار، ئەو دەسەڵات و توانایەی تێدایە کە ماشێنی حکوومەت بە تەواوەتی لە حەرەکەت و جووڵە بخات. لەم رووەوە لە رواڵەتدا، هەرکامەیان دەسەڵاتی پووچەڵکەرەوە و کۆنترۆڵی دوو بەشەکەی دیکەیە و ئەگەر هەرکام لەو سێ دەسەڵاتە ئەم هیوا و ئومێدە لەلای خۆی پەرە پێبدات، کە بەکەڵک وەرگرتن لەو دەسەڵاتە، دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە دۆخ و پێگەیەکی لەبارتر، رەوتی ئاسایی  ژیانی خەڵکی ئێمە لە هەر چەشنە گومانێک دەڕەوێنێتەوە کە ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بخرێتە گەڕ، گومانێک نییە کە هەرکام لەو سێ دەسەڵاتە لە حاڵەتی بەرگریدا، واتە لە دۆخێکدا کە هەست بە هێرشی یەک، یان هەردوو بەشەکەی دیکە بکات، هەمو دەسەڵاتی خۆی بۆ بەرەنگاری بەکار دێت. بەم پێیە چ شتێک دەبێتە کۆسپ و رێگر کە ئەو دەسەڵاتە حاڵەتی هێرشبەرانە بەخۆوە نەگرێ؟ بێگومان ئەویش جەوهەر و هەوێنی نەنووسراوی یاسایی بنچینەیی، یان بە واتایەکی‌تر، ئەخلاقی سیاسیی پۆزەتیڤی کۆمەڵگای بریتانیایە، ئەگەر بمانەوێ بزانین لە راستیدا دەسەڵاتی بەرین لەکام لە بەشەکانی یاسای بنچینەیی دایە، دەبێ بگەڕێینەوە و بڕوانینە هەمان ئەخلاقی سیاسیی پۆزەتیڤ.

بەپێی یاسای بنچینەیی، پاشا دەتوانێت لە واژۆ و پەسەند کردنی هەرکام لە بەندە یاساییەکانی پەرلەمان خۆ ببوێرێ، یان بیهەوێت هەرکام

لە وەزیرەکان  بەهۆی دژایەتییەکانی پەرلەمان دابمەزرێنێ یان وەلا بنێت، بەڵام مۆڕاڵ ( ئەخلاق)ی دەسەڵاتی سیاسیی4)) کۆمەڵگە، هەموو ئەم دەسەڵاتانە پووچەڵ دەکرێنەوە و هیچکات ئیزنی کارکردن بەوان نادات، لەو روانگەیەوە کە دەبێ پەرلەمان و خەڵکی سەرۆکی دەوڵەت دەست نیشان بکات، ئەو پەرلەمانە دەبێتە دەسەڵاتدار و حاکمی راستەقینەی وڵات. کەوایە ئەم یاسا نەنووسراو و مەرجدارانە کە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتە فەرمییەکان کەمدەکەنەوە، کاتێک کاریگەر و جێگیر دەبن کە لەگەڵا دابەشکردنی واقیعی دەسەڵاتی سیاسیی راستەقینەدا هاوسەنگ بن.
لە هەر یاسایەکی بنچینەییدا یەکێک لە دەسەڵاتەکان، دەست رۆیشتووترە، لە دۆخێکدا خۆی دەردەخات کە ئەو رێککەوتنانەی کە یاسای بنچینەیی بە شێوەی هاودەم و هۆگر لەگەڵیان کار دەکات، تێکبچێت و رووبەڕوو بوونەوەیەک بۆ مسۆگەر کردنی دەسەڵات بێتە ئاراوە. بناغەی یاسای بنچینەیی هەتا ئەو ئاستە پێڕەوییان لێ دەکرێ و لە کردەوەدا کاریگەر دەبن کە دەسەڵات و چاودێریی بە نفوز و شایستە لە یاسای بنچینەییدا بە بەرزترین پلەی دەسەڵاتی چالاک لە کۆمەڵگا بسپێردرێ. ئەم دەسەڵاتە، لە بریتانیا دەسەڵاتی خەڵکە. بەم پێیە ئەگەر بێت و بەندەکانی یاسای بنچینەیی بریتانیا لەگەڵ ئوسوڵ و بنەمای نەنووسراو (عورفی) مەرجدار کە بەڕاستی رێکخەری هەڵسوکەوتی یەک بە یەکی بەرپرسانی سیاسییە، ئەو دەسەڵات و چاودێرییە پڕ بەهایەی بەسەر هەموو بەشەکانی حکوومەت نەدەدا بە خەڵک پرسێک کە لەگەڵ دەسەڵاتی راستەقینەی خەڵکدا یەکسانە) یاسای بنچینەیی نەیدەتوانێ ئەو سەقامگیریەی هەبێت کە لە تایبەتمەندییەکانیەتی، بەدەر لەم حاڵەتە هەم یاسا کۆکراو و نووسراوەکان و هەم پرەنسیپی نەنووسراو (عورفی) بە خێرایی گۆڕانیان بەسەردا دەهات. کەوابوو حکومەتی بەریتانیا،

حکومەتێکی هەڵبژێردراوی بە واتای حەقیقی چەمکە، تەنیا بەو هۆیە دەسەڵات بەو کەسانە دەدات کە راستەوخۆ لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەر نین، کە دەسەڵاتی زاڵ و حاکم دەیهەوێت پشتیوانییەکی5)) لە بەرامبەر هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیدا هەبێت. یانی پاڵپشتێکی لەم چەشنە لە هەموو سیستەمە دیموکراسییە بەرهەڤ و رێکوپێکەکاندا هەبووە. یاسای بنچینەیی «نەمسا» زۆرێک لەم جۆرە بەندە چاودێرییانەی تێدا هەبووە و یاسای بنچینەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەم چەشنەیە.

هەرچەندە کە مەرجی سەرەکیی حکومەتی هەڵبژێردراو ئەمەیە کە دەسەڵاتی بەرینی دەوڵەت بە کردەوە لە ئیختیاری نوێنەرانی خەڵکدا بێت، ئەم پرسیارە لەجێی خۆیەتی کە کام لە ئەرکەکان بە کردەوە، واتە بە درووستی کامە رۆڵ لە دەزگای حکومەت، دەبێ لە بنەڕەتدا و بە شێوەی راستەوخۆ لە رێگای رێکخراوی هەڵبژێردراوەوە بەڕێوە بچێ؟ لەم زەمینەیەدا زۆر شێوازی جیاواز لەگەڵ ناوەرۆکی حکومەت هەڵبژێردراودا دەگونجێ، بەو مەرجەی ئەرکەکان بە چەشنێک بێت، کە پرۆسەی ئاکامی چاودێری، هەموو شتێک بۆ رێکخرای هەڵبژێردراو بپارێزێت.

جیاوازییەکی بنەڕەتی و ریشەیی لە نێوان چاودێریی کاری دەوڵەت و راپەڕاندنی راستەوخۆ و بە کردەودا هەیە. لەوانەیە تاکێک یان رێکخراوێک بتوانێ چاودێری بەسەر هەموو کارەکاندا بکات، بەڵام لەوانەیە پێی نەکرێت هەموو کارەکان بە ئەنجام بگەیەنێ و زۆرجار هەرچی خۆی کەمتر کاروبارەکان راپەڕێنێ، چاودێری و پێڕاگەیشتنی ورد و رێکوپێکتر دەبێت. فەرماندەی سوپایەک پێی ناکرێ جووڵە و حەرەکەتەکانی سوپاکەی بە شێوەیەکی گونجاو و لەبار رێبەری بکات، ئەگەر بێت و خۆی لە بەرەکانی شەڕدا رۆڵی هەبێت یان رێبەری و فەرماندەیی هێرشێک لە

ئەستۆ بگرێت. ئەم مەسەلەیە لەبارەی ئەنجومەنی نوێنەرانیشەوە وەڕاست دەگەڕێ. هەندێ کاروبار جگەلە ئەنجومەنەکان بۆ لایەنەکانی تر بەڕێوە ناچن، هەندێکی تر بەڕێوەچوونیان بە شێوەیەکی شیاو لەوانەوە ناوەشێت و پێیان ناکرێت. کەوابوو پرسیار ئەمەیە کە پەرلەمانی هەڵبژێردراو دەبێ چ کاروبارێک بسپێرێتە چاودێران و چ کاروبارێک دەبێ خۆی تایبەتی و راستەوخۆ بە ئەنجامی بگەیەنێت؟ هەروەک پێشتر گوتمان، پەرلەمانی هەڵبژێردراو دەبێ چاودێری بەسەر هەموو کاروبارەکانی دەوڵەتدا بکات. بەڵام بۆ ئەوەی بۆمان روون بێتەوە ئەم چاودێرییە گشتییە لە چ رێگایەکەوە دەکرێ بە باشترین شێوە بەڕێوە بچێ و کام بەش لە کاروباری حکوومەت دەبێ پەرلەمانی هەڵبژێردراو بیگرێتە ئەستۆ، ئەم خاڵە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ کە کام بەش لە کار و ئەرکەکان پەرلەمانی هەڵبژێردراوی گەورە پێی دەکرێ کە بە شێوەیەکی شیاو بەڕێوەی بەرێت. ئەنجومەنی هەڵبژێردراو تەنیا ئەو کارەی کە بە شێوەی گونجاو و شایستە دەتوانێت ئەنجامی بدات، دەبێ راستەوخۆ وەئەستۆی بگرێ. دەبێ لە باقیی کاروبارەکان خۆی بکشێنێتەوە و تەنیا هەل و دەرفەتی بەڕێوەبردنی شیاوی کارەکان بۆ خەڵک و لایەنەکانی تر بڕەخسێنێت.

بۆ نموونە پەسەند کردنیماڵیات و سەرانە لەو چەشنە ئەرکانەیە کە پێش لە هەر ئەرکێکی تر پێوەندیی بە ئەنجومەنی نوێنەرانی خەڵکەوە هەیە. جیا لەوەش، لە هیچ وڵاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەران هیچکات بە دەستی خۆی یان دەست نیشان کراوەکانی خۆی گەڵاڵە و لیستی نرخی کاڵا و شتومەکی پێشنیاری داناڕێژێت. هەرچەندە کە بایەخ و بەها دەوڵەتییەکان تەنیا دەبێ لەلایەن ئەنجومەنی گشتیی خەڵک پەسەند بکرێت و بۆ تەرخان کردنی داهاتەکان بە چینی جۆراوجۆری هەژار و دەست کورتەکان خەرجی

دەوڵەتییەکان پێویستە، ڕێوشوێنی یەکسانی یاسای بنچینەیی نیشانەی ئەوەیە کە تەنیا دەکرێ متمانە بە پێشنیاری پاشا بکرێ، بێگومان وا هەستکراوە کە دابەشکردنی دادپەروەرانەی کەلوپەلەکان ]بوودجەکان[ و وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی وردەکاتریی تێچووەکانیان، تەنیا کاتێک دەکرێ چاوەڕوانیی لێ بکرێ کە دەزگا و دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ڕاکێشەری بوودجەکان، بەرپرسیایەتیی بەرنامە و ئەو تاوتوێیە ژمێریارانیانەی هەبێت کە پارە دراوەکان بەپێی ئەو بنەمایانە جێبەجێ دەکرێن. لەم ڕووەوە ئەنجومەن نە چاوەڕوانیی لێدەکرێ، نە تەنانەت ئیزنیشی هەیە، کە راسنەوخۆ خۆی بە مەسەلەی سەرانە یان خەرجی بوودجەکانەوە خەریک بکات. تەنیا شتێک کە داوای لێ دەکرێ، پەسەند کردنیانە و تەنیا دەسەڵات و دەسەڵاتێک کە هەیەتی، دەسەڵاتی خۆ بواردنە لە پەسەند کردنیان.

ئوسووڵ و ڕێوشوێن لەمەڕ ناسین و تێگەیشتنی (تیۆریی یاسای بنچینەیی6)، ئەگەر بێت و یەکسان پێڕەویان لێ بکریت، دەتوانن بۆ دیاریکردنی سنوور و پێناسەی ئەرکە گشتییەکانی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان ڕێنیشاندەر بن. سەرەتا ئەوەی کە هەموان لە گشت ئەو وڵاتانەی کە تێیایاندا سیستەمی پەرلەمانی هەتا رادەیەک دەرک پێکراوە، قبووڵیان کردووە کە ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوانەی کە ئەندامیان زۆرە، نابێت کاری بەڕێوەبەری ئەنجام بدەن. ئەم یاسایە نەتەنیا لەسەر بنەڕەتیترین پرەنسیپی حکومەت باش و خوازراو، بەڵکو پابەندە بە ئوسووڵ و ڕێوشوێنی سەرکەوتوانەی هەر چەشنە کارێکەوە. هیچ تاقمێک لە خەڵک مەگەر لە حاڵەتی پێکهاتەیی، قەوارەی ژێر فەرمان و دەستوردا بە واتای حەقیقیی وشە، دەنا بۆ ڕاپەڕاندن و کاری کردەیی شایستە نیە. تەنانەت لیژنەیەکی هەڵبژێردراو، پێکهاتوو لە چەند ئەندام کە لەو کارەدا شارەزاییەکی تایبەتیان هەبێت، هەمیشە لە

بەراورد لەگەڵ کەسێک لە نێوانیاندا کارایی و کاریگەریی کەمتری هەیە و کار ناوەرۆکی باشتری دەبێت ئەگەر بێت و ئەو کەسە بگاتە پلە و مەقامی سەرۆکی و بەرپرسی و ئەوانی تر لە ئاستی ژێردەستەکانی ئەودا بمێننەوە. تەنیا مەسەلەیەک کە لیژنەیەک باشتر لە تاکێک دەتوانێت ئەنجامی بدات، راگۆڕینەوە و راوێژ و تێڕامانە. کاتێک گوێگرتن و راو دەنگە دژ بەیەکەکان زۆر پێویست و گرنگ بن.

لێژنەی راوێژکار و بیردۆز لە پێویستییەکانی حکومەتە. لەم رووەوە ئەم جۆرە لێژنانە جاربەجار، تەنانەت بۆ کاری بەڕێوەبەریی بەکەڵکە، بەڵام بەگشتی هەمیشە دەبێ رۆڵی راوێژکار و ژمێریاری هەبێت، کاروباری ئیداری و بەڕێوەبەریی بەپێی یاسا، کاتێک بسپێردرێتە بەرپرسێکی دیاریکراو باشتر بەڕێوە دەچن. تەنانەت کومپانیایەکی هاوبەش، هەمیشە لە کردەوەدا، ئەگینا لە تیۆریدا خاوەنی بەڕێوەبەر و بەرپرسێکە، باش و خراپیی بەرپرسەکەی لە راستیدا بەستراوەتەوە بە توانا و شایستەیی بەڕێوەبەرییەوە، ئەندامانی دیکەی لێژنەی بەڕێوەبەری تەنیا لە رێگای دانی پێشنیار بە بەرپرس یان بەکەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی چاودێری بەسەر کارەکانی ئـەودا، بە کەمکردنەوەی دەسەڵات یان گۆڕینی ئەگەر تووشی هەڵە بێت، دەتوانن هەوێنێکی کاریگەر بن. ئەگەر ئەوان لە بەرێوەبەریدا لەگەڵ بەڕێوەبەر یەکسان و هاوبەش بن بە قازانج نیە و بە پوانێک لە قەڵەم نادرێت، بەڵکو کۆسپێکی گەورەیە لە بەرامبەر کاری باشتردا کە دەبێت توانای بە ئەنجامگەیاندنیان هەبێت: وەها دۆخێک هەست بە بەرپرسیاریەتیی تاکێکی بەڕیوەبەرە لە هەمبەر ئەرکێکدا کە دەبێ بە تەواوەتی لە ئەستۆی بگرێت، لە روانگەی خودی ئەو و خەڵکانی دیکەوەی بە ئەستەمی و بە شێنەیی لاواز دەبێت.

بەڵام پەرلەمانێکی شۆرای نەتەوەیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار یان داڕشتن و پەسەندکردنی بڕیاری وردو لاوەکی بۆ کەسانێک کە ئەرکە بەڕێوەبەرییەکانیان لەسەر شانە، لە هەر کۆمەڵێکی تر نەشیاوو نەگونجاوترە. تەنانەت کاتێکیش ئامانج و راستگۆیانە بێت، دەستێوەردانی لانیکەم هەمیشە زەرەرمەند بووە. هەر بەشێک لە بەرێوەبردنی کاروباری گشتی، کارێکە لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕی کە بنەمای تایبەت و یاسای بنەڕەتیی خۆی هەیە. تەنانەت بەشی هەرە زۆریان تەنیا بۆ کەسانێک بە شێوەی کاریگەر دەرک پێدەکرێ کە سەردەمێک لە راپەڕاندن و بەڕێوەبردنیاندا دەستیان هەبووە، کەسانێک کە بە کردەوە لەگەڵیان ئاشنایەتییان نەبێت و ناشارەزا بن، ناتوانن گرنگیی شایستەیان دەرک پێبکەن. مەبەستم ئەوە نیە کە راپەڕاندنی کاروباری گشتی و دەوڵەتی رازی نهێنی و شاراوەی تێدایە کە تەنیا دەوروبەر و خۆییەکان لێی شارەزان. ئوسووڵا و پرەنسیپی ئەم کارە بۆ هەر تاکێکی خاوەن شعوور دەرک پێکراوە کەلە بیر و ئەندێشەیدا وێنایەکی راستەقینەی لە بارودۆخێک کە دەبێ لەگەڵیان بەرەوڕوو بێتەوە، هەبێت، بەڵام بۆ کێشانی وەها وێنایەک ناسین و شارەزایی لەو بارودۆخە پێویستە و وەها ناسینێک لە رێگەی دۆزینەوە کەشفەوە بەدی نایەت. زۆرێک لە یاسا و رێوشوێنە گرنگ و پڕ بایەخەکان لە هەرکام لە لق و شاخەکانی کاری دەوڵەتیدا هەن (وەک چۆن لە هەموو کار و پیشە تایبەتی و تاکەکەسیەکاندا هەیە)، تاکی تازەکار نەتەنیا هۆکارەکانی نازانێ، بەڵکوو لە جەوهەر و ناوەرۆکیشیان گومانی هەیە، چونکە ئەوانە بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەترسی، یان دژوارییەکان بەدی هاتوون کە هیچکات بە زەینی ئەودا نەهاتووە و من دەسەڵاتداران، چەشنی وەزیرگەلێک دەناسم کە خاوەنی شارەزاییەکی زۆرن کە لە یەکەم رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵا

کارێکی نوێ سەرسووڕمانی ژێردەستەکانی خۆی بەم شێوەیە هەڵخڕاندوە کە ئەو شتەی کە هەتا ئێستا بە هیچ دانراوە، بە حاڵەتێکی تایبەت وەکو راستییەک لەبەرچاو گیراون و رووناکییان خستۆتە سەر شتێک کە لەوانەیە لە یەکەم روانین و بەهێند وەرگرتنی تاکێک بۆ تەوەرێک لە زەین و بیردا جێگیر بێت و بە پشتکردن لە روانگەیەک و پەرژانە سەر تەوەر و باسێکی تر لەبیر بچێتەوە. راستە کە سیاسەتڤانێکی گەورە کەسێکە کە تێدەگات و دەزانێت چ کات پشت لە نەریتە دێرینەکان بکات و روویان لی وەربگێڕێ و چ کاتێک روویان تێبکات و خوویان لەگەڵ بگرێت، بەڵام ئەگەر وا بیر کەینەوە بە نامۆ و بیگانەبوون لەگەڵ ئەو داب و نەریتانە، کاری خۆی باشتر بە ئەنجام دەگەیەنێت، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووین. بۆ ناسینی کاملی رێکارە کردەییەکان تەنیا کەسێک کە دەتوانێت دادوەری بکات کە پشت بە ئەزموون ببەستێ کە لە چ دۆخ و هەلومەرجێکدا روو وەرگەڕاندن لە شێوە و نەریتە باوەکان پێویستە. تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندی لەسەر بنەمای کار و کردەی رێکخراوێکی دەوڵەتی و بەرەنجامێک کە لە جۆری تایبەتی بەڕێوەبردنی ئەو کارانەوە بەدی دیت، چەشنە زانستێکە بەتایبەت پێویستیی بە ئەزموونی کارناسانەیە کە بە دژواری لەلای کەسانێک پەیدا دەبێ کە پەروەردەی ئەوە نەبن، بە چەشنێک کە ناکرێت رێفۆرمی یاسایی لە کەسانێک چاوەڕوان بکەی کە تایبەتی و پسپۆڕانە لێکۆڵەری ئەو بوارانە نەبن. بێگومان پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو کە هەوڵبدات لەبارەی کارە پسپۆڕایەتییەکانی دەزگای بەڕێوەبەرییەوە بڕیار بدات، هەموو ئەم دژوارییانە لەبەرچاو ناگرێ و بە نەدیتراوی دادەنێ. لە باشترین حاڵەتیدا بێ ئەزموونیە کە بەبێ ئەزموون و ناشارەزایانە لەمەڕ زانایی و وشیاری دەست دەداتە دادوەری. نەزانێک کە لەمەڕ جەوهەری ئەو شتەی کە لێی نازانێ گومان و

دڕدونگییەکی نەبێ چەندە کەمنەرخەمە کە خۆبەزلزانی، هەموو داواکارییەکان بە بوونی دادوەرییەک، تەنانەت ئەگەر بەرزتر و بە بایەختر لە دادوەریی خۆشی بێت، ئەگەر نەبنە هۆی رەنجاندنیشی، بە چاوی سووک و کەم بایەخەوە لێیان دەڕوانێت. تەنانەت ئەمە کاتێکە کە بەرژەوەندییەکی تایبەت نەبێتە هۆی هەڵخڕاندنی کردەوەیەک، ئەگەر بەم چەشنە نەبێت، بەرەنجامی کار چەشنە هەلپەرستیەکە لە پلە و مەقام و هەلپەرەستییەکی ناڕەوایە کە لە خراپترین جۆری گەندەڵی لە دەزگایەکی دەوڵەتیی پێوەندیدار بە حکومەت و خەڵکەوە بێ شەرمانەتر و جەسوورانەترە. پێویست ناکات کە مەیل و بەریانی بەرژەوەندیخوزانە، زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن بگرێتەوە. لەبارەی هەر مەسەلەیەکی تایبەت تەنیا بەسە دوو یان سێ نوێنەر وەها مەیل و ویستێکیان هەبێت. ئەو دوو سێ کەسە لە هەڵە و بەلاڕێدا چوونی ئەنجومەندا تەنیا هۆگرییەکی بە دەسەڵاتتریان لە نوێنەرانی دیکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەنجومەن بۆ سەر رێگای راست هەیە. لەوانەیە زۆرینەی نوێنەرانی ئەنجومەن پشت لە کردەی لە ناپاکی بکەن، بەڵام ناتوانن زەینی خۆیان لەبارەی ئەو مەسەلانەی کە بەتەواوەتی نامۆن، وشیار بکەن و دەسەڵاتی لێکدانەوەی خۆیان ئەکتیڤ و چالاک بپارێزن و زۆرینەی پاسیڤ و سەقەت، وەکوو تاکی غەیرە چالاک، بە دوای کەسێکدا دەکێشرێ کە زیاترین زەحمەت و رەنج دەکێشێ و خۆ ماندوو دەکات. ئەنجومەن دەتوانێت ئاکار و کردە نابەجێ و دەستنیشانکردنە (7) خراپەکانی وەزیرێک هەڵسەنگێنێ و چاودێریی بەسەردا بکات و بەرژەوەندیی وەزیران لە بەرگری و پشتیوانی و بەرژەوەندیی رکەبەران لە هێرشدا گفتووگۆیەک دێنێتە ئاراوە کە هاوکات لەگەڵ قورسایی و پێگەی هەردوولا هەتا رادەیەک قبووڵ دەکرێت، بەڵام چ کەسێک ئەنجومەن دەخاتە ژێر چاودێری و تاوتوێ

کردنەوە؟ ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسی رێکخراوێک لە بەرامبەر چ کارێکدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکات؟ ئەنجومەن لە وەها دۆخ و حاڵەتێکدا هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک ناکات، چونکە کام نوێنەری ئەنجومەن بۆ دەنگدان لەمەڕ تەوەر و باسێکی لاوەکیی بەڕێوەبەری، پێگە و کورسییەکەی خۆی لەدەست داوە؟ بۆ وەزیرێک یان بەرپرسی رێکخراوێک، دادوەریی داهاتوو لەبارەی شێوەی کارکردی زیاتر لە دادوەریی ئێستا شیاوی بایەخ پێدانە، بەڵام ئەنجومەنێک ئەگەر بێت و هاوار و دادی سەردەم، هەرچەندەش دەستکرد و بەپەلە بێت، هاوتەریبی رێگا و ئامانجێکی بەرز بێت، ئاکامی کارو کردەکانی هەرچەندەش ئەستەم و دژوار بێت، خۆی و خەڵکانی تر بە سەربەست و خاترجەمی دادەنێن. جیا لەمە ئەنجومەنێک هیچکات راستەوخۆ ئەو دژوارییانەی کە لە ئەنجامی کردە خراپەکانی خۆیەوە سەریان هەڵداوە هەتا کاتێک لە ئاستی گشتیدا هەست بە ئازارو رەنج نەکات، ئەزموونی لێ وەرناگرێت. وەزیر و بەڕێوەبەرەکان هاتنە ئارای ئەو دۆخە دەبینن و دەبێ هەموو دژواری و دەرد و ئازارەکانی هەوڵ و تەقەلا بۆ پشتگیری کردنیان تەحەمول و قبووڵبکەن. ئەرکی راستەقینەی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی بەڕێوەبەریدا ئەوە نیە کە بە دەنگ و هەڵوێستی خۆی لەسەریان بڕیار بدات، بەڵکو مەسەلەکە گوێدان و لەبەرچاو گرتنی ئەمەیە کە بڕیاردەران کەسانێکی شیاو و شایستە بن. تەنانەت ئەم کارەش لە رێگای دەستنیشانکردنی کەسانی شایستە و بەکەڵکیشەوە نابێت. هیچ کارێک زیاتر لە دەستنیشانکردن و دانانی کەسەکان لە پۆست و پلە جۆراوجۆرەکاندا نییە کە دەبێ بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن بەڕێوە بچێت. ئەزموونی هەر کەسێک کە لەگەڵا کاروباری دەوڵەتیدا شارەزایی هەبێت، بەرەنجامی ئەم وتەیە کە لە دانان و دەستنیشانکردنە دەوڵەتییەکاندا

ویژدانی تاکێکی میانەڕەو کەمتر لە هەر کارێکی تر لەخۆیەوە دژکردەوە نیشان دەدات، بە دەگمەن جارێک روو دەدات کە تێدا کەمتر ئاوڕ لە شایستەیی و توانایییەکان بدرێتەوە، ئەمە هەتا رادەیەک بەو هۆیەوە کە خەڵک لە کێشە و دژایەتی شایستەیی و توانایییەکانی تاکێک لەگەڵ تاکێکی دیکەدا بۆ وەها دەستنیشانکردنێک ناشارەزان و هەتا رادەیەک لەبەر ئەوەیە کە بایەخ و گرنگی ئەم بابەتە لەبەرچاو ناگرن. کاتێک وەزیرێک ئەوەی کە بە ناوی هەڵبژاردنێکی راستگۆیانەوە ئەنجامی دەدات، واتە کاتێک لەو دەست نیشان کردنەدا پێوەندی و ئامانجە تاکەکەسی یان حیزبیەکانی خۆی ناگونجێنێ، تاکێکی ناشارەزا لەوانەیە وای لێکبداتەوە کە ئەو هەوڵدەدات کە پلەو مەقام بە گونجاوترین و شایستەترین کەس بسپێرێت، بەم شێوەیە نییە. وەزیرێکی ئاسایی ئەگەر بێت و ئەو مەقامە بە کەسێکی شایستە یان کەسێک کە بە شێوەیەک خەڵک پێی قەرزدارن، بسپێرێت کە خۆی بە نموونەی پاکی و مەعریفە دادەنێت، هەرچەند کە ئەو مافە یان شایستەییە لەوانەیە شتێکی بە دوور و غەیر لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی ئەو پلەیە بێت. ئەم رستە فەرەنسییە کە: «ژمێریارێک پێویست بوو، بەڵام سەماکەرێک کارو پۆستەکەی بەدەستەوە گرت»(8) هەر وەکو سەردەمی فیگارۆ(9) شۆخی و گاڵتەیەکی نزیک بە راستییە، ئەو وەزیرە ئەگەر کەسی دەستنیشانکراو سەمای جوان بکات، نەتەنیا گلەیی و لۆمە بۆخۆی بە رەوا نازانێت، بەڵکو خۆی زۆر بە شایستەتر لە قەڵەم دەدات. جیالەوە، توانایی و لێهاتوویەک کە خەڵک بۆ کارە تایبەتییەکان شایستە بار دێنن تەنیا بۆ کەسانێک باوە کە بۆیان ناسراو بن، یان بۆ کەسانێک کە کار یان ناسینی تاکەکان بە متمانە و دەرک پێکردنی دەسکەوتەکانی پێشینیان یان بە خاترجەمییەوە شاهێدی دادوەرانی خاوەن بیروڕان. کاتێک ئەم ئەرکە

ویژدانیانە کە پلەو پایە بەرزە دەوڵەتییەکان کە دەبێ وەڵامدەری دەستنیشان کردنەکان بن، بەم چەشنە بچووکە دادەنێن، چۆن دەکرێت ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان کە دوورن لە هەرچەشنە وەڵامدانەوەیەک، بایەخی زیاتریان هەبێت؟ تەنانەت لەم سەردەمەدا، خراپترین دەستنیشان کردنەکان، ئەو دەست نیشان کردنانەیە کە بۆ مسۆگەر کردنی پۆستی نوێنەرانی ئەنجومەن یان چەککردنی باڵی بەرامبەر لە ئەنجومەندا، بە ئەنجام دەگات، ئێستا ئەگەر ئەم دەست نیشان کردنانە لەلایەن خودی ئەنجومەنەوە بەڕێوە بچێت، دەکرێت چ چاوەڕوانیەکت لی هەبێت؟ ئەو ئەنجومەنانەی ئەندامیان زۆرە بە هیچ شێوەیەک توانا تایبەتییەکانیان لەبەرچاو ناگرن. تەنیا لە حاڵەتێکدا کە تاک مەحکوم بە ئیعدام نەبێت، لانیکەم بۆ هەر کارێک کە پێی بکرێت خۆی کاندید بکات، شانبەشانی ئەوانی دیکە شایستەی ئەو کارەیە. کاتێک دانان و دەستنیشان کردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر بنەمای پێوەندیی حیزبێ یان پێوەندییە تاکەکەسییەکان نەبێ، هەرچەند کە زۆر کەمڕەنگ و ناوازەیە، هەڵبژاردنی تاک یان بەهۆی ناوبانگێک بۆ توانایی و مسۆگەریی گشتی، زۆرجار بە تەواوەتی ناڕەوا، یان زۆر جار بە هۆیەکی نە سەرتر لە خۆشەویستی و خۆشناویی تایبەتی تاک، بەڕێوە دەچێت.

تەنانەت دانانی ئەندامانی کابینە لەلایەن ئەنجومەنەوە هیچکات بە مەسەلە و کارێکی خوازراو لە قەڵەم نەدراوە. تەنیا بەسە کە بەڕاستی بڕیار بدات کە چ کەسێک سەرۆک وەزیر بێت، یان دوو سێ کەسێک هەڵبژێرێت کە یەک لەوان بکاتە سەرۆک وەزیر و بەم کارە تەنیا ئەم ڕاستییە دەنوێنێ کە کەسێکی دیاریکراو کاندیدای ئەو حیزبەیە کە پرۆگرام و سیاسەتی گشتی، نیشانەی پشتیوانی کردنیەتی. بەڕاستی، تەنیا شتێک کە

ئەنجومەن لە بارەیەوە بڕیار دەداث ئەمەیە کە کام یەک لە دوو یان بەلانی زۆرەوە ئاقمێک لە خەڵک، دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە دەستەوە دەگرێث؟ راو روانگەی خودی حیزبی بڕیاردەر ئەوەیە کە کام یەک لە ئەندامەکانی بەرزترین ئاییەتمەندی و شایستەییان بۆ بەرپرسایەتی و بەڕێوەبەری هەیە. کار و کردەی ئەمڕۆیی یاسای بنچینەیی بریتانیا، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم چەشنە کارانە بە باشترین ئاستی شیاوی خۆیان بە ئەنجام دەگەن. ئەنجومەن هیچکاث وەزیرێک کاندید ناکاث، بەڵام پاشا سەرۆکی دەزگای بەڕێوەبەری بەپێی ویسث و داواو پێکهاتەی گشتی ئەنجومەن دەستنیشان دەکاث و وەزیرەکانی دیکە بە پێشنیاری سەرۆک وەزیر دادەنرێن، هەر وەزیرێک لە دیاریکردنی کەسانی شایستە بۆ مەقام و پۆستی کاتیی دەوڵەتی، بەرپرسیارێتی ئەخلاقی نەگۆڕێ هەیە. لە سیستەمی کۆماریدا، یاسا و رێوشوێنەکانی تر پێویستە، بەڵام لە کردەوەدا هەرچی بە شێوەی دێرینی بەریتانیاوە نزیکتر بێنەوە ئەگەری ئەوە هەیە کە زیاتر و باشتر کاربکاث. یان وەکوو کۆماری ئەمریکا، سەرۆکی دەسەڵاث و دەزگای بەڕێوەبەری دەبێ لەلایەن دەسەڵاتدارێکەوە هەڵبژێردرێ کە بە تەواوەتی جیاواز لە پەرلەمان و یان پەرلەمان دەبێ بە ناساندنی سەرۆک وەزیر قاییل و رازی بێث و ئەو بکاتە بەرپرسی هەڵبژاردنی هاوکاران و ژێردەستەکانی خۆی. من بەشداریی هەموان، لانیکەم لە دنیای تیۆریدا، بەسەر هەموو ئەم دەنگانەدا لەسەرتر دادەنێم و بە تەواوەتی لەبەرچاوی دەگرم، هەرچەند لە کردەوەدا مەیلێکی بەدەسەڵاث بە بەشداریکردنی هەرچی زیاتری رێکخراوە هەڵبژێردراوەکان لە وردەکارییەکانی کاروباری بەڕێوەبەریدا هەیە، چونکە لەسەر ئەم یاسا سەرەکی و گشتییە پێداگری دەکرێ کە خاوەندارترین دەسەڵاتی سیاسی هەرچی زیاتر لەو رادەیە کەڵکی لێ وەربگیردرێث، بەڵام بە لاڕێدا دەچێ

و ئەمە یەکێکە لە مەترسییە راستەقینەکان کە لە داهاتوودا هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراو لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێت.

بەڵام بە هەمان رادە دروستە (هەرچەند کە لە قۆناغی دواییدا دروستی و راستیی بەرەبەرە دەردەکەوێت) کە پەرلەمانێکی فرە ئەندام زیاتر بۆ کاری راستەوخۆی دۆخ و وەزعی یاساکان نەشیاوە، نەک بۆ کاروباری بەڕێوەبەری. دەگمەن کاری بەرچاو هەیە کە بە چەشنی دۆخی یاساکان پێویستی بەوە بێت کە نە تەنیا لە رێگای مێشکە تەیار و بە ئەزموون و شارەزاکانەوە، بەڵکو بەهۆی مێشک و ئەندێشەگەلێکەوە دابنرێت کە بە لێکۆڵینەوەی بـەردەوام و درێژخایەن و پڕ لە رەنج و سەختی، پسپۆڕیی پێویستیان بەدەستهێنابێت. ئەگەر هۆیەکی دیکە نەبێت، هەر ئەم هۆیە بەسە کە نە تەنیا کومیتە و لێژنەیەکی کەمینە ئەندام دەتوانێت بە شێوەیەکی باش و خوازراو یاساکان دابنێت و پەسەندیان بکات. هۆیەکی دیکە، بە ئاستی خۆڕاگری و نەگۆڕیی هۆکاری پێشوو، ئەو شتەیە کە هەر خاڵێکی یاسا دەبێ لەگەڵ وردترین و دووربینترین دەرک پێکردنی، کاریگەریی لەسەر خاڵەکانی دیکەی یاسا هەبێت و کاتێک یاسایەک داڕێژرا و پەسەند کرا، دەبێ بتوانێت لە کۆمەڵە و کۆکراوەیەکی یەکسان و لە پەنای یاسا پەسەندکراوەکانی پێشوودا دابنرێت. ناکرێ ئەم بارودۆخە بە هەموو ئاستێک لێک بدرێنەوە کاتێک یاساکان، بەند بە بەند لە پەرلەمانێکی پێکهاتوو لە نوێنەری خەڵکی جیاواز، بخرێنەوە بەردەم دەنگدانەوە. ئەگەر یاساکانی ئێمە، لەباری شێوە و پێکهاتەوە، وەک ئێستا کۆمەڵە یاسایەکی ئاڵۆز نەدەبوون کە لەرادەبەدەر نوێ نوێنی نەبێتە هۆی زیاد بوونی ئاڵۆزی و دژایەتییەکانی، نایەکسانی و ئاڵۆزیی شێوە و جۆری یاسادانان بیروڕای هەموانی بە تەواوەتی دەوروژانـد. سەرەڕای ئەمە ئەمڕۆکە، نەگونجاو

و ناشایستە بوونی سەرلەبەری دەزگای یاسادانانی ئێمە لەگەڵ ئاکامی کۆتاییەکەی، هەر ساڵەو زیاتر خۆی دەردەخات. تەنیا ئەوکاتەی پێویستە بۆ پێداچوونەوەی گەڵاڵەکان تەرخان دەکرێ و زیاتر لە پێشوو، لە هەرچەشنە کردەیەکی بنەڕەتی بە مەبەستی پەسەندکردنی یاسا، بێجگە لە بواری چاودێری و تاوتوێکردنی خاڵگەلی بەرباس و چوارچێوەدار پێش بە پەرلەمان دەگرێ. ئەگەر بێت و گەڵاڵە و بەرنامەیەک دابڕێژرێت کە دەبێ چاودێر بێت بەسەر هەموو باسەکەدا (نەکرێ جگە لە دۆخ و حاڵەتی گشتی بیخەینە بەرباس)، تەنیا بەو هۆیەی کە کاتی پێویست بۆ چاودێری و لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە لە گۆڕێدا نییە، لە کۆبوونەوەیەکەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە. گرنگ نییە کە گەڵاڵە لەوانەیە بەوپەڕی وردبینیەوە لەلایەن کەسانێکی جێگای باوەڕەوە کە لە شایستەترین کەسەکانن و بە کەڵکوەگرتن لە هەموو پێکهاتە و روانگەکان داڕێژرابێت، یان لەلایەن کومیسیۆنێکی هەڵبژێردراوەوە داڕێژراوە کە هۆکاری وەرگرتنی ئەندامەکانی ئاشنایەتییان لەگەڵ باس و تەوەردا بووە و ساڵانێک بە تێڕامان و راڤەکارییەوە بەتایبەتی کاریان کردبێت، ئەو گەڵاڵەیە پەسەند ناکریت، چونکە پەرلەمانی خەڵک لە ئیمتیاز و پوانی پڕبایەخی خۆیان بۆ پینەکردن و پاساو هێنانەوە ناڕوانێتە ئەزموونی شارەزایی و پسپۆڕی. ئەم شێوە باوە ئێستا هەتا رادەیەک جێگای خۆی کردۆتەوە کە کاتێک ناوەرۆکی گشتیی گەڵاڵەیەک لە خوێندنەوەی دووەمدا(10) پەسەند بکرێت، بۆ هەڵسەنگاندنی بیروڕاکان بسپێردرێت بە لێژنەیەکی هەڵبژێردراو، بەڵام نەبینراوە کە بەم چەشنە، بۆ پەسەندکردنی گەڵاڵە لە دانیشتن و کۆبوونەوەی گشتیی پەرلەمانی خەڵک، لە بەفیڕۆدانی کاتێکی زیاتر بەرگری بکرێت. خەیاڵ و فانتازیا یان بۆچوونی هەڵە کە لە بەرامبەر زانستدا شکستیان خواردوە، نابیت بەردەوام لە دادگای نەزانیدا،

دەرفەتی دیکەیان پێ بدرێت. بەڕاستی رەوش و شێوەی ئاماژە پێکراو لە بنەڕەتدا لە پەرلەمانی ئەعیان (نەجیبزادەکان)ەوە وەرگیراوە کە ئەندامەکانی لە بەراورد لەگەڵ پەرلەمانی خەڵکی ئاساییدا کەمتر مەیل و هۆگرییان بە بەشداری کردن هەیە و کەمتر لە بەرامبەر گرنگیی چاودێریی تاکەکەسیەوە هەڵوەستە و دژکـردەوە نیشان دەدەن. کاتێک گەڵاڵەیەک بتوانێت بە خاڵی زۆرەوە لە قۆناغی هەڵسەنگاندنی وردەکارییەکان تێپەڕ بکات، بە چ دۆخ و حاڵێکەوە لە ئەنجومەنی خەڵکی ئاسایی سەردەکەوێ! خاڵگەلێکی لێ سڕاوەتەوە کە بۆ کاریگەر بوونی بەندەکانی دیکە بوونیان پێویستە، بەندگەلێکی نەگونجاو لە گەڵاڵەکە نەگونجێنراون کە مەبەستیان تێرکردن و بەجێهێنانی هەندێک مەیل و ویستی تایبەتی یان ویستی نوێنەرێکی هەوەسباز و سەرسەخت بووە کە هەڕەشەی لە بەدواخستنی گەڵاڵەکە کردووە، بەندێک بە پێشنیاری کەسێکی بیرتەسک و خاو بە دەربڕینێکی سەقەت و ناتەواو لە گەڵاڵەکەدا گونجێنراوە کە بنەماکانیان، کەسان و لایەنگرانی دیکە لەکاتی هێنانەگۆڕێ تەوەردا لە پێشدا لەبەرچاویان نەگرتووە، کەوایە یاسایەکی سەقامگیر پێویستە بۆ پێداچوونەوە و راست کردنەوەی هەڵەکانیان کەلە کۆبوونەوەی دواتردا بخرێتە بەرباس. ئەمە یەکێک لە زیانەکانی شێوەی ئێستای بەڕێوەبردنی وەها کاروبارێکە، کە شرۆڤەکردن و دیفاع لە گەڵاڵەیەک و بڕگە جۆراوجۆرەکانی بە دەگمەن لەلایەن کەسێک کە زەین و ئەندێشەی جێگای ویستی ئەوانە بووە، لەوانەیە پێگەیەکی لە پەرلەماندا نەبێت، بە ئاکام دەگات. پشتیوانی لەوان دەکەوێتە ئەستۆی وەزیرێک یان نوێنەری پەرلەمان کەلە ئامادەکردنیاندا رۆڵیان نەبووە و بێجگەلە بابەت و تەوەرە بەرچاوەکان زانیاریی بێ بنەما و لەرزۆکیان خێرا بۆ هۆکارەکانی خۆیان کۆکردۆتەوە، کەسانێک کە لە خاڵە بەدەسەڵات

و زەقەکانی بابەتی بەرباس ناشارەزان و لە باشترین رێگای پشتیوانی کردنی نائاگان و لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رەخنە چاوەڕوان نەکراوەکان بە تەواوەتی دەستەوداوێن و پەککەوتەن. ئەم زیانە، لە پێوەندی لەگەڵ گەڵاڵە و پلانە دەوڵەتییەکاندا، بەرگرو دوورخەرەوەیە و لە هەندێ یاسای بنچینەیی حکوومەتە پەرلەمانییەکاندا بە ئیزندان بە دەسەڵات و دەزگای بەڕێوەبەری بە مەبەستی بوونی نوێنەری متمانە و جێگای باوەڕ لەلایەن خۆیەوە دەبێ لە هەرکام لە ئەنجومەنەکانی یاسادانانندا بەشداری بکات و خاوەنی مافی قسەکردن بێت، هەرچەند کە بەبێ مافی دەنگدان، پێشی پێگراوە و رەت کراوەتەوە.

ئەگەر ئەو زۆرینە بەرچاوەی پەرلەمانی خەڵکی ئاسایی کە هیچکات خوازیاری پێشنیاری گەڵاڵەیەک یان دەربڕینی بیروڕایەک نین، لەمەوبەدوا کاروبارەکان بەو کەسانەی کە وەها ویستێکیان هەیە نەسپێرن، ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە تێڕامان و هەڵوەستەیەک بکەن کە لە حاڵەتی گەڕان و پەیجۆر، بۆ داڕشتنی دەستوور، شایستەیی و توانایی باشتر لە ئاخاوتن و دواندەریی بێگرێ و هەروەها توانایی مسۆگەرکردنی دەنگەکان لە گۆڕێدا بێت، ئەوکات خێرا دەردەکەوێت کە لە داڕشتنی دەستور و هەروەها لە کاروباری بەڕێوەبەریشدا، تەنیا ئەرکێک کە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو دەتوانێت بە شایستەیی و تواناییەوە بەڕێوەی ببات، ئەنجامدانی کار نییە، بەڵکو پێکهێنانی زەمینە و دەرفەتی ئەنجامدانیەتی لەسەر دەستی خەڵکانیتر، ئەرکی دیاریکردنیەتی کە بە چ کەسێک یان بە چ جۆرە کەسانێک ئەو کارە بسپێرێ و ئەنجامی کارەکەش بخاتە بەردەم پەسەندکردن یان رەت کردنەوەی نوێنەرانی خەڵکەوە. لە جەوهەری پێکهاتەی هەر حکومەتێک کە شایستەی ئاستێکی بەرز لە ژیاری بێت، دەکرێت چەشنی رێکخراوێکی

گچکە بێت کە رێژەی ئەندامەکانی لە رادەی ئەندامەکانی کابینەیەک تێناپەڕێت، ئەم رێکخراوە بە ناوی کومیسیۆنی کۆکردنەوەی یاساکان (11) ئەرکی دیاریکراوی ئامادەکردن و نووسینی رەشنووسی یاساکان دەبێت. ئەگەر یاساکانی ئەم وڵاتە بخرایەتە بواری پێداچوونەوەوە، بە شێوەی کۆمەڵەیەکی بەرهەڤ بـەردەوام گۆڕانی بەسەردا دەهات، کە بێگومان بەمزوانەئەم گۆڕانەی بەسەردا دێت، کۆمیسیۆنی ئامادە و داڕێژەری یاساکان کە بەڕێوەبەری ئەم پرۆژەیە، دەبێ وەکو بونیاتێکی نەگۆڕ و پتەو بمێنێتەوە هەتا چاودێری بەسەر کارەکاندا بکات، لە هەڵە و بەلاڕێداچوون بەرگری بکات و لە کاتی پێویستدا رێگا چارەی بۆ بدۆزێتەوە. هیچکەس نایەوێت کە ئەم بنیاتە کومیسیۆنە خۆی چاودێری دۆخی یاساکان بکات، ئەم کومیسیۆنە تەنیا وێنایەکە لە توخمی زانیاری و ئەنجومەنی ئیرادەی گشتی لە پێکهاتنی یاساکاندا.

هیچ گەڵاڵەیەک یان پرۆگرامێک هەتا کاتێک بە تەواوەتی پەرلەمان پەسەندی نەکات، نابنە یاسا و ئەنجوومەنەکان یان هەرکام لەوان، نەتەنیا دەسەڵاتی رەتکردنەوەی گەڵاڵەی هەیە، بەڵکو دەتوانێت بۆ پێداچوونەوە یان رێفۆرم بیگەڕێنێتەوە بۆ کۆمیسیۆن. هەروەها هەرکام لە ئەنجوومەنەکان دەتوانن بە خستنە بەردەمی بابەتێک بۆ کۆمیسیۆن و دەرکردنی بڕیارگەلێک بۆ ئامادەکردن و داڕشتنی دەستورێک، داهێنان و نوێگەرایی بخولقێنن. روون و ئاشکرایە کە کۆمیسیۆن ئەم دەسەڵاتەی نییە کە لە هەوڵ و خزمەتی تایبەتی خۆی بۆ ئامادەکردنی هەرکام لە یاسا خوازراوەکانی وڵات خۆ ببوێرێت. بڕیارەکان بۆ رێکوپێک کردنی گەڵاڵە بە مەبەستێکی تایبەت، کە هەردوو ئەنجومەن هاودەنگ بن و رایان لەسەر بێت، بۆ ئەندامانی کۆمیسیۆن پێویستە، مەگەر ئەوەی کە وای بەباش بزانن لە پێگە و مەقامی

خۆیان بکشێنەوە، بەڵام کاتێک گەڵاڵەیەک ڕێکخرا، پەرلەمان دەسەڵاتی گۆڕینی نییە، بەڵکو تەنیا دەتوانێ پەسەندی بکات یان ڕەتی بکاتەوە، یان ئەوەی بەشێک لەو گەڵاڵەیە ڕەت بکاتەوە، یان بۆ دووبارە پێداچوونەوەی بینێرێتەوە بۆ کۆمیسیۆن. ئەندامەکانی کۆمیسیۆن لەلایەن پاشاوە دیارییان دەکرێن، بەڵام دەبێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت، بۆ نموونە پێنج ساڵ پلە و مەقامی خۆیان بپارێزن، مەگەر ئەوەی کە بەهۆی خراپەکاری و هەڵەی تاکەکەسی (وەکوو دادوەران) یان پشت کردن لە ڕێکخستنی گەڵاڵەیەک کە بڕیارەکەی لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرابێت، بەپێی پێشنیاری هەردوو ئەنجومەن لەسەرکار وەلا بنرێن. لە کۆتایی خولی پێنج ساڵەدا، ئەندامی کۆمیسیۆن دەبێ پلە و مەقامی خۆی وەلا بنێت، مەگەر ئەوەی کە دووبارە دیاری بکرێتەوە. ئەم تەکووزمەندییە لەبەر ئەوەیە کە ئەو هەلە بڕەخسێت، واتە کەسانێک کە شایستەی کارو ئەرکەکانیان نین، شوێن و مەیدان بۆ کەسانی تازەکار و بەتوانا و لاوتر چۆڵ بکەن.

زەروورەتی ڕێکخستن، هاوچەشنی ئەوەی کە باسکرا تەنانەت لە دیموکراسیی «ئەسینا»دا هەست پێکرابوو. لە بڵیندترین و بەرچاوترین ئاستی قۆناغی فـراژوو بوونیدا، «ئیکلیزیای» هەڵبژێردراو دەیتوانی «پسە فیزمەکان»(13) بەگشتی بڕیارگەلێک لەمەڕ تەوەرە ئاساییەکانی سیاسەت پەسەند بکات، بەڵام ئەو شتەی کە ناوی یاسای لێدەنرا دەکرا لەلایەن بنیات یان ئەندامێکی ترەوە دابڕێژرێت یان بگۆڕدرێت. ئەم ڕێکخراوە کە ساڵانە نوێ دەبـۆوە نێوی «نۆمۆتی(14)« بوو، کە یەکێکی تر لە ئەرکەکانی پێداچوونەوەی هەموو یاساکان و ڕاگرتن و پاراستنی هاوسەنگی نێوانیان بوو. لە یاسای بنچینەیی بریتانیادا داڕشتن و ڕێکخستنی هەر گەڵاڵەیەک کە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا نوێ بێت، زۆر ئەستەم و دژوارە، بەڵام بە

نیسبەت، بەدیهێنانی بەرەنجامی نوێ لە ڕێگای گۆڕین و دەستکاریی شێوە و فۆرم و نەریتە باوەکان، دژکردەوەی کەمتر دێنێتە ئاراوە. بەڕای من دەکرێت بە کەڵک وەرگرتن لە ئەنجومەن ڕێگاگەلێک بۆ کەڵک وەرگرتن لە یاسای بنچینەیی لەم گۆڕانکارییە بەربڵاوانە بدۆزرێتەوە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. کۆمیسیۆنی ئامادە و ڕێکخستنی گەڵالەکان لە یاسای بنچینەییدا شتێکی نوێتر لە لێژنەی چاودێری بەسەر یاساکانی هەژاران(15) یان کومیسیۆنی ئابڵۆقەکان (16) نییە. بەپێی بایەخ و سەنگی ئەم ئەرکە راسپاردەیە، ئەگەر بگونجێنرێ کە هەرکەس ببێتە ئەندامی کۆمیسیۆنی یاسادانان دەبێت بۆ هەمیشە ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیانیش مەگەر ئەوەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە لە ئەندامەتیی کۆمیسیۆنی ناوبراو لاببرێت. بگرە هەمان ئەو عەقڵە سەلیمە و باشی راو تەگبیر بێت کە ئەرکەکانی دادوەری ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیان بە کردەوە ئەسپێرێتە دادوەرە دەرەکییەکان(17)، دەنا کاری داڕشتنی یاسا (بێجگە لە نموونەگەلێک کە تێیدا ئوسووڵ و بنەما و بەرژەوەندیی سیاسی لە گۆڕێدا بێت، ئەسپێرێتە یاسادانەرانی پسپۆڕو شارەزا. هەروەها لەوانەیە گەڵاڵە پێشنیار کراوەکان لەلایەن ئەنجومەنی ئەعیان و هەروەها لەلایەن وەها کەسانێکەوە ڕێکبخرێت و دەوڵەتیش ئەرکی ڕێکوپێک و داڕشتنی گشت گەڵاڵەکانی خۆی بسپێرێتە ئەوان و ئەندامانی تایبەتی 18) ئەنجومەنی خەڵکی ئاسایی (عوام) نەختە نەختە هەستیان پێ کردبا کە ئەگەر لەباتی هێنانی هەر گەڵاڵەیەک و پێشکەشکردنی راستەوخۆی بە ئەنجومەن، بیانتوانیبا گەڵاڵەکە بدەن بە کومیسیۆن، هەم کارەکەیان ئاسانتر دەبوو و هەم پرۆژە و گەڵاڵەکانیشیان بە شێوەیەکی ئاسانتر لە لایەن ئەنجومەنەکانەوە پەسەند ئەکران. چونکە هەڵبەتە ئەنجومەن ئەو دەسەڵاتەی دەبێت کە نە تەنیا هەر بابەتێک،

بەڵکوو هەر پێشنیارێکی تایبەت یان ڕەشنووسی گەڵاڵە، کە هەرکام لە ئەندامان لە ئامادەکردن و دارشتنیدا بە مەبەستی پەسەندکردنی خۆی بە توانا بزانێت، بە تێروتەسەلی بۆ تاوتوێ و چاو پێداخشاندن رەت یان پەسەند بکات. بێگومان ئەنجومەنیش هەرکام لەم ڕەشنووسانە ئەسپێرێتە کۆمیسیۆن، بەڵام وەکوو مەسەلەیەک کە دەبێ کاری لەسەر بکرێت و یان بۆ بەکارهێنانی پێشنیارگەلێک کە لەوانەیە تێدا بێت دەبێ کاری تێدا بکرێت. هەر بەمپێیە، ئەنجومەن هەر گۆڕین و گۆڕانکاری، یان ناڕەزایەتییەک کە بە نووسراویک لەلایەن هەرکام لە نوێنەران و دوای هاتنە دەرەوە لە کۆمیسیۆن پێشکەش بکرێ، بە هەمان شێوە رەوانەی کۆمیسیۆنی ئەکات. گۆڕینی گەڵاڵەکان لە کومیسیۆنەکانی پەرلەماندا بە شێوەی فەرمی ناسڕدرێنەوە، بەڵکو بەهۆی نابابەتی و ویرانییەوە (متروکیت) رادەگیرێ، بە واتایەکیتر، بەڵکوو ئەم مافە پشتگوێ ناخرێ وەک مافی ڤێتۆی پاشا و مافی خۆدەربازکردن لە دابینکردنی پێویستی و ئەرکەکان و کەرەسەکانی دێرینی دیکەی ململانێی سیاسی لە زەڕادخانەیەکدا دەپارێزرێت، کەرەسەگەلێک کە هیچکەس کەیف و مەیلی بەکارهێنانیانی نییە، بەڵام لە هەمان حاڵدا لە خۆیشی دووری ناخاتەوە، نە وەکو جارێکی تر لەکاتی پێویستدا، بە کاری بێنن. بە وەها کارێکی لەبار و رێکوپێکەوە یاسادانەرێک پێگەی خۆی وەک کارێک کە پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی و خوێندنەوە و ئەزموونی پسپۆڕی هەیە مسۆگەر دەکات، لە هەمان حاڵدا گرنگترین ئازادیی خەڵک، یانی سازان و هەڵکردن لەگەڵ یاسایەک کە بە ناوبژیوانی نوێنەرانی خۆیان پێی رازی بوون، بە تەواوەتی ئەپارێزرێ و ئەگەر بێت لەو کوسپ و تەگەرە دژوارانە، بەڵام نەک بە شێوەیەکی ناچار، خۆی دەربازبکات کە ئێستا وەکوو یاسادانەرێکی ناشارەزا و ناعەقڵانی لەگەڵی دایە، بەها و بایەخێکی زیاتر

پەیدا دەكات. ئەركی سەرەكیی پەرلەمانێكی هەڵبژێردراو، چاودێری و هەڵسەنگاندنی كارەكانی حكومەتە نەك حكومەت كردن بە دەستی خۆی، چونكە ئەمە لە بنەڕەتدا نەشیاو و نابەجێیە، ئەركەكەی ئەوەیە كە كردەوەكانی حكومەت بخاتە بەردەم بیروڕای گشتییەوە، حكومەت ناچار بكات كە بۆ هەركام لە كارەكانی خۆی كە لە روانگەی خەڵكەوە جێگای پرسیار بێت، شیكردنەوە و پاساوێكی گونجاو بێنێتەوە، رەخنە لە كارە نابەجێیەكان بگرێت و ئەندامانی بەڕێوەبەریی حكومەت ئەگەر بێت و لە ئەمانەتی خەڵك كەڵك وەربگرن یان وای بەكاربێنن كە بە پێچەوانە و دژی شعوری ئاگا و بە خەوەری حكومەت بێت، لە پلە و مەقام وەلایان بنێت و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ كەسانێك بەجێی ئەوان دابنێت. ئەمە بێگومان دەسەڵاتێكی پێویست و گونجاو و پاڵپشتێكی لەبارە بۆ ئازادیی خەڵك. جیالەوە، پەرلەمان رۆڵێكی دیكەی هەیە كە گرنگی و بەهای ئەنانەت كەمتر لە بایەخی رۆڵی پێشووی نییە، ئەمەیە كە پەرلەمان هەم سەرچاوەی پێگە و تواناییەكانی خەڵكە و هەم تریبوون و جێگای رەنگدانەوەی بیروڕاكانیان، مەیدانێكە كە تێیایدا نە تەنیا رای گشتی خەڵك، بەڵكو هەر بەشێكی و هەتا ئەو جێگایەی دەلوێت بیر و بۆچوونی هەر تاكێكی شایستە و هەڵكەوتە كە شیاوی باسكردن بێت، دەتوانێت بیروڕای خۆی لەوپەڕی شەفافییەت و بە راشكاوی دەرببڕێت و تەوەری باس و دیالۆگ بكاتەوە، پێگە و شوێنێك كە هەر هاوڵاتییەك لەوێدا دەتوانێت بە هەستكردن بە توانایی و كەسایەتیی خۆی دڵخۆش بێت و پڕ بە توانایی و لێهاتوویی خۆی یان باشتر لەخۆی، بۆچوون و ئەندێشەی خۆی دەرببڕێت، نە تەنیا لە بەرامبەر دۆستان و لایەنگران، بەڵكو لە بەرامبەر دژو نەیاراندا ئەم كارە ئەنجامبدات و ئەزموونی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بیروڕای دژەبەر تاقی بكاتەوە، جێگایەك

کە تێیایدا ئەو کەسانەی کە روانگەکانیان لە بەرامبەر روانگەی کەسانی دیکەدا ئەسڕدرێنەوە و سەر ناکەوێت، لە گوێگرتن لە بیروڕاکانیان هەست بە خۆشحاڵی دەکەن، نە تەنیا لە رووی مەیل و ئیرادەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای هۆکارگەلێکی لۆژیک و ژیربێژی بیروڕای خۆیان وەلادەنێن و لە بەرامبەر نوێنەرانی زۆرینەی خەڵکدا ملکەچ دەکەن، جێگایەک کە لەوێدا هەر حزب و خاوەن روانگەیەک لە وڵاتدا دەتوانێت دەسەڵات و دەسەڵاتی خۆی کۆ بکاتەوە (پێگە و رەوشی خۆی بە دروستی هەڵسەنگێنێ) و لە هەر ترس و دڵەڕاوکێیەک بە نیسبەت رادە یان دەسەڵاتی لایەنگرەکانی خۆی دەرباز بکات، جێگایەک کە لەوێدا هەر روانگە و بۆچوونێک کە پێگەیەکی بە تواناو کاراتری لەنێو نەتەوەدا هەیە، خۆی وەک روانگەی پیرۆز و بەرچاو دەردەخات و بە دەسەڵاتی خۆیەوە لە بەرامبەر حکوومەتدا خۆی دەنوێنی. ئەگەر توانایی بەرچاو و چالاکیی ئەو روانگەیە دەنگی دایەوە، حکوومەت بە بێ کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵات و دەسەڵاتی خۆی ناچار دەبێت لە بەرامبەر باس و لێدوان و دیالۆگدا ملکەچ بکات، جێگایەک کە دەسەڵاتداران دەتوانن خۆیان، بە هۆکار و فاکتەری سەرتر و بەجێتر لە هەر هۆکارێکی تر، دڵنیا بکەن کە کام توخم و پێکهاتەی فکری و لێهاتوویی لەحاڵی گەشە و سەرهەڵدان دان و کامیان لەحاڵی کزی و نزمبوونەوەدان، بەم شێوەیە دەتوانن کارەکانی خۆیان، نە تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی پێویستییەکانی سەردەم، بەڵکو بەپشت بەستن بە بەریانە رواوەکان، فۆرم و بیچمی پێ ببەخشن. دوژمنان و نەیارانی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان زیاتر ئەو شوێنانە تەنیا بۆ قسەکردن و فرەوێژی لە قەڵەم دەدەن و بە گاڵتەیان دەگرن. مەخابن دەگمەن گاڵتە و بە هێند وەرنەگرتنی لەم چەشنە ناڕەوایە. من نازانم بە چ شێوەیەک پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو ئەتوانێت

کاریگەرییەکی بەسوودتر لە شوێنی قسەکردنی هەبێت لەوێدا کە تەوەری دواندن و ئاخاوتن، گەورەترین مەسەلە و بابەتی گشتیی وڵات و هەر دێڕێکی رەنگدانەوەی بیروڕای کۆمەڵێکی گرنگ و بەرچاو لە کۆمەڵانی خەڵک و یان روانگەی تاکێک بێت کە تاقمێک لە خەڵک بە نوێنەر و ئەمینی خۆیانیان زانیوە. شوێنێک کە لەوێدا هەر هۆگرێک یان روانگەیەک لە وڵاتدا بتوانێت تەنانەت بە هەستیاریشەوە، لە بەرامبەر حکومەت و هەموو هۆگری و روانگەیەکی تردا بێنە گۆڕێ و بتوانێت ئەوان ناچار بکات کە لە رێگای وتوویژ و دیالۆگەکەیانەوە یاساکان پەسەند بکرێن، یان هۆکارەکانی رەت کردنەوەی بە ڕوونی ئاشکرا بکرێت، وەها شوێنێک بەم ئەرکانەوە، ئەگەر هیچ مەبەستێکی دیکەی لەپشتەوە نەبێت، یەکێک لە گرنگترین رێکخراو و دامـەزراوە سیاسییەکانە کە دەکرێت لە وڵاتێکدا هەبێت و یەکێک لە بەرچاوترین قازانج و دەسکەوتەکانی حکومەت ئازادە. وەها «دواندەرییەک» ئەگەر ئیزنی وەرنەگرتبا کە پێشگیر و بەرەبەستی «کردە» بێت و ئەگەر پەرلەمانەکان بیانتوانیبایە و قبووڵیان کردبا کە قسەکردن و دیالۆگ کاری درووست و سەرەکیی ئەوانە و کردەوە و ( پراکتیک )یش، وەک بەرەنجامی باس و وتوویژەکان، کە نەتەنیا کاری پەرلەمانێکی پێکهاتەیی و تێکەڵاوە، بەڵکوو پیشەی خەڵکانێکی لێهاتوو و پسپۆڕە، هیچکات بە روانگەیەکی سووک لێیان نەدەڕوانی و رۆڵی شیاوی پەرلەمانێک، ئەوەیە کە کەسەکان بە شارەزایی و راستگۆیانە و بە وشیارییەوە هەڵبژێردرێن و بێجگە لە بواری فرەلایەنی رەخنە و پێشنیارەکان و قبووڵ و پەسەندکردنی ئەنجامی بیروڕای خەڵک، یان خۆبواردن لێی، وەک دەستێوەردانێکی دیکە لە کاری حکومەتدا سەیر نەکرێت. بەهۆی نەبوونی ئاست و سنووری عەقڵانیی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان هەوڵ دەدەن کارگەلێک وەکو: حکومەتکردن و داڕشتنی

یاسا کە لە توانایاندا نییە، جێبەجێ بکەن و هیچ دەزگا و دامەزراوەیەکی تر جگە لە ڕێکخراوی خۆیان بۆ زۆرینەی ئەو کاروبارانە سەرنەخەن، دیارە کە هەر کانژمێرێک کە بە قسە و ئاخافتن تێئەپەڕێت، کانژمێرێک لە کاری بەسوود و قازانج کەم دەبێتەوە. هەڵبەت ئەمە ڕاستییەکە کە ئەگەر بێت و بە باشترین ڕێکار وەها پەرلەمانێک شایستەی کاری «لێژنەی داڕشتن و نووسینی یاساکانیان»(19) نەبێت، زیاتر لە هەر شتێکی تر ئەوان بۆ گێڕانی ڕۆڵی کارگەلی دیکە ڕەواییەتیان پێدەدات، بەو مانایەی کە ئەوان گروپێکی هەڵکەوتە لە باشترین مێشکە سیاسییەکانی وڵات نین کە ڕوانگەکانیان دەربڕ و ڕەنگدانەوەی تەواوی بیروڕای گشت خەڵک بێت، بەڵام کاتێک لە ڕێگای شایستەوە پێکهاتبن و داڕێژرابن، دەتوانن نموونەگەلێکی گونجاو بن لە ئاست و پێگەی جۆراوجۆر لە عەقڵی خەڵکی کە لە کاروباری سیاسیی خەڵکدا مافی دەنگدانیان هەیە. ڕۆڵ و ئەرکی ئـەوان ئەمەیە کە پێداویستییەکان باسبکەن، ئۆرگان و ناوەندێک بن بۆ ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازە گشتییەکان و دەرفەتێک بۆ هێنانە بەرباسی و ڕوانگە دژەبەرەکان لە بواری پرسی لاوەکی و سەرەکیی نەتەوەیی، بڕەخسێنن، هاوکات، لە ڕێگەی ڕەخنەوە یان لە ئاکامدا لە ڕێگای بەدەستهێنانەوەی دەنگی متمانەی لێپرسراوانی باڵادەست کە بەڕێوەبەر و لێپرسراوی کاروباری سیاسین، یان دەست نیشانکەری کەسانێکن کە وەها کارگەلێک بەڕێوە دەبەن، بخەنە ژێر لێکۆڵینەوە و چاودێرییەوە. ئەگەر تەنیا ڕۆڵی پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکان لەم چوارچێوە و سنوورە لۆژیکییانە لێک بدرێنەوە، قازانجی چاودێریی خەڵک لە پێوەندی لەگەڵ زەروورەتەکانی شارەزایی لە نووسین و داڕشتنی یاساکان و کاروباری بەڕێوەبەری، کە بەهایان لە چاودێریی خەڵک کەمتر نیە، ئیمکانی جێبەجێ کردنیان هەیە، (ئەم پێویستییانە هاوکات لەگەڵ

گەشەکردن و پڕژی و ئاڵۆزیی زیاتری کاروباری مرۆڤ بەها و بایەخیان زیاتر دەبێت). کۆی ئەم قازانج و سوودانە بەدی نایەت و نالوێت مەگەر ئەوەی کە رۆڵ و ئەرکی پێکهاتە و دامەزرێنەری قازانجەکان لە یەکتر جیا ببنەوە، دەبێ رۆڵی چاودێری و رەخنە لە رۆڵی تایبەتی دۆخی هەنووکەی کاروبار جودا بکرێنەوە، رۆڵی یەکەم و سەرەکی بسپێردرێتە نوێنەرانی زۆرینە(20)و رۆڵی دووەم و لاوەکی، لە بەرامبەر بەرپرسیایەتی جیدیی خەڵکدا، بخرێتە ئەستۆی کەمینەی پسپۆڕ و بە ئەزموون(21).

پێویستە کە باس و مەسەلەی پێشوو لەبارەی ئەو رۆڵانەی کە دەبێ بسپێردرێتە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی نەتەوەیی، بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ رۆڵ و ئەرکە گونجاوەکانی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی بچووکتر، واتە پەرلەمانە ناوچەییەکان لەبەرچاو بگیرێت. وەها توێژینەوەیەک بەشێکی سەرەکی و جەوهەرییە لەم نامیلکەیەدا، بەڵام هۆکارەکانی دواخستنی هەتا ئەوکاتە دەخوازێت کە دەستمان بە شایستەترین پێکهاتەی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی گەورە رابگات، پەرلەمانێک کە دەبێ لەباتی دەسەڵاتدارێکی دەست رۆیشتوو، بارودۆخی یاساکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵات بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

**سەرچاوە:**

کتێبی «چەند تێڕامانێک لە حکومەتی هەڵبژێردراو»

نووسینی: جۆن ستیوارت میل

وەرگێڕانی بۆ فارسی: د. عەلی رامین

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |